# خەرمانی خزمەت

## بیرەوەریی و دیدارەکانی شێخ بایز تاڵەبانی

## بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و رۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی راگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کۆنگرەی (ی. ن. ک) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی لەبەر رۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و رەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆک مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ک) و شۆڕشی نوێ و رۆڵی لە بوژاندنەوەو درێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

# خەرمانی خزمەت

## بیرەوەریی و دیدارەکانی شێخ بایز تاڵەبانی

ئامادەکردن و پێداچوونەوەی

هێمن کامیل ، بارام سوبحی

ناوی کتێب: خەرمانی خزمەت
بابەت: بیرەوەریی
ئامادەکردن: هێمن کامیل ، بارام سوبحی
پێداچونەوە: ئامادەکاران
دیزاین: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی کارۆ - سلێمانی
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم
ساڵی چاپ: ٢٠٢٥ ز
نرخ: ٥٠٠٠ دینار
زنجیرە: ٩٦/٥٦٠

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان
ژمارەی سپاردنی (٢١٠٥ )ی ساڵی٢٠٢٥ ی پێدراوە.

## روونکردنەوەیەکی پێویست

کەسایەتی ناسراو و دیاری بواری کارگێڕی و دارایی خوالێخۆشبوو شێخ بایز تاڵەبانی، یەکێک بوو لە مرۆڤە دەگمەن و دانسقەکانی نەک تەنها سەردەمی حوکمداریی و دەسەڵاتداریی کوردی، بەڵکو لە سەردەمی حکومەتی پێشوی عێراقیشدا بەهۆی ئەوەی کەسێک بووە کە بەوپەڕی بەرپرسیارێتیەوە ئەرکەکەی راپەراندوە و کەمتەرخەمی نەکردوە، هەرگیز هەوڵینەداوە جگە لەو موچەو پاداشتە فەرمیانەی هەیبووە دەست بۆ یەک دیناری کەرتی گشتی ببات و بۆ ئامانجی تایبەتی خۆی پۆستەکانی بەکاربهێنیت، بۆیە لەو راپۆرتە نهێنیانەی کە لە سەری نووسراوە تا ئەندازەیەکی باڵا وەسفی دەکەن و پێناسەی دڵسۆزی و پاکێتی دەکەن. هەر لەبەر ئەمەشە لە هەر شوێنێک کاری کردبێت، لە هەولێر بووبێت یان سلێمانی یاخود بەغداد یان شارەکانی خواروی عێراق، بە رێزەوە مامەڵەی لەگەڵ کراوە و پێگەیەکی تایبەتی هەبووە.

جگەلە ساڵی یەکەمی دامەزراندنی لە ساڵی (١٩٦٨)، تا کۆچی دوایی لە رێکەوتی (٢٠١٨/٦/٢١) لە بواری دارایدا کاریکردوە. واتە خوالێخۆشبوو لە ماوەی نزیکەی نیو سەدەدا سەربەرزانە ئەرکە داراییەکانی جێبەجێکردوە، لە کارمەند و فەرمانبەرێکی ئاسایی دەوڵەتەوە تا بوونی

بە وەزیــری دارایــی. ئـەگـەرچی خۆشـی لـە یـاداشـت و بیرەوەرییەکانیدا دان بەوەدا دەنێت کە ئەویش مرۆڤە و لەوەیە هەڵەی کردبێت.

ئەوەی لەسەر ئێمە بووە لە ئامادەکردنی ئەم پەرتوکەدا و گەیشتنی بە چاپ و بڵاوکردنەوە چاککردنی هەڵەیەکی تایپ یان زمانەوانیە ئەگەر هەبووبێت، ئەمە جگەلەوەی کاک شێخ بایز هەموو بیرەوەرییەکانی بە شێوەیەک نوسیبوو کە پۆلێنبەندی قۆناغەکانی ژیانی نەکردبوو، بەڵام ئێمە بەپێی رووداوەکان سەرجەم یادەوەرییەکانمان دابەشکرد، بۆ هەر قۆناغ و رووداوێکیش ناونیشانێکمان لە نووسینەکانی خۆیەوە دەرهێنا و کردومانە بە ناونیشان تاوەکو بۆ خوێنەر روونتر بێت.

بە سوپاسەوە رۆژنامەنووس کاک (سەرتیپ جەوهەر) دەقـی ئـەو چاوپێکەوتنەی بۆ ناردین کە بۆ رۆژنامەی کوردستانی نوێ لەگەڵ کاک شێخ بایزدا ئەنجامی دابوو.

بەکورتی ئەم پەرتوکە سێ بەش لەخۆدەگرێت، بەشی یـەکـەم یـادەوەریـیـەکـانـە، بـەشـی دووەم چاوپێکەوتنە رۆژنـامـەوانـیـەکـانـێـتـی، بـەشـی سێیەمی بـڵاوکـردنـەوەی کۆمەڵێک وێنەی قۆناغە جیاوازەکانی ژیانێتی.

بۆیە لەکۆتاییدا بەپێویستی دەزانین ئەوە بڵێین ئەمە چاپی یەکەمی ئەم پەرتوکەیە، داوا لە خزمان و دۆستان و

خوێنەران و هاوڕێیانی کاک شێخ بایز دەکەین هەر شتێکیان لایە لە نوسراو و هۆنراوە و بەڵگەنامە و چاوپێکەوتن، یان هەر شتێک لە یادەوەریی و هەڵوێستێک کە شایستەی بڵاوکردنەوە بێت، ئاگادارمان بکەنەوەو بۆمانی بنێرن، تاوەکو لە چاپی دووەمدا بڵاویان بکەینەوە، دەتوانن بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنەکانمانەوە بکەن.

**ئامادەکاران: هێمن کامیل: (٠٧٧٠١٥١٢٩٨٤)**

**بارام سوبحی: (٠٧٧٠٢٢٧٥١٧٧).**

## سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینمان بۆ هەموو ئەو کەس و لایەنانەی هاوکارمان بوون لە بەچاپگەیاندنی ئەم کتێبە و کۆکردنەوەیدا.

سوپاسی تایبەت بۆ بەڕێز فەهمی جەلال کە زۆر ماندووبوو لەگەڵمان بۆ ئامادەکردنی ئەم کتێبە، ماندوبوونی هەموانمان لەبەرچاوە.

## پوختەیەک لە ژیاننامەی
## شێخ بایز تاڵەبانی

* بایز سەعید محمەد عەبدولغەنی تاڵەبانی ناسراوە بە (شێخ بایز تاڵەبانی).

* شێخ سەعیدی باوکی شێخ بایز، لە ساڵی (١٩٠٤) لە گوندی خاڵەبازیانی لەدایکبووە، لە حوجرە خوێندویەتی، زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی بە باشی زانیوە، شارەزایەکی باشی لە ئاینی ئیسلامدا هەبووە، بەتایبەتی لە زانستی فەرموودەناسیدا (علوم الحديث). دەستی نووسینی شیعری هەبووە و شیعرەکانی بە نازناوی (خامۆش) لە رۆژنامەی (ژین) بڵاوکردۆتەوە. لە (١٢/تەمموز/١٩٩٠) کۆچی دوایی کردوە و لە گۆڕستانی تەنیشت تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکوک بە خاک سپێردراوە.

* دایکی شێخ بایز ناوی (فەهیمە شێخ قادر)ە و خەڵکی گوندی باوایە، هەر لە گوندی باوا هاوسەرگیریی لەگەڵ شێخ سەعید کردوە و لە شاری کەرکوک پێکەوە ژیاون.

* شێخ بایز لە ساڵی (١٩٤٤) لە گوندی (باوە)ی سەر بە ناحیەی لەیلانی پارێزگای کەرکوک لەدایکبووە. هەر لەوێ خراوەتە بەر خوێندن، ساڵی (١٩٥٦) لە کەرکوک درێژەی بە خوێندن داوە و لەوێ قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی تەواوکردووە.

* ساڵی (١٩٥٨) کاتێک خوێندکاری ناوەندی موسەڵڵا بووە لە کەرکوک، چۆتە ریزی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە.

* ساڵی (١٩٦٥) پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە.

* ساڵی (١٩٦٨) بە کارمەند لە شارەوانیی کەرکوک دامەزراوە.

* ساڵی (١٩٧٠) گواستراوەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئەشغالی هەولێر. هەمان ساڵ بووەتە لێپرسراوی لقی کەرکوکی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان.

* ساڵی (١٩٧٢) گواستراوەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئەشغالی کەرکوک.

* ساڵی (١٩٧٣) بووەتە لێپرسراوی لقی بەغدای یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی سکرتاریەت، هەر ئەو ساڵە لەگەڵ دارۆی شێخ نوری، عەبدولڕەزاق عەزیز میرزا، ئەنوەر قەرەداغی و جەمال حەکیم ئاغا بەشداریی لە فێستیڤاڵی جیهانیی لاوان لە ئەڵمانیای رۆژهەڵات کردووە.

* ساڵی (١٩٧٤) لە هەڵگیرسانەوەی شەڕی نێوان حکومەتی عیراق و شۆڕشی کورددا، پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردوە و بووەتە پێشمەرگە.

* دوای هەرەسی شۆڕش، گەڕاوەتەوە بۆ کەرکوک و

دوورخراوەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ڕێگەوبانی رومادی لە پارێزگای ئەنبار، لە کۆتایی هەمان ساڵ گواستراوەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەشغالی گشتی، ساڵی (١٩٩٠) گواستراوەتەوە بۆ ناسرییە.

* ساڵی (١٩٩١) گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و پەیوەندی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردووە.

* ساڵی (١٩٩٤) بووەتە ئەندامی کۆمیتەی پێنجی فەرمانبەران.

* ساڵی (١٩٩٥) بووەتە ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە.

* ساڵی (١٩٩٦) بە هەمان پلە بۆ مەکتەبی دارایی گواستراوەتەوە، لەهەمان ساڵدا بووەتە بەڕێوەبەری ژمێریاری لە بەڕێوەبەرایەتیی ئەشغالی سلێمانی.

* ساڵی (١٩٩٧) و دواتر رۆڵی گرنگ و بنچینەیی لە دامەزراندنی چەند دەزگایەکی داراییدا گێڕاوە، لەو ساڵەدا دەزگای چاودێریی دارایی ئیدارەی سلێمانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دامەزراند و بە پلەی سەرۆکی دیوانی دەزگاکە دەستبەکاربووە.

* ساڵی (١٩٩٥) دەزگای چاودێریی دارایی بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراندووە و هەر خۆی لێپرسراوێتیی گرتۆتە ئەستۆ.

* ساڵی (٢٠٠٢) بووەتە وەزیری دارایی و ئابووری لە ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها لە کابینەکانی پێنجەم و شەشەم و حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وەزیری دارایی بووە.
* ساڵی (٢٠١٤) بە پلەی وەزیر خانەنشین کراوە.
* رۆژی (٢٠١٨/٦/٢١) لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

جێگەی ئاماژەپێدانە بەدەر لە بواری کارگێڕی و دارایی، شێخ بایز دەستی نووسینی شیعری هەبووە، هەندێک لە شیعرەکانی کراونەتە گۆرانی، هەندێک لە شیعرەکانیشی لە بواری هەجودان. چاوەڕوان دەکرێت لە ئاییندەدا لەدوو توێی کتێبێکی سەربەخۆدا چاپ بکرێت. وەکو لە سەرەتادا باسمان کرد شێخ سەعیدی باوکی شێخ بایز شاعیر بووە، بۆیە لێرەدا وەکو نموونە دەقی دوو شیعری بڵاودەکەینەوە. بەهیواین لەئاییندەدا تەواوی شیعرەکانی کۆبکرێتەوە و چاپ بکرێت.

**با ژن سەربەست کەین لە شوکردنا**
**شوی نەوە دڵ لەگەڵ مردنا**
**هیچ خۆشتر نییە لە چاوی ژنا**
**با لە رەوشت کۆن رزگاریان بکەین**
**ژن بە ژن کردن کاری بەدفەڕە**
**دووییان ناسازێ چوارییان بەدترە**

کردن ئەم کارە دووای هەر شەڕە
با لە گۆڕینەوە رزگاریان بکەین
*    *    *    *
یەک ژن بخوازە ژینت پێویستە
دوو سێ و چوار ئەگەر دروستە
بە ئەمر دووەم لە یەک راوەستە
با وە (أن خفتم) رزگاریان بکەین

نموونەی شیعرێکی بە زمانی عەرەبی
یا مسلم هل تعلم معنی الایمان
الایمان بالله و الرسول و بالقرأن
بجنات الخلد و حورها و قصورها
بنار جهنم و الحساب و المیزان
من امن بهذه المعانی لایمکن
ان یخالف أوامر الرحمان
من صلی و صام و ضر و لم ینفع
لاشک فی حرمانه من الجنان
تصوم و تجوع ثلاثین یوما
و ذلک فی کل شهر من رمضان
لو کان للصلاة کلفة مال کالزکاة
لما صلیت طول الزمان

**الحج فرض على المستطاع مرة**
**و أنت تحج سبعا و ثمان**
**الحج الثانى للحسنات و ليس فرضا**
**و فى بلدك محتاجون الى الاحسان**

## دەستپێك

**مرۆڤ ناچار نییە حەقیقەت بڵێت، بەڵام ناچارە ئەوەی دەیڵێت حەقیقەت و راستی تێدا بێت.**

دکتۆر عەلی شەریعەتی

لەمێژە دەمەوێت قەڵەم بخەمە سەر کاغەز و سەربوردەی ژیانم بنووسم، بەڵام هەمیشە بە بیانووی ئەوەی کاتم زۆر بەدەستەوەماوە دوامخستووە، دواجار تێگەیشتم ئەو کاتانەی پێمانوایە کاتمان هەیە، زەمەن لە کورتی دێنێ و بێ ئەوەی بە خۆمان بزانین کات هێندە کورت دەبێتەوە, لەوەیە ئیدی دەرفەتێک نەمێنێت، هەربۆیە چیدی نامەوێت لەوە زیاتر دوای بخەم و لێرە بەدواوە، هێندەی یادەوەرییەکانم یارمەتیم بدەن و ئەوەی لە بیرم مابێت دەیهێنمە نووسین.

ئێستا لە وێستگەی لوتکەی تەمەنەوە دەڕوانمە پێدەشت و بناری ژیانی رابردووم، هەموو ئەو هەوراز و نشێوانە دەبینم کە پێیدا گوزەرمکردووە و خۆشی و ناخۆشی، تاڵی و سوێری، پێکەنین و گریان، تەنگانە و خۆشی و شین و شادی و زۆری دیکەش هاتوونەتە رێم، بەڵام هیچیان تا سەر بە پێوە نەوەستاون و هەریەک لەوانە هەر تاوێک خۆی گرتووە و نەماوە، لەگەڵ ئەوەشدا خۆم ماومەتەوە

و دەست و پەنجەم لەگەڵیاندا نەرم کردووە و لێڕاهاتووم، هەر لەبەرئەوە زۆر بە کەمی هەبوە لە ژیانمدا نائومێدبم، هیوابڕاو نەبووم و هەر ئەوەش هۆکاری سەرەکی بووە تا بەردەوام لە هەوڵدا بم بۆ ئەوەی بگەمە لوتکە, بەڵام کام لوتکە؟ لوتکەی ئاسودەبوونی ویژدانم.

خوێنەری بەڕێز:-

ئەوەی لە دووتوێی ئەم پەرتوکەدا دەیخوێنیتەوە، بە پلەی یەکەم بۆ هەر سێ کچەکانی خۆمم نووسیوە، تا لەوە تێبگەن باوکیان چۆن تەمەنی خۆی بەڕێکردووە و لەکوێدا هەڵەی کردوە و لەکوێشدا راست و قیت بۆتەوە، تا بزانن باوکیان هێندەی توانیبێتی هەوڵیداوە مرۆڤانە بژی، پاشان بۆ تەواوی ئەو کەسانەی کە دەیخوێننەوە و دەیانەوێت جامێک لە ئاوی ژیانم نۆش بکەن، بەڵام ئەوەش بزانن ئەوەی نووسیومە رۆمان یان چیرۆکی خەیاڵی و داستان و بابەتی ئەدەبی یان سیاسی نییە، بەڵکو بە زمانێکی زۆر سادە و ساکار هاتوومەتە قسە و سەرگوزشتەی ژیانم دەگێڕمەوە، هێندە سادە دەدوێم کە هەموو کەسێک لێم تێبگات و بزانێت چی دەڵێم چ دەنووسم، جا کەوابوو رەخنەی ئەوەم لێ مەگرن کە ئاخۆ بۆ لێرەدا وام نووسیوە یان بۆچی بەو جۆرەم نەنووسیوە.

شتێکی دیکە کە دەمەوێت ئاماژەی پێبدەم، من بەمەبەست نەمویستووە خۆم لە قەرەی هەموو شتێکی ژیانم بدەم، چونکە بەشێکی زۆری ئەو حەقیقەتانە تەنیا پەیوەست نین بە خۆمەوە و کەسانی دیکەش بەشدارن، ئەو مافەش بە خۆم رەوا نابینم تایبەتمەندی کەسانی تر بێنمە سەر قسە و باس، ئەوانیش دەتوانن ئەگەر ویستیان رۆژێک وەکو من باس و سەرگوزشتەی خۆیان بنووسن، ئەوە مافی ئەوانە نەک من.

لەهەمانکاتدا دەبێت خوێنەر ئەوەش بزانێت لەوەتەی فامم کردۆتەوە و ژیان دەرفەتی تێکەڵ بوون بە خەبات و تێکۆشان و بەگەڕخستنی تواناکانمی پێ بەخشیوم، هەمیشە و زیاتر وەک کەسێکی ئیداری کارمکردووە، نەک وەک سیاسیەک، هەر بۆیە ئەگەر لە زۆر شوێندا بەسەر باسە سیاسی و شیکارییەکانی هەلومەرجی وێستگەکانی ئەو کاتانەمدا تێپەڕیبم و بازمدابێت، هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە من زیاتر ئیداری بووم نەک سیاسی، هێندەشی لە تاقەت و وزەمدا بووبێت، تواناکانم لەو بوارەدا چڕکردۆتەوەو بێ سڵەمینەوە و دوودڵی خزمەتم بە گەل و نیشتمانی خۆم کردووە، جا چی وەک حیزبیەک، یان وەک کەسایەتیەکی گشتی حکومی.

بە بیرمدا نایەت بۆ ساتێکیش لەو ئامانجانەی کە

هەمبوون کۆڵم دابێت و نائومێد بووبم، خۆشم نازانم بۆچی زیاتر چێژم لەو ئیش و کارانە وەرگرتووە، کە کەسانی دی پێیانوابووە لە توانا و تاقەتی مندا نییە، سەرکێشیەکانم ئەوەی بۆ دەرخستووم هیچ کارێک لە دەستی مرۆڤ عاسی نییە ئەگەر ویست و ئیرادەی ببێت، بەردی سارد و گەرمی زۆرم هاتونەتە رێ، دەستم بە زۆر تەڵەی مەترسیداردا چزاوە، بەڵام رێم نەداوە تەسلیم بەو بارودۆخانە ببم، کاتێکیش دەسەڵاتم بووە و توانیومە لەسەر پێی خۆم بوەستم، لە خۆبایی نەبووم و سادەتر لە هەر کەسێکی ئاسایی ژیاوم، چارەی باق و بریقی هەڵخەتێنەری خلیسکێنەرم نەویستووە و حەزم بە شتێک نەبووە کە پێی بوترێ سەربار و زیادە، واتە بوون و نەبوونیان وەکو یەک بێت و تەنیا زیادەڕەویی و زێدە مەسرەفی بووبێت، رەنگە هۆکارەکەشی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە من کەسێکی ئیداری بووم، زیادەخوازیم واز لێ هێناوە و زیاتر حەزم بە ژیانێکی سادە بووە نەک ئاڵۆز، هەر بۆیە لە خۆشی و ناخۆشیدا بەرۆکی پێکەنینم بەرنەداوە و توانیومە خەندەش بخەمە سەر لێوی ئەوانەش کە پێیانوابووە کۆتایی هەموو مەسەلەکانە.

جێی شانازی خۆم و خێزان و مناڵەکانمە کە نەک هەر خیانەتم لە گەل و وڵات نەکردووە، بەڵکو بەدرێژایی ژیانم

بێ پسانەوە لە خزمەتی دۆزی ڕەوای گەلەکەمدا بووم و قوربانی زۆریشم لەو پێناوەدا داوە، قوربانی بە خۆم و خێزانم، قوربانییەک کە زۆرجار نزیکی لێواری مەرگی کردومەتەوە. ئەگەرچی بە تەواوی تیشکم نەخستۆتە سەر ڕووداوی تەواوی ساڵەکان، بەڵام بە مەبەست ئەو کارەم کردووە، چونکە زۆرجار وردی لە گێڕانەوە یەکسانە بە هەڵماڵینی نهێنی ئەوانی تر، وەک ئاماژەشم پێکرد من دەمەوێت تەنها لەسەر خوم بدوێم و قسە بکەم.

**بایز تاڵەبانی**
**هاوینی ٢٠١٦**

# بەشی یەکەم
# سەرەتای ژیانم

## سەرەتای ژیانم

بێ ئەوەی بە خۆم بزانم و پەی بە هەناسەکانی یەکەم و سەرەتای ژیان ببەم، لە پیرە پاییزێکی درەنگ وەختی ساڵی (١٩٤٤) لە گوندی باوای ناحیەی قەرەحەسەن لە ناوچەی لەیلانی سەر بە پارێزگای کەرکوک لەدایکبووم، واتە رێک ساڵێک بەر لەوەی جەنگی جیهانی دووەم کۆتایی پێ بێت، جیهانی ئەودەم سیخناخی جەنگ و هەرا و برسێتی بوو.

من چوارەمین منداڵی دایک و باوکم بووم، کە پێش من برایەکم و دوو خوشکم لەدایکبوون و دوای منیش خوشکێکی ترم لەدایکبوو، هەر هێندەی تەمەنم لە پێنج ساڵان رەتیدا، ژیانم تێکەڵ بە یارییەکانی ئەوکاتی منداڵانی ناوچەکانی خۆمان بوو، یارییەکانی ئێمەی منداڵی ئەو دەمانە بریتی بوون لە یارییەکانی "شەقان و قولان و هەڵماتێن".

من بۆ خۆم زۆرم کەیف بەو یارییانە دەهات، بە دەست خۆم نەبوو کە دەمزانی کاتی یارییە، حەجمینم نەدەما و دەتگوت کێچ کەوتۆتە کەوڵمەوە، زۆرجارانیش بۆ خۆم هاوڕێیانی ئەو دەمی منداڵیم کۆدەکردنەوە و دەمکردە بەزم و رۆژی خۆم، سادەیی ژیانمان هەمیشە بزەی دەخستە سەر لێومان، خۆزگە دەکرا هەر ئاوا منداڵ بوومایە.

کاتێک لە لوتکەی هەڵکشاوی ژیانمەوە دەڕوانمە پێدەشت و بناری تەمەنم، دەبینم بزە و پێکەنینێکی راستەقینە کە

لە دڵەوە هاتبێت، تەنها و تەنها هی سەردەمانی منداڵیمە، ژیان بۆ منداڵ دنیایەکی ئەوپەڕی ڕەنگاوڕەنگە، ڕەنگەکان خۆیانن و بێ خەوشن، گەڵای دارودرەختەکان، گژوگیا و هەردەویڵی دەشت و دەر، شینایی ئاسمان لە ڕۆژدا، شەوی ئەنگوستە چاوی زستان و بریسکانەوەی ئەستێرەکان لە شەوانی هاویندا، هەموو ئەو دنیا فراوانەن کە لە چاو و تێڕوانینی منداڵێکی هەرچەند لاسار و هاروهاجیش بێت، هێندە جوان و پڕ ڕەنگ و بێگەردن کە هیچ کەسێک نییە خۆزگە بەوە نەخوازێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی قۆناغی ژیانی. ئەوە جەنجاڵیەکانی ڕۆژگارن کە لە گەورەییدا ڕەنگەکانی ژیان کاڵ دەکەنەوە، بۆیە دەکرێت بڵێم ئەو سەردەمە خۆشترین سەردەمانی ژیانم بوو.

پێ بە پێ لە گەڵ سەردەمی منداڵیمدا گەشەم دەکرد. لە ساڵی (١٩٥٢) لە گوندەکەی خۆمان بۆ یەکەمجار خرامە بەر خوێندن، لە چاوی ئەودەمی مندا خوێندنگەکە زۆر گەورە بوو، بەڵام لە واقیعدا خانویەکی بچوک بوو کە تەنیا سێ مامۆستا ئەرکی فێرکردن و پێگەیاندنی ئێمەیان لە ئەستۆ گرتبوو، ئەوانیش هەریەک لە مامۆستایان "جەمیلە فەندی کە لە زاخۆوە هاتبوو، حەمیدە فەندی کە لە کۆیەوە هاتبوو، هەروەها فەیزوڵا فەندی کە خەڵکی کەرکوک بوو". سەرجەم خوێندکارانی قوتابخانەکە لە (٢٥)

کەس تێنەدەپەڕین، نزیکترین هاوڕێی ئەو کاتەم کوڕە خاڵێکم بوو بەناوی حەسیب کە بەداخەوە لە پۆلی سێی سەرەتاییدا بە نەخۆشیەکی کتوپڕ کۆچی دوایی کرد و جێی هێشتین، هەڵبەت مانای مەرگ و مردن بۆ منداڵێک لەو تەمەنەدا ئێجگار کارەساتبارە، بەتایبەت ئەگەر کەسی مردو هاوڕێشت بێت، کە ئەوە بۆ ئەو سەردەمە ناخۆشترین کارەسات بوو کە لە ژیانمدا رویدا.

## کەرکوك و خوێندنگەی جولەکەکان

بەهەرحاڵ، تاڵ و شیرین باش و خراپ، سێی سەرەتایم لە گوندەکەمان تەواوکرد. لە ساڵی (١٩٥٦)ماڵمان رۆیشتە شاری کەرکوک و لەوێ چومە خوێندنگەی (شۆڕیجە) کە بە خوێندنگەی جولەکەکان ناسرابوو، یەکێک بوو لە خوێندنگە کۆنەکانی شاری کەرکوک و لەوێ درێژەم بە خوێندندا.

بۆ منێک کە تا ئەو کات لە گوندێکی بچوکدا ژیا بووم، شار بۆ من دنیایەکی تر بوو، بەڵام هەر زوو لەگەڵ جیهانە فراوانترەکەی شاردا دەست و پەنجەم نەرم بوون و زیاتر و زیاتر پێی ئاشنا دەبووم، لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا زیاتر چاوانم بە دنیای دەوروبەری خۆمدا دەکرانەوە.

لەدوای تەواوبوونی خوێندنی سەرەتاییم لە خوێندنگەی

(شۆڕیجە) رووەکردە خوێندنگەی (موسەڵلا) کە قوتابخانەیەک بوو لە ناوچە تورکمانئشینەکانی کەرکوک و زۆرینەی خوێندکارەکانیشی تورکمان بوون.

لە پۆلی دووەمی ناوەندیدا بە هەمان شێوەی پۆلی سێیەمی سەرەتایی، کارەساتێکی دیکە لە ژیانمدا روویدا، کارەساتێک کە تائێستاش بیرم دێتەوە ئازارم دەدات، ئەویش مردنی هاوڕێیەکی ترم کە بە رەگەز تورکمان بوو. ئێمە هەموو بەیانیانێک بەیەکەوە بە ڕێدەکەوتین، بەداخەوە لە بەیانیەکی زوودا کاتێک دەچووین بۆ قوتابخانە لەنێوان من و خاڵۆزایەکمدا یەکێک لە هاوریێ نزیکەکانم بە ناوی "عەباس قادر" پاسێکی نەفەرهەڵگر لێیدا و زۆری نەبرد گیانی سپارد، لەراستیدا ئەو رووداوە خراپترین ئاسەواری بەسەر مندا بەجێهێشت.

## تێکەڵ بوون بە کاری سیاسی

هەر لەو رۆژانەدا شۆڕشی چواردەی تەمموز توانی کۆتایی بە سەردەمی رژێمی پاشایەتی لە عێراقدا بهێنێت و "عەبدولکەریم قاسم" بوو بە یەکەم سەرۆک کۆماری عێراق.

گۆڕانی سیستەمی سیاسی وایکرد کە پارتی دیموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی سیاسی کوردستانی بگەڕێتەوە

گۆڕەپانی سیاسی عێراق و چالاکیەکانی خۆی بە ئاشکرا ئەنجام بدات، ڕێکخراوەکانی سەر بەو پارتەش دەستیانکردە جموجۆڵ و کەوتنەخۆ، ئەوانیش لە یەکێتییەکانی قوتابیان و لاوان و مامۆستایان... هتد خۆیان دەبینیەوە.

بۆ منێک کە لەو دەمەدا لە سەرەتای قۆناغی لاوێتیدا بووم، جۆش و خرۆشی هەستی نەتەوایەتی هەر زوو سەرنجی بەلای کاری سیاسیدا ڕاکێشام، بۆ یەکەمجار لە ڕێگەی قوباد تاهیرەوە (بەرپرسی پۆلەکەمان بوو) تەقلی یەکێتی قوتابیان بووم و یەکەم وێستگەی سیاسیم هەر لەوێندەرەوە دەست پێدەکات. "شێخ محەمەد شاکەلی" بەرپرسی خوێندنگەی موسەڵلا بوو.

بارودۆخی سیاسی وایکردبوو کە کێبڕکێیەکی زۆر لەنێوان بەرەکاندا دروست ببێت، سەرئەنجام لەنێوان ئێمە و تورکمانەکاندا کێبڕکێ دروستبوو، هەر یەکێک لە ئێمە ئەگەر کەمێک پارەی پێبوایە، دەچوو ڕۆژنامەیەکی خەباتی دەکڕی و بە دیوی لۆگۆی خەباتدا دەیخستە گیرفانیەوە، لە بەرامبەر ئەوەدا تورکمانەکان ڕۆژنامەی بەشیریان دەخستە سەر گیرفانیان کە زمانحاڵی ئەوان بوو، ئەمە جگەلە کێبڕکێی نێوان یەکێتی قوتابیانی کوردستان و قوتابیانی عێراق (ئەوکات برادەرانی حیزبی شیوعی سەرپەرشتیان دەکرد) سەریهەڵدا، کێبڕکێکانیش زیاتر لە

بوونی ئەندامی زۆر و چالاكیدا خۆی دەبینیەوە.

چالاكیەكانی ئەو كاتە زێدەتر لە كۆبوونەوە و هەندێ ئاهەنگدا بوو، هەموو جارێك ئێمەیان بە پاسكیل دەبرد بۆ ناوچەیەك لە باكوری پارێزگای كەركوك كە پێیاندەگوت ناوچەی"یاروەلی" لەوێ هەموومانیان كۆدەكردەوە و كۆبوونەوەیان پێدەكردین، بە تایبەت كاك قوباد تاهیر خۆی سەرپەرشتی كۆبوونەوەكانی دەكرد، زۆربەی كۆبوونەوەكانیش لەسەر كورد و بابەتی كوردستانیبوونی كەركوك بوو، ئێمەش هەموومان هەستێكی زۆر تایبەتیمان بەرامبەر بەو بابەتە هەبوو، هەر لەبەر ئەوە بوو كە زۆر ئارەزووی ئەو كۆبونەوانەمان دەكرد.

بەهۆی ئەوەی خوێندنگەی (موسەڵلا) لە ناوچەی توركمانەكان بوو، بەڕێوەبەر و جێگری بەڕێوەبەرو زۆربەی مامۆستاو خوێندكارەكانی توركمان بوون، نەمتوانی لەوێ درێژە بە خوێندن بدەم، هەر بۆیە ساڵی (١٩٥٩) خوێندنگەیەكی نوێ كرایەوە بەناوی (ئیمام قاسم) ی ناوەندی لە ناوچەی كوردەكان كە بەڕێوەبەرەكەی ناوی (عەبدولرەحمان رەزا) بوو، كردنەوەی ئەو خوێندنگەیە زۆر دڵخۆشی كردم و كەیفم پێدەهات، راژەی خۆمم گواستەوە و لەو خوێندنگەیە وەرگیرام و درێژەم بە خوێندندا.

## خۆپیشاندانەکەی14 ی تەموزی 1959ی کەرکوك

دۆخی سیاسی ئەو کاتە لە کەرکوک وایکرد کە ململانێی نێوان نەتەوەکان قوڵتر ببێتەوە، بە تایبەت لەنێوان کورد و تورکماندا، ئەگەرچی پێشتریش ئەو ململانێیە بەدیدەکرا بەڵام دوای کودەتاکە زۆر تۆختر بویەوە، ئەوەش وایکرد کە رووداوەکەی ساڵی (١٩٥٩)ی لێ بکەوێتەوە.

لە ساڵیادی شۆڕشی عەبدولکەریم قاسمدا، تورکمانەکان رێپێوانێکیان لە شەقامی ئەتڵەسەوە بەو بۆنەیەوە رێکخست، لەو رۆژەدا من لە گەڵ باوکمدا چووم بۆ چایخانەیەک کە بە چایخانەی سیروان ناسرابوو، لەو کاتەشدا رێپێوانەکە گەیشتە سەر پردە کۆنەکەی کەرکوک، لەوێ تەقە رووبەڕووی تورکمانەکان دەستی پێکرد و زۆرێک لە خەڵکی ناو رێپێوانەکە کوژران، ئەوەش بووە هۆی پەرتەوازەبوونی خەڵکەکە و لەو کاتە بەدواوە بە تەواوی ناخۆشی و کینەبەرایەتی کەوتە نێوان کورد و تورکمانەوە.

تورکمانەکان لە رێگەی چەکی قەناس و بە شێوەی غافڵکوژی کوردەکانیان دەکوشت، ئەو رووداوانە ژیانی لەو شارە بەتەواوی تێکدا و دژوار کرد، بەتایبەتی ژیانی کورد و تورکمانەکان، من نەمدەزانی هۆکاری سەرەکی تەقەکەران چی بوو، کێ بوون ئەوانەی تەقەیان کرد،

بەڵام زۆربەمان وامان هەست دەکرد کە دەستێک ئەو بارودۆخەی خوڵقاندبێت، بەتایبەت گومانمان بۆ کۆمپانیا نەوتیەکان دەچوو، تا لەو رێگەیەوە دەرەنجامی کرێکارانی نەوت لەڕووی چەندێتیەوە لە ناوچەکەدا راست بکەنەوە.

## زیندانیکردنم بۆ ماوەی سێ مانگ

دوای ئەوەی درز کەوتە نێوان شۆڕشی کورد و حکومەتی عێراق، بارزانی جارێکی دی روویکردەوە شاخ، بەڵام ئێمە کە چەند کەسێک بووین لە خوێندنگەی ئیمام قاسم پەیوەندیمان بە یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە بەردەوام بوو، بەرپرسی ئەوکاتەی یەکێتی قوتابیان لەو خوێندنگەیە کەسێکی تێکۆشەر بوو بەناوی "عیزەدین قەرە محەمەد" کە دواتر لە ساڵی (١٩٦٣) دەستگیرکرا و لیستێکی ناوی یەکێتی قوتابیان کە ناوی منیشی تێدابوو، پێ دەگیرێت و زۆربەمان کەوتینە زیندانەوە، من بۆ ماوەی سێ مانگ لە زینداندا مامەوە و دواتر بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرام و جارێکی دی گەڕامەوەو درێژەم بە خوێندندا تا قۆناغی ناوەندیم تەواوکرد.

پاشان لە خوێندنگەی ئامادەیی (کەرکوک) دەستم بە خوێندن کرد. دوای تەواوکردنی پۆلی چواری ئامادەیی، برا گەورەکەم بەناوی "شێخ فایز" کە یەکێک بوو لە ئەندازیارە

کۆنەکان لە ساڵی (١٩٦٥) کرایە بەڕێوەبەری ڕێگاوبانی پارێزگای هەولێر، منیش لەگەڵیدا چوم بۆ هەولێر و لەوێ لە خوێندنگەی ئامادەیی "هەولێر" لە پۆلی پێنج دەستم بە خوێندن کردەوە. کە ئەو کاتە تەنها خوێندنگەی ئامادەیی بوو لە پارێزگای هەولێر، ئێستا کراوە بە بەشێک لە ئەنجومەنی وەزیران، لەو خوێندنگەیە چەندین بەڕێوەبەر گۆڕان و ئەوانەی کە لە یادم بێت و بیانناسم "عوسمان قۆجە قەساب، نەجمەدین موفتی، بورهان وەحید" بوون، "عوسمان قۆجە قەساب" بە ڕەگەز تورکمان بوو، هەمان ئەو بەڕێوەبەرە بوو کە لە خوێندنگەی ناوەندی "موسەڵڵا" لە کەرکوک بەڕێوەبەرمان بوو.

## یەکەم ئەزمونی فەرمانبەریم

لە ساڵی (١٩٦٧) پۆلی پێنجی ئامادەییم تەواوکرد. لە ساڵی (١٩٦٨) بە بڕوانامەی پێنجی ئامادەیی دامەزرام (چونکە ئەودەم پۆلی پێنج دوا قۆناغی ئامادەیی بوو). بووم بە فەرمانبەری ڕێگاوبانی هەولێر و زۆری نەخایاند گواسترامەوە بۆ شارەوانی کەرکوک.

لە ساڵی (١٩٧٠) جارێکی تر گواسترامەوە بۆ ڕێگاوبانی هەولێر و چومە پرۆژەی هەولێر – ڕایات کە ئەوکات پرۆژەکە تازە دەستی پێکردبوو، زۆری نەبرد براکەم وەک

بەڕێوەبەری ڕێگاوبان ڕۆیشتەوە بۆ کەرکوک، هەمدیسان منیش ناچار باروبنەم پێچایەوە و لەگەڵ ئەودا جارێکی دی راژەی خۆمم گواستەوە بۆ کەرکوک.

هەر لەو ساڵەدا بەیاننامەی (١١ی ئازار) واژۆکرا و بووە خاڵی ڕێککەوتن لەنێوان حکومەتی عێراق و شۆڕشی کوردستاندا، ئەم ڕێککەوتنە بارودۆخێکی لەباری بۆ کوردەکان رەخساند، بە شێوەیەک خۆشی و شادی سەراپای وڵاتی داگرتبوو، جارێکی تر هەلومەرجی کارکردنی حیزبی لەگەڵ پارتیدا رەخسا و منیش بە سیفەتی ئەوەی دانەبڕابووم و لە ڕێکخستنە نهێنیەکان بووم، لەگەڵ تەواوی ڕێکخستنەکانی تر و هەتا دابڕاوەکانیش یەکمانگرتەوە، جارێکی دی چوینەوە ناوچەی پارتی لە کەرکوک.

بەرپرسی ناوچەی کەرکوکی ئەو کات "نەجیب حاجی سالّح" بوو، "عەزیز عەقراوی"یش کە کرابووە بەرپرسی لقی پارتی لە کەرکوک، رۆژێک ناردی بە شوێنمدا و پێی گوتم دەبێت بچیت لە لاوان کار بکەیت، منیش بە بەڵێ وەڵامم دایەوە، کاغەزێکی پێدام و چوومە لقی لاوان، پێش ئەوەی من بچم کوڕێک بەرپرسی لقی لاوان بوو بەناوی "ئەحمەد خدر" بەڵام لادرا و هاوڕێیەکی خۆمیان هێنا بۆ بەرپرسی لاوان بەناوی (عادل نیعمەت) ئەویش ماوەیەکی

کەم بەرپرسی لاوانی کەرکوک بوو، دواتر ئەویش لابراو لە لقی پارتیەوە داوایان لە من کرد ببم بە بەرپرسی لاوانی کەرکوک، منیش رازی بووم و بەرپرسیاریێتی لقم وەرگرت، ئەو کاتە لقی لاوانی کەرکوک پێکهاتبوو لە:

| | |
|---|---|
| بایز تاڵەبانی | بەرپرسی لق |
| جەلیل میکائیل زەنگەنە | جێگری لق |
| جەلال نەریمان | ئەندام |
| عیزەدین محەمەد بەرواری | ئەندام |
| سەعید وەیس جاف | ئەندانم |
| هیجران ئیبراهیم | ئەندام |
| محەمەد رەشید | ئەندام |
| فاتیح سامی | ئەندام |

## یەکەم کۆنگرەی یەکێتی لاوانی کوردستان

سالّی (١٩٧١) بڕیاردرا کۆنگرەی لاوان ببەسترێت، چونکە تا ئەوکات گۆنگرەی لاوان نەبەسترا بوو، نەماندەزانی ناوی بنێین "کۆنگرەی تەئسیسی" یان ناوی بنێین "کۆنگرەی یەکەم". بڕیاردرا لە شارۆچکەی شەقڵاوە کۆنگرەکە ببەسترێت و هەر لەویّ ئەنجامدرا، ئەو کاتە کاک "سامی عەبدولرەحمان" سەرپەرشتی کۆنگرەکەی دەکرد.

لەو کۆنگرەیەدا مەکتەبی سیاسی لیستێکی دروستکرد، لیستەکەی مەکتەبی سیاسی زیاتر لەو کەسانە پێکدەهات کە جێگەی بـاوەڕی پارتی و مەکتەبی سیاسی بوون، ئەگەرچی لەو لیستەدا ناوی منیشی تێدا بوو، بەڵام من لەگەڵ هەردوولا ئاشنایەتیم هەبوو، (کە دەڵێم هەردوولا مەبەستم سەرکردایەتی پارتی و باڵی مەکتەب سیاسیە).

هەر لە سەرەتای کۆنگرەکەوە هەندێ کێشە هەڵتۆقین، بەتایبەتی لەنێوان ئەوانەی تازە هاتبوونەوە ناو لاوان و پارتی، ئەو کاتە برادەرانی پارتی دیموکرات پێیاندەگوتن "جەماعەتی ئیستیعاب یان جەلالیەکان" بـەداخـەوە ئەو حەساسیەتە هەر مابوو، دوای هێنانی لیستی مەکتەبی سیاسی دەرگـای خۆپاڵاوتنیش کرایەوە و گوتیان هەر کەسێکیش دەیەوێت خۆی هەڵبژێرێت و خۆی کاندید بکات، دوای ئەو بڕیارە کۆمەڵێک لە برادەرانی مەکتەبی سیاسیش خۆیان هەڵبژارد.

ئەو کەسانەی کە دەرچوون بریتی بوون لە "دارۆی شێخ نوری، شاسوار جەلال (شەهید ئارام)، کاک عەبدولرەزاق فەیلی"، من لەو کۆنگرەیە دەنگی پێویستم بەدەستهێنا و بوومە ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی، هەروەک بەرپرسی لقی کەرکوکی یەکێتی لاوان گەڕامەوە کەرکوک و ماوەیەک لەوێ کارمکرد.

لە کۆتایی ساڵی (١٩٧٢) بە هۆی تێکچوونی پەیوەندی نێوان مەلا مستەفای بارزانی و بەعسیەکان، بارودۆخی پارتی لە کەرکوک بۆ جارێکی دیکە کەوتە لێژی، لقی پارتی چووە گوندی (خاڵەبازیانی) و ئێمەش لەناو شاردا ماینەوە و ئیش و کارەکانی پارتی و رێکخراوەکانی دیکە زیاتر لە ئەستۆی ئێمە بوو، بەردەوام فەرمانی گرتنمان بۆ دەردەچوو، دەهاتن بە شوێنماندا. چەندین شەو لە بارەگای لاوان و قوتابیان دەماینەوە، بەتایبەتی من و زاهیر رۆژبەیانی کە ئەو کات بەرپرسی لقی قوتابیان بوو، شەوان پێکەوە دەماینەوە و نەماندەوێرا بچینەوە ماڵەوە، تا دوای چەند مانگێک دۆخەکە رووی لە باشی کرد و پەیوەندییەکان ئاسایی بوونەوە، دووبارە دەستمان کردەوە بە چالاکی لە لقی کەرکوک.

چالاکییەکانمان زیاتر هونەری و وەرزشی بوون، ئەو کات بۆ چەند چالاکییەک حاجی مەکی "عەلی ئەفەندی"مان هێنایە کەرکوک، پیاو راست بڵێت دەنگدانەوەیەکی زۆرباشی هەبوو، خەڵکێکی زۆر دەهاتن بۆ سەیری چالاکیەکانمان، جگەلەوەی چەندین خولی وەرزشیمان کردەوە، لقەکان بەگشتی پارە و نەسرییەیان نەبوو، هەر لەبەر ئەوەبوو کە دەمانویست ژمارەی چالاکییەکانمان زۆر بکەین.

لەو کارەشدا دووجار سودمەند دەبووین، یەکێکیان

ئەوەبوو کە ئەگەر تۆزێ رەزیلیمان بکردایە لە چالاکییەکە، هەندێک پارەمان بۆ دەمایەوە کە سەرکردایەتی پارتی بۆی سەرف دەکردین، سوودی دووەمیش ئەوەبوو کە لقەکەمان دەبووە خاوەنی زۆرترین چالاکی.

ئەوکاتە لیژنەیەکی هونەریمان هەبوو (مەهدی ئومێد) سەرپەرشتی دەکرد، هەروەک لیژنەیەکی بەهێزی وەرزشیمان هەبوو لە ناو کەرکوکدا، ئەوکاتە برادەرانی ناسراوی کورد (جەبار کوردی، غەنی کوردی) سەرپەرشتیان دەکرد، ئەوانە هۆکار بوون کە بەردەوام جێدەست و چالاکیەکانی لاوان لە کەرکوک دیارو بەرچاوان بن. بەم پێیە ساڵی (١٩٧٢) بۆ ئێمەی یەکێتی لاوان تژی لە چالاکی بوو.

## میهرەجانی لاوان لە بەرلین

بۆ ساڵی دواتر واتا (١٩٧٣)، بانگهێشت کراین بۆ میهرەجانی لاوان لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیای خۆرهەڵات، ئەو کەسانەی کە دەبوو بچین بۆ ئەو میهرەجانە، لە سکرتاریەتەوە بە دەنگدان هەڵبژێردران، منیش یەکێک بووم لەو ناوانە، هەڵبژێردراوانی کەرکوک بریتی بوون لە "بایز تاڵەبانی، جەلیل زەنگەنە، عیزەدین بەرواری" لە خانەقینیش بریتی بوون لە "محەمەد سایەخان، سەلاح حەسەن" لە بەغداد بریتی بوون لە "ئەنوەر عەبدوڵڵا، سەربەست

بامەڕنی، دارۆی شێخ نوری، عەبدولرەزاق عەزیز، کەمال عەزیز، جەمال عەزیز، عەبدولرەحمان گۆمەشینی، جەلیل عەبدولقادر کۆیی، عەبدولقادر عەلی مەردان" لە هەولێر بریتی بوون لە "ئیبراهیم شێخ حسێن، ئەحمەد شەریف، قادر محەمەد ئەمین، فەوزی حەریری، زاهیری بەرپرسی تیپی باواجی، وریا لە تیپی باواجی کۆیە"، هەروەها لە پارێزگای سلێمانی بریتی بوون لە "میرزا سدیق، جەمال حەکیم، هیوا سائیب، ئەنوەر قەرەداخی، ئەنوەر تۆفیق، ئەنجوم زوهدی، تریفەخان، ساکار خان، نەجات مەحوی، مەحمودی مەلا عیزەت"، ئەوانەی دهۆکیش بریتی بوون لە "محەمەد بامەڕنی، جانۆ شرین، سالح بێداوی"، ئەوانەی وەک نوێنەرانی لاوان رۆیشتین (٣٣) کەس بووین، بەڵام ئەوەندەی من ئاگاداربووم (٦٨) کورد لە میهرەجانەکەدا بەشداربوون کە بەشێکیان وەک نوێنەرانی حزبی شیوعی هاتبوون.

میهرەجانەکە حەڤدە رۆژ بەردەوام بوو، دەهۆڵ و زوڕنامان لەگەڵ خۆماندا بردبوو، ئەو هونەرمەندانەی کە زیاتر لەوێ بە ناوی کوردەوە چالاکیان دەکرد بریتی بوون لە "زاهیر بەرپرسی تیپی باواجی کۆیە، وریای تیپی باواجی کۆیە، جانۆ لە ناوچەی بادینان ئەویش بەس زوڕنای لێدەدا، هەروەها ئەنوەر قەرەداغی کە دەهۆڵی لێدەدا".

لەوێندەر گۆڕەپانێکی زۆر گەورە هەبوو کەپێیان دەگوت گۆڕەپانی (ئەلیکسەندەر پالاس) لەو گۆڕەپانە تەواوی هاتووان و ئامادەبووان خەریکی چالاکی گۆرانی و چەپڵە لێدان و هەڵپەڕکێ و سەماکردن بوون، بەڵام ئەوەی لەوێ بەلایانەوە سەیر بوو، زۆرینەی خەڵکی گۆڕەپانەکە دەهاتن بۆ سەیری دەهۆڵ و زوڕناکەی ئێمە، ئێمەش کۆمەڵێک دیاری زۆری وەک (جلی کوردی، کڵاش، مشکی، کڵاو) مان بردبوو، جگەلەوەش چەندین کۆڕ و کۆبوونەوەمان ئەنجامدا و هەموو ئەوانەی چوو بووین توانیمان رۆڵی بەرچاو ببینین، بەڵام بەتایبەتی برادەرانی سکرتاریەت و زێدەتریش (سەربەست بامەڕنی، دارۆی شێخ نوری، عەبدولرەزاق فەیلی) دەورێکی کاریگەریان بینی لە مەسەلەی ناساندنی کورد.

لەو باڵەخانەیەی لێی دەماینەوە لە بەرلین، بەشێکی بەشی خوێندکارانی ناوخۆ بوو، بەیانیەک هەستاین سەیر دەکەین نوسراوێکیان بە زمانی عەرەبی داکوتابوو، کە تیایدا نوسیبوویان "لاوانی عەرەبی دژی ئیمپریالیزمن"، لە پاڵیدا وێنەیەکی (ئەحمەد حەسەن بەکر)یشیان هەڵواسیبوو، بەرپرسی بەعسیەکان (نەعیم حەداد) و ئێمەش (عەبدولوەهاب ئەتروشی) و شیوعیەکان (عامر عەبدوڵڵا) بوو، ئێمە ئەو نوسراوەمان قبوڵ نەکرد و گوتمان دەبێت

لەجێی (لاوانی عەرەب) بنوسرێت (لاوانی عێراق) یان (لاوانی کورد و عەرەب)، چونکە ئێمە بەناوی عێراقەوە هاتووین، نوسراوەکەمان هێنایە خوارەوە و لەکۆتاییدا رێککەوتین بنووسین (لاوانی عێراقی) و هەستاین وێنەیەکی مەلامستەفامان لەلایەکی نوسراوەکە داو وێنەیەکی ئەحمەد حەسەن بەکریش لەپشتەوە.

جیا لە بابەتە جدییەکان، کۆمەڵێک حاڵەتی خۆشیش روویاندا، هەر یەکەم رۆژ کە گەشتینە ئەوێ و لە فڕۆکە دابەزین هەر هێندەی گەیشتینە بەشی ناوخۆیی لە شاری بەرلین کاک (مەحمودی مەلا عیزەت) بەرپرسی بەشەکەمان هات و گوتی: ئازارم زۆر زۆرە و سکم دەچێت.

بە منیان وت بچۆرە پرسگە و دەرمانێکی بۆ بهێنە، منیش بەپێی ئەو کوراسەی کە پێیان دابووین، وشە وشە رستەیەکم بە زمانی ئەڵمانی رێکخست و تێم گەیاندن کە کەسێکمان نەخۆشە و پێویستی بە دەرمان و چارەسەر هەیە، هاتمەوە سەرەوە و هێندەی پێنەچوو ئامبولانس گەیشت و مەحمودی مەلا عیزەتیان برد، ئیدی کاک مەحمودمان نەبینیەوە تا کۆتایی میهرەجانەکە، ئەنجا هێنایانەوە و لە فڕۆکەیان سەرخست.

هەر لە بەرلین لە کاتی نان خواردندا هەریەکە و سینیەکمان دەهێنا و هەر کەس بەدڵی خۆی خواردنی

هەڵدەگرت، لەکۆتاییشدا شەربەتێک یان بیرەیەکیان بۆ دادەناین، کاک "میرزا سدیق" کە لە وەفدی سلێمانی بوو کەسێکی تا بڵێی موسڵمان بوو، بە تورەییەوە وتی ئەمە چۆن دەبێت، ئێمە ئیسلامین و بیرە بەلامانەوە حەرامە و لە جیاتیان ئاومان بۆ دانێن، دیارە لەناو جەماعەتیش بیرەخۆر زۆر بـوون، بۆ بەیانیەکەی چوینەوە بۆ نان خواردن سەیر دەکەین بۆ دەرمانیش بیرەیان نەهێشتووە، رێک میرزا چۆنی وت، هەر بەو جۆرە ئاویان دانابوو، ئیدی بووە رۆژی رەشی بیرەخۆرەکان و لەگەڵ میرزا کردیانە جەنگی مەغلوبە.

زۆربەمان یەکەمین جارمان بوو سواری فڕۆکە بین، من و (جەمال ئاغا) لە تەنیشت یەکەوە بووین و لە پێشمانەوە (میرزا سدیق و هیوا سائیب) دانیشتبوون، ئەو کاتە وەکو ئێستا نەبوو، کە فڕۆکەکە هەڵدەستا کارمەندێک (نوقڵ)ی دەگێڕا، کاک (جەمال ئاغا) گوتی: میرزا گیان ئەوە نوقڵە بەڵام چنگی لێنەدەی دەنا حەیامان دەچێت. ئیدی لەسەر ئەو قسەیە بوو بەشەڕیان، پێموابێت شەڕەکەشیان زیاتر لە سەر ئەوە بوو کە ئێمە زۆر پێکەنین.

دوای تەواوبوونی میهرەجان ئێمە گەڕاینەوە عێراق، هەر یەکەمان چوینەوە سەر کاری خۆی لە شارەکان، من هەر لە کەرکوک بەردەوامیم دا بە کارەکانم.

رۆژێکیان لیژنەیەکی سکرتاریەت کە پێکهاتبوون لە "شاسوار جەلال "شەهید ئارام"، عەبدولرەزاق فەیلی، دارۆی شێخ نوری" سەردانیان کردین بۆ وردبینی سجلات و پشکینین، بۆ ئەوەی بزانن کارەکانمان چۆن بەڕێوە دەچێت. دواتر کۆبوونەوەیەکی گەورەمان لە هۆڵەکەی خوێندنگەی ئیمام قاسم بۆ رێکخستن و لەوێ وتار خوێندرایەوە و منیش وتارێکم پێشکەش کرد، کاتێک تەواو بووم کاک شاسوار وتی: بایز ئەم وتارە خۆت نووسیوتە؟ منیش وتم: نا خۆم نەمنووسیوە، هەموو ئەندامەکان بەیەکەوە نووسیومانە، دواتر دەستیانکرد بە پشکنین و وردبینی، زۆر لەکارەکانمان رازی بوون، چونکە تەواوی تۆمارەکان و بابەتی خەرجی کار و چالاکیەکانمان بێ کەم و کوڕی بوو. دوای سێ رۆژ گەڕانەوە بۆ بەغداد.

### لە لقی کەرکوکی یەکێتی لاوانەوە بۆ لقی بەغداد

کاک (شاسوار) ئەندامی سکرتاریەت بوو، لەهەمانکاتدا بەرپرسی لقی لاوانی بەغدادیش بوو، لقی لاوانی بەغداد یەکێک بوو لە لقە گەورەکان و کێشەکانی زۆر بوون، لەبەرئەوەی کۆمەڵێک ئەندامی زۆریان هەبوو، لە ناوچەکانی (کوفە، حلە، ناصریە) ئەوانیش زیاتر کوردە فەیلیەکان بوون، بەردەوام کێشەیان دەنایەوە، زۆرجار لە خەڵکیان دەدا و

کاتێکیش دەگیران پێناسی لاوانیان پیشانی پۆلیس دەدا، لە بەرامبەردا پۆلیس بەردەوام لقی بەغدای ئاگادار دەکردەوە، ئەوانیش زۆرجار بەو هۆیەوە ئیحراجی بەردەمی پۆلیس دەبوون، کاک (شاسوار)یش دەیویست خۆی لە بەرپرسی لقی بەغداد بکێشێتەوە و تەنها ببێتە بەرپرسی رۆشنبیری، زیاتر ئەو کاتەش سەرقاڵی خوێندنەوە و نووسین بوو لە رۆژنامەکان.

لە لقی کەرکوک کوڕێک بە ناوی (هیجران) کاریدەکرد، پۆستی بردبوو بۆ بەغداد و کاتێک گەڕایەوە پێی وتم: چیە بۆ خۆت هەوڵتداوە و بە ئێمەش ناڵێیت.!

منیش کە ئاگاداری هیچ شتێک نەبووم، قسەکەییم بەلاوە سەیربوو، دەستبەجێ پێموت: تێناگەم هەوڵم بۆچی داوە؟.

وتی: تۆ بوویتە ئەندامی سکرتاریەت و بەرپرسی لقی بەغداد و باسیشی ناکەیت.

منیش کە تا ئەو کات ئاگاداری وەها شتێک نەبووم، هەر هێندەم زانی هیجران ئەو فەرمانەی کە لە بەغداوە هێنابووی پێیدام و وتی: چۆنە تائێستا پێیان نەوتووی؟.

ئەو کاتەی فەرمانەکەی هێنابۆوە نزیکەی بیست رۆژ بوو فەرمانەکە دەرچووبوو، منیش بۆ بەیانیەکەی رۆیشتم بۆ بەغدادو پێموتن: قەیناکە منتان گواستۆتەوە بۆ بەغداد، هیچ نەبوایە ئاگادارتان بکردمایەتەوە، راستە ئەو کاتە ژنم

نەهێنابوو، بەڵام وەک گلەییەک پێموتن مەگەر ئێوە نازانن کە لەوەیە من ژن و ماڵم پێکەوە بنێم و دەبوو پرسێکتان پێکردبام, ئاخر کێ دەڵێ ئەو کارە بە من هەڵدەسوڕێ، راستە کە فەرمانبەرم، بەڵام لەوێ خۆ هیچ نەبێت کرێم نەدەدا و ئێرەش بۆ من بارودۆخێکی ناخۆشە..

وەک بڵێی قسەکان بێ سود بن، لە وەڵامدا پێیانوتم: پاساو نیە و دەبێت هەر لێرە ببیتە بەرپرسی یەکێتی لاوانی بەغداد، چونکە تازە فەرمانەکە دەرچووە و گەڕانەوەشی نییە.

سەرباری هەموو ئەوانەش لە هەردوو لقی بەغداد و کەرکوک (وتی وتی) ئەوە دروستبوو کە گوایە من تاڵەبانیم و جەلالیم، هەر بۆیە ئەوەیان بۆم کردووە، لەکاتێکدا من حەزم نەدەکرد بگوازرێمەوە، بەردەوام بە هەموویانم دەوت کە من دەمەوێت کوردانە کار بکەم، بەڵام ئەوان هەر لەسەر قسەی خۆیان بوون، بە هەرحاڵ وتیان برۆ بۆ لای "ساڵح یوسفی" کە ئەو کات سەرپەرشتی رێکخراوی لاوانی دەکرد و هاوکات ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیش بوو، کاتێک چووم زۆر رێزی لێنام و بەخێرهاتنێکی گەرمی کردم و وتی: دەزانم زەرەرمەند دەبیت و بارودۆخی دارایشت تێکدەچێت، بەڵام ئەم کارەش لە بەرژەوەندی حزب و لاوانە، منیش بە ناچاری قبوڵم کرد و وەک بەرپرسی لقی بەغداد

دەستبەکار بووم، لقی لاوانی بەغداد هەموو پارێزگاکانی خوارو و ناوەڕاستی لە سەربوو، لە هەر شارێکی خوارو و ناوەڕاست ئێمە ناوچەیەکمان هەبوو، جێگرەکەی من کە ناوی "مەجید خۆشناو" بوو، خۆی بەرپرسی ناوچەی پارتی بوو لە بەسرە، ئەو کات لقی لاوانی بەغداد پێکهاتبوون لە:

| | |
|---|---|
| بایز تاڵەبانی | بەرپرسی لق |
| مەجید خۆشناو | جێگر |
| جەمال عەزیز | ئەندام |
| ئەحمەد وەلی هیمەت | ئەندام |
| جەلیل قادر کۆیی | ئەندام |
| هاجی عۆدی شۆ | ئەندام |
| سوهەیل علی | ئەندام |
| ئازاد بەرواری | ئەندام |
| عەبدولرەحمان نەقشبەندی | ئەندام |

یەکەم کارم لە بەغدا ئەوە بوو بە ناوی تازەکردنەوەی ناسنامەکانیان کۆبوونەوەم لەگەڵ زۆرینەی ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقدا کرد و زۆربەی ناسنامەکانم گێڕایەوە و لە ئەندامەکانم وەرگرتەوە، چونکە وەک پێشتر ئاماژەم پێدا ئەوانەی خوارو و ناوەراستی عێراق زۆرجار

کێشەیان بۆ دروست دەکردین، جگە لەوەش سجلاتی ناوی لقم جارێکی تر ڕێکخستەوە.

هەر ئەو ساڵە کچێکی خۆمانم دەستنیشان کرد تا هاوسەرگیری لەگەڵدا بکەم، چەند کەسێکم لە خزمەکانمان ناردە داخوازی و ئەوانیش ڕازی بوون، دواتر بە فەرمی مارەم بڕی و کردمە دەسگیرانی خۆم، بە چەند مانگێک دوای ئەوە لە ناوچەی خاڵەبازیانی "مەسعود بارزانیم" بینی و منیان پێ ناساند، ئەوەشیان پێووت کە ژنم مارەکردووە، ئەویش لەبەرامبەر ئەوەدا خوا هەڵناگرێت دیارییەکی باشی پێدام، دواتر گەڕامەوە بۆ بەغداد و سەرگەرمی کارەکانم بووم.

زۆر بەخێرایی ساڵێکم لەوێ تێپەڕاند. ساڵی (١٩٧٤) بڕیاردرا کۆنگرەی دووەمی لاوان ببەسترێت، بەو هۆیەوە من و "عەبدولرەزاق عەزیز" دانراین کە سەرپەرشتی کۆنفرانسی شارەکان بکەین، دەستکرا بە کۆنفرانسەکان لە (کەرکوک، دهۆک، هەولێر) لە هەموو ئەو کۆنفرانسانەی من و کاک عەبدولرەزاق سەرپەرشتیمان دەکرد، لە زۆربەی ناوچەکان زۆر بە باشی بەڕێوەچوو، تەنها لە خانەقین نەبێت، چونکە لە خانەقین هەریەک لە (مەلا بەختیار، عیماد ئەحمەد، محەمەد سایەخان) لە کۆنفرانسەکەدا دەرچوون، دواتر ئەندامانی کۆنفرانسەکە هاتن و گوتیان: چۆن شتی

وا دەبێت، مەلا بەختیار لە سەربازی رایکردووە و یاسا ڕێگەی پێنادات، واتە سەربازی راکردوو ناکرێ ببێتە ئەندام و دەربچێت بۆ مەکتەبی تەنفیزی و سکرتاریەت و بەشداری کۆنگرە بکات.

منیش پێمگوتن: خۆتان دەنگتان پێداوەو دەرچووە "وەڵاهی" بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆم دەیبەم بۆ کۆنگرە، ئەوە بوو ئەوانم برد و چوینە کۆنگرە.

## کۆنگرەی دووەمی یەکێتی لاوانی کوردستان

لە هەولێر کۆنگرە دەستیپێکرد، ساڵح یوسفی کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو، هاوکات سەرپەرشتیاری یەکێتی لاوانیش بوو، هەر بۆیە سەرپەرشتی کۆنگرەکەی دەکرد و وتاری دەستپێکی خوێندەوە، دواتر "ئەنوەر عەبدوڵڵا" سەرۆکی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان وتاری خوێندەوە، چەند لایەنێکی دیکەش بەشداربوون لە خوێندنەوەی وتار لە کۆنگرەکەدا.

دوای خوێندنەوەی وتارەکان چەند لیژنەیەک پێکهێنرا، من کرامە بەرپرسی لیژنەی دارایی، سەربەست بامەڕنی سەرپەرشتی لیژنەی سکاڵاکانی دەکرد، شاسوار جەلال سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیری بوو، دارۆی شێخ نوری سەرپەرشتی لیژنەی رێکخستنی دەکرد، عەبدولرەزاق

سەرپەرشتی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەکرد.

ئێمە واتا ئەوانەی کە لە دەرەوەی هەولێر هاتبووین، شەوانە لە هۆتێل هەورامان دەماینەوە، دوای پێنج رۆژ لە گفتوگۆ پەیڕەو و پرۆگرام جارێکی تر نووسرایەوە، چونکە ئـەوەی پێشوو هەڕەمەکی نووسرابوو، لیژنەی نووسینەوەی پەیرەو و پرۆگرام "یەدوڵا کەریم و محەمەد بامەڕنی" بوون، هەر ئەوانیش زیاتر باسیان لە خاڵەکانی دەکرد، هەروەها چەند خاڵی پلەبەندی باسکرا.

دوای پێنج رۆژ لە گفتوگۆی کۆنگرە، بە ئامادەبوونی حاکم دەست بە دەنگدان کرا، دوای دەنگدانیش دەستکرا بە جیاکردنەوەی ناوەکان و ئێستاش لە دادگای هەولێر ئەو ناوانەی لە کۆنگرەکەدا بەشداربوون هەیە، من و کاک شاسوار جـەلال لە تەنیشت یەکەوە بووین ناوەکانمان دەنووسی، بیرمان نەبوو ناوی خۆمان بنووسین لەبەرئەوە لـە کـۆی (٨١) دەنـگـی ئەندامی کۆنگرە دەنـگـی یەکەمم بەدەستهێنا کە (٧٨) دەنگ بوو، ناوی خۆم و کاک (شەهید ئارام)مان لە دەست چوو، لەگەڵ کاک (کەمال عەزیز) ئەو کات لەسەر کێشەیەک بەینمان تێکچوو بوو، بەو هۆیەوە دەنگی پێنەدام، ئەگەرچی من دەنگم بـەودا، بـەڵام ئەو دەنگی بەمن نەدا، سەرئەنجام (١٨) کەس بووینە ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و دوای ئەوەش بەرەو بارەگاکەی مەلا

مستەفا بەڕێکەوتین، چونکە دەبوایە ئەوانەی کە دەردەچن بچین سەردانی بکەین، کاتێک گەیشتین لەوێ زۆر ڕێزیان لێگرتین و گفتوگۆمان کرد و وتیان: ئیتر نابێت بڕۆنەوە بۆ بەغداد، چونکە لەگەڵ حکومەتدا نێوانمان تێکچووە.

ئێمەیان ناردە بینای قوتابخانەی ناو کێڵەکان کە ئەو کات تازە دروستکرابوو، بارەگاکەمان لەناو قوتابخانەیەکدا بوو. باڵی مەکتەبی سیاسی زۆربەی زۆری سکرتاریەتی ئەوکاتەیان پێکدەهێنا، کە چوین بۆ بارەگای سەرکردایەتی ئەگەرچی ئەوان نەیاندەویست قسە بکەن، بەڵام بە شێوە و روخساریانەوە دیاربوو پێیان ناخۆش بوو، لەبەرئەوەی زۆربەی ئەندامانی دەرچووی کۆنگرەکە جەلالی بوون.

دواتر بارەگاکەمان گوازرایەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی چۆمان و ئەو بەڕێوەبەرایەتیە بوو بە بارەگای سکرتاریەت، کە لە کۆنگرە هاتینەوە تەنها مەکتەبی تەنفیزی هەڵبژێردرا و دەبوایە سکرتاریەت هەڵبژێرین، سێ جار چووینە مەکتەبی سیاسی هەڵبژاردنمان کرد، هەر سێ جارەکە ئەو کەسانە دەرچوون کە یەکەم جار دەرچوون، هۆکاری سێبارە کردنەوەی هەڵبژاردنەکەش ئەوە بوو کە سەرکردایەتی پارتی رازی نەبوو بە هەڵبژێردراوەکان، بەڵام دوای سێجار ناچاربوون رازی ببن، دوای ڕێکخستنی سکرتارییەت کەسێکیان هێنا بەناوی "شاخەوان نامیق" کە

خەڵکی سلێمانی بوو، ئەگەرچی تەنانەت ئەندامی لاوانیش نەبوو، بەڵام بەمەرکەزی کردیان بە سکرتێری لاوان و دواتر هەیکەلێکیان پێکهێنا کە پێکهاتبوون لە:

| | |
|---|---|
| شاخەوان نامیق | سەرۆک |
| بایز تاڵەبانی | ئەندام |
| سەربەست بامەڕنی | ئەندام |
| شاسوار جەلال | ئەندام |
| عەبدولرەزاق | ئەندام |
| سەلاح حەسەن | ئەندام |
| سەعید وەیس | ئەندام |

ئەمە لەکاتێکدا کە مەکتەبی سکرتاریەتی کۆن پێکهاتبوون لە:

| | |
|---|---|
| ئەنوەر عەبدوڵڵا | سەرۆک |
| یەدوڵڵا کەریم | جێگر |
| سەربەست بامەڕنی | سکرتێر |
| شاسوار جەلال | لێپرسراوی رۆشنبیری |
| دارۆی شێخ نوری | لێپرسراوی پەیوەندییەکان |
| بایز تاڵەبانی | لێپرسراوی دارایی و لیژنەکانی رێکخستن |
| عەبدولرەزاق عەزیز | ئەندام |
| قادر محەمەد ئەمین | ئەندام |

کەمال عەزیز ئەندام
عەبدولرەحمان گۆمەشینی ئەندام

دوای ئەوەش ئیدی نەگەڕامەوە بۆ کەرکوک و لەوێ لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا ماینەوە، تا رۆژێکیان ساڵح یوسفی کە ئەو کات ئەمین عامی وەزارەتەکانی داد و ئەوقاف بوو، ناردی بەشوێن کاک شاسوار جەلالدا، پێیگوتبوو دەبێت بێیت و لەلای ئێمە ببیت بە بەڕێوەبەری گشتی ئیدارە و دارایی لە هەردوو وەزارەت، چونکە کاک شاسوار دەرچووی ئیدارە و دارایی بوو، بەڵام ئەزموونی نەبوو لە کارەکەدا، ئەویش هات و بە منی وت: دەبێت لە گەڵمدا بێیت و کارێکیان هەیە بەڕێوەبەری ژمێریارییە، ئەگەر ئەوەم بۆ نەکەیت من هیچم پێناکرێت، منیش وتم: باشە.

## دەستبەکاربوونم لە دارایی داد و ئەوقافی سەر بە شۆڕش

لە داد و ئەوقاف لەگەڵ کاک شاسوار جەلالدا پێکەوە بووین، ئەو بەڕێوەبەر بوو، منیش بەڕێوەبەری ژمێریاری بووم، عومەر دەبابەش جێگری ئەمین عام بوو. بارودۆخەکە لەوێ زۆرباش دەگوزەرا، ئێوارانیش کە لە

دەوام دەگەڕاینەوە، لە لاوانیش پێکەوە کارمان دەکرد و بۆ شەویش دەچووینەوە بۆ مەکتەبی سکرتاریەت و لەوێ دەخەوتین، دواتر کاک شاسوار خانوویەکی دروستکرد و چووینە خانووەکەی و ماوەیەکیش لەوێ ماینەوە، خانوەکەی دوو هۆدە بوو، ئەو لەگەڵ خێزانەکەی لە ژورێکدا دەنووست و منیش لە ژورەکەی تردا، زۆری نەبرد منیش خانوم دروستکرد.

لەو سەردەمەی کە لە وەزارەتەکانی داد و ئەوقاف کارماندەکرد، لەو کاتەی کە چووین بۆ ناوچەی چۆمان، کاک (شاسوار) کاری باشی دەکرد، رۆژێکیان ناردی بە شوێنمدا و گوتی: بایز ئێمە هەمووومان پارەیەکی زۆر دەنێرین و دابەشی دەکەین بە سەر ئەو خوێندکارانەی دراساتی ئیسلامی کە لە سلێمانیەوە هاتوونەتە ناو شۆڕشەوە، لەهەمانکاتدا ئەو مامۆستا ئاینیانەی کە پێیان دەوترا (عولەما) هەر یەکێکیان مانگی دە دیناریان هەبوو، فەرمانبەرەکانی ئەوقافیش هەریەکەیان نیو موچەیان وەردەگرت، لیستی ئەو فەرمانبەر و مامۆستا ئاینیانەیان پێدام و وتیان ئەمانە موچە وەردەگرن، بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەکمان بۆ موچە پێکهێنا کە من سەر پەرشتیم دەکرد، هەر کاتێک سەردانی هەڵەبجە و ناوچەی هەورامانمان بکردایە، دەبوایە بە ئۆتۆمبێل بچوینایە ناوچەی (حاجی

ئۆمەران) و دواتر لەوێوە دەچووینە وڵاتی ئێران و هەر لە ڕێگەی ئێرانەوە بۆ سەر خاڵی سنوری باشماخ، ئەنجا لەوێوە بۆ هەڵەبجە و ناوچەی هەورامان و چوومە ناوچەی بیارە، لەوێ سەردانی بارەگای عولەماکانم کرد ئەو کاتە "مەلا عەلی هەڵەبجەیی" بەرپرسی ئەو بارەگایە بوو.

لەوێ دەستمکرد بە دابەشکردنی موچەکانیان، لەو کاتەشدا وردبینیم کرد لە لیستی (عولەما) و ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی سەر بە داد و ئەوقافن، تێگەیشتم کە زۆرێک ناوی وەهمی هەبوون مانگانە پارەیان وەردەگرت، بۆیە دوای وردبینیەکە، بڕێک پارە مابۆوە و لەگەڵ خۆمدا بردمەوە بۆ ناوچەی چۆمان و راپۆرتێکیشم نووسی بۆ ئەمینی عامی داد و ئەوقاف لە ڕێگەی کاک شاسوارەوە، ئەویش سوپاسی کردم و گوتی لێکۆڵینەوە دەکەین.

جارێکی تر سێ مامۆستای ئاینی بە جلی مەلایەتیەوە هاتبوون، داوای موچەیان دەکرد، منیش کاتێک سەیرم کردن پێموتن من بە چیدا بزانم ئێوە مەلان؟ دواتر لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە من پرسیارێکی دینیان لێ بکەم، منیش هۆکاری هاتنە خوارەوە (سبب نزول)ی ئایەتێکم لێ پرسین، بەڵام هیچیان نەیانزانی، زۆر داوای ئەوەیان لێکردم کە پرسیارێکی تریان لێ بکەم، بەڵام من رازی نەبووم، دوای ماوەیەک قسەکردن موچەکانم پێدان. ئەوەندەی لەوێ

کارمانکرد بڕێک پارەی زۆرمان بۆ شوڕش گێڕایەوە.

بەر لە هەرەس جارێکی دیکە بە کارێکی تر منیان نارد بۆ دەرەوە بۆ ناو ئۆردوگاکان، کارەکانم بە سەرکەوتویی بە ئەنجام گەیاند، کاتێک گەڕامەوە بەداخەوە هەرەسەکە دەستی پێکردبوو، هیچ شتێک وەکو خۆی نەمابوو، بارودۆخەکە بە تەواوی تێکچوو، شوێنەکانیشمان نەمابوون، لە حاجی ئۆمەران "حیکمەت عەقراوی"م بینی کە لای ئێمە کاریدەکرد، لێم پرسی چیتان کردووە و چی روویداوە؟ بۆی باسکردم و وتی: چەکمان نەماوە و شۆڕش هەرەسی هێناوە، تەواوی سەرکردایەتی و پلەدارەکان و زۆرێک لەو کەسانەی لێرە بوون رۆیشتونەتە ئێران.

منیش پرسیاری قاسە و پارەکانم کرد وتم: ئەی ئەو پارەیەی لەناو قاسەکەدا بوو چیتان لێکرد؟

وتی: پارەکەمان دابەشکرد لەناو خۆماندا.

منیش گوتم: باشە ئەی هیچتان بۆ من دانا؟

وتی: نەوەڵا ئەوان وتویانە حەزی لە رادیۆ و تەسجیلە، هەربۆیە ئەو تەسجیلەمان بۆ تۆ داناوە.

## ژیان لە دوای هەرەس (ئاشبەتاڵ)

ئەوکاتە من هیچ پارەیەکم نەبوو، بیرم لەوە کردەوە کە ئەو تەسجیلە بفرۆشم و پارەکەی هەڵبگرم، بەڵام کەس لێی

نەکرێیم و ناچار لەگەڵ خۆمدا دەمگێڕا، دواتر بڕێک پارەم قەرز کرد و چووینە بارەگای بارزانی لە شاری شنۆی وڵاتی ئێران، پرسیاری ئەوەمان کرد چی بکەین، ئەوانیش پێیانوتین ئێوە سەربەستن دەگەڕێنەوە یاخود دەمێننەوە.

من یەکێک بووم لەوانەی کە بڕیاری گەڕانەوەمدا، هەر ئەو کاتە مۆر و کەلوپەلەکانی یەکێتی لاوانم لە بارەگای بارزانی تەسلیم کردەوە و رادەستی کادرێکی پارتیم کرد بەناوی "مەلا گچکە" کە خەڵکی شەقڵاوە بوو. بەڵام لەوێ ئەوەی بەلای منەوە سەیر بوو، ئەوەبوو کە هەر کەسێک لە بارەگای بارزانی خۆی دەکرد بە ژورێکدا و پارەی وەردەگرت و دەڕۆیشت، بەڵام من یەک دینارم وەرنەگرت، چونکە لە رووم نەدەهات.

جارێکی تر هاتمەوە ناوچەی حاجی ئۆمەران و پارەی گیرفانم تەواو لە کزی دابوو، باش بوو کاتێک گەیشتمە سەر سنور، چەند خزمێکم هەبوو لە ناوچەی شەقڵاوە هاتنە سەر سنور بەشوێنمدا و لەگەڵ ئەواندا گەڕامەوە و هاتمەوە بۆ هەولێر.

لەڕاستیدا دەترسام چونکە بەرپرسی لاوان بووم دەموت ئێستا بانگم دەکەن، سەیرم کرد بۆدیی ئۆتۆمبێلێکی جۆری پیکاب دانرابوو لە ناوچەی حاجی ئۆمەران، منیش زۆر بێتاقەت بووم، چووم لەناو بۆدیەکەدا دانیشتم، کاتێک چاوم

کردەوە سەیر دەکەم پارێزگاری ئەو کاتەی هەولێر لەگەڵ ئەفسەرێکی عەرەبدا بەرەو رووم هاتن، راستیەکەی زۆر ترسام، دوای ئەوەی بەخێرهاتنیان کردمەوە، لێی پرسیم: کەی هاتویتەوە.

وتم: ئەمڕۆ هاتومەتەوە.

وتی: ئەی مەراسیمەکەتان تەواوکردووە.

وتم: بەڵێ هەموو مەراسیمەکەمان تەواوکردووە و چاوەڕوانی ئۆتۆمبێلین بمانباتەوە.

ئەو سەیری منی دەکرد و منیش زانیم بۆ قەڵەویەکەم سەیرم دەکات، لێی پرسیم عائیدونی؟

وتم: بەڵێ.

وتی: لە کوێ دەژیای؟

وتم: لە ئێران.

وتی: لە کوێی ئێران.

منیش هەر لە خۆمەوە گوتم: لە رەبەت بووم.

وتی: دەترسم باش تێریان نەکردبێتی برسیت نیە؟

منیش بە پێکەنینێک وەڵامم دایەوە، هەر زۆریش بەو حاڵە شوکر بووم، خوا خوام بوو بڕوا و لەکۆڵم بێتەوە چونکە وامزانی بۆ گرتنی من هاتووە.

دوای گەڕانەوەم بۆ هەولێر، هەمدیس چوومەوە بەڕێوەبەرایەتی رێگاوبان کە پێشتر لەوێ دەوامم دەکرد،

نووسراوێکیان بۆ کردم بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی لە بەغداد کە جگەلە من ناوی دوو کەسی تریشی تێدا بوو بەناوەکانی "محەمەد هاوار رەسوڵ، ئازاد خالید" لەوێشەوە وەڵامی ئەرێنی نووسراوەکەم هێنایەوە و جارێکی تر لە هەمان بەڕێوەبەرایەتی دەستم بە کارکردن کردەوە.

هەفتەیەک دوای ئەوە منیان کردە ژمێریار و دوای شەش رۆژ بە بڕیاری (قیادەی سەورە) گواسترامەوە بۆ ئەنبار، ئەگەرچی بەو گواستنەوەیە زۆر بێزار بووم، بەڵام بە ناچاری دەستبەکاربوم "موباشەرە"م کرد و دوای زیاتر لە سێ مانگ بڕیارێک دەرچوو، بەپێی بڕیارەکە دەمانتوانی خۆمان بگوازینەوە بۆ ناوچەکانی حوکمی زاتی، واتە هەریەک لە شارەکانی سلێمانی، هەولێر و دهۆک. بەڵام نەماندەتوانی بچینەوە کەرکوک، منیش لەبەرئەوەی کەسوکارم لە هەولێر بوون، وام بە باش زانی بڕۆمەوە بۆ هەولێر هەر بۆیە هەوڵی هەولێرمدا، بەڵام هەر ئەو رۆژە نامەیەکم لە "شەهید ئارام"وە پێگەیشت کە تێیدا نوسرابوو "پێم خۆشە بێیت بۆ سلێمانی و نەچیتە هەولێر، لەبەرئەوەی من ئێستا بە گرێبەست دامەزراوم لە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی سلێمانی و کاک سالاری برام بەڕێوەبەرمانە و پێم باشە بێیت بۆ سلێمانی".

من نازانم ئەو چۆنی زانیبوو کە بە نیازی هەولێرم بەڵام کاتێک نامەکەیم بینی، یەکسەر بۆچونی خۆمم گۆڕی و راژەی خۆمم گواستەوە بۆ سلێمانی.

## گەڕانەوەم بۆ سلێمانی

دوای تەواوبوونی کارەکان هاتمە سلێمانی، سەرەتاش چومە لای کاک سالار کە بەڕێوەبەر بوو، ئەویش منی نارد بۆ بەشی خۆیەتی، لەبەرئەوەی کە من خوێندنم بە عەرەبی تەواوکردبوو، ئەو کاتەش تەواوی نووسراوە فەرمیەکان بە عەرەبی دەنووسران، بەڵام فەرمانبەرەکان پێیان ناخۆش بوو، چونکە من عەرەبیەکەم باش بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەزموونی کارم هەبوو، بۆیە کە چومە خۆیەتی وتیان شوێنمان نیە، کەمێک بە توڕەییەوە هاتمە دەرەوە و برادەرێکم بینی ناوی (شێخ سەلاح بەرزنجی) بوو دڵنەوایی کردم و وتی پێم خۆشە بێیتە بەشەکەی من و لەوێ کار بکەیت. بەڵام کاتێک چومە ئەوێش بەرپرسەکەی قبوڵی نەکرد.

دواتر چوومەوە بۆ لای کاک سالار و پێموت: کاک سالار ئەوان قبوڵم ناکەن، دیارە پێیان خۆش نیە بچمە ئەوێ. ئەویش وتی: باشە تۆ خۆت فەرمانبەری ژمێریاریت برۆ بۆ ژمێریاری، ئەوکاتە ژمێریاری سێ فەرمانبەری

تێدابوو، ئەوانیش پێیان خۆش نەبوو کە لەوێ کار بکەم، زیاتر فەرمانبەرێکیان بە ناوی (مەلا غەریب) قبوڵی نەبوو، بە ناچاری جارێکی دی گەڕامەوە بۆ لای کاک سالار و ئەویش وتی: باشترین کار کە بۆ تۆم دۆزیوەتەوە ئەوەیە ببە بە بەرپرسی زەمان و خزمەتگوزاری.

وتم: باشە بەڵام ئەگەر قبوڵم نەکەن چی؟

وتی: ئەوان چەند فەرمانبەرێکن و تەنانەت خوێندەواریشیان باش نییە، تۆ ببە بە بەرپرسیان و زۆریش لە کاروباری زەمان دواکەوتوین و کارەکان بە خراپی دەڕوات، منیش چووم و کە بینیم شەش ئافرەت و کوڕێک بوون، کوڕەکە بەرپرسیاری ژورەکە بوو، دیاربوو زۆری پێ ناخۆش بوو کە چومە ئەوێ لەبەرئەوە منیش پێموت: من هاتووم دەمەوێت بژیم و تەنها دەمەوێت لێرە کاربکەم، نامەوێت ببمە بەرپرس و خۆت بەرپرس بە، دوای ئەو قسەیە رووی گۆڕا و دیاربوو پێی خۆش بوو، بەڵام رۆژێکیان کاتی دەوام کاک سالار ناردی بە شوێنمدا و وتی: بۆیە تۆم ناردە ئەوێ بۆ ئەوەی ببیت بە بەرپرسی ژورەکە.

منیش وتم: پێم خۆش نیە شوێنی یەکێکی دیکە بگرم.

بەڵام دواجار فەرمانی بەڕێوەبەری ژورەکەیان بۆ دەر کردم.

دوای جێگیربوونم لە بەڕێوەبەرایەتیەکە بۆ خەو و ئیسراحەت سەرەتا دەچوومەماڵی کاک شاسوار تا ئەو کاتەی شوێنم بۆ خۆم پەیداکرد لە هۆتێل خۆشناو.

ورده ورده دەستمکرد بە کارەکان و ڕۆژ بە ڕۆژ کاری باشترمان دەکرد، تا ڕۆژێکیان "سەلاحی شێخ عەلی" بانگی کردم و گوتی: راپۆرتێکت لەسەر هاتووە دەڵێن تۆ پیاوێکی موخەریب بوویت و بەرپرسیارێتیت هەبووە لەناو پارتیدا، ئێستاش بەرپرسی ئەو بەشەیت، بۆیە نابێت تۆ بەرپرسی ئەو بەشە بیت.

منیش وتم: وەڵاهی من داوای بەرپرسیم نەکردووە.

وتی: کاکە بەپێی ئەو راپۆرتەی لەسەرت نووسراوە ڕەنگە دەستگیریشت بکەن.

وتم: کێ نووسیویەتی.

وتی: ناوترێت.

بەڵام دواتر پێی وتم کە کێ راپۆرتەکەی لەسەر من داوە، ئەو کەسە ئێستاش لە ژیاندا ماوە و نامەوێت لێرەدا ناوی بڵێم، بەهەرحاڵ، لەبەرئەوەی "سەلاحی شێخ عەلی" زۆر هاوڕێی "هیوا سائیب" بوو، زۆری هەوڵیدا بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە چارەسەر بێت، تەنانەت بەرتیلیشی دابوو بە چەند کەسێک بۆ ئەوەی دەستگیر نەکرێم. هەرچۆنێک بوو بە هاوکاری هیوا سائیب کارەکە تێپەڕی و دەستگیر نەکرام.

دیسانەوە دەستمکردەوە بە کارکردن، هەستم دەکرد شێوازی کارکردن و کیتابی من لەگەڵ فەرمانبەرەکانی سلێمانیدا جیاوازی زۆر بوو، بەتایبەتی من نوسراوەکانم زۆر بە عەرەبی و جوانی دەنووسی، رۆژێک (مەلا غەریب و ئەحمەد عەزیز) رۆیشتبوون بۆلای کاک سالار و شکاتیان لێکردبووم، وتبویان بایز کتابەکانی شێواندووە و لە بەشی خوارەوەی نوسراوەکە دەنووسێت "مع التقدیر" کاک سالار بانگی کردم وتی ئەوە چیە دەینووسیت.

وتم: کاک سالار ئەوە ئوسوڵی نووسراوی فەرمییە.

وتی: وەڵا راست دەکەیت، دواتر فەرمانی دەرکرد کە لە سەر تەواوی نووسراوەکان بنوسرێت "مع التقدیر".

دوای چەند مانگێک لە کارکردن لەگەڵ هەموو فەرمانبەرەکانی ئەو بەرێوەبەرایەتیە بووم بە هاورێ و ئیدی کاتەکانم زۆر بەخۆشی تێدەپەڕاند، هەر لە شارەوانی سلێمانی مامەوە تاوەکو بووم بە ژمێریار و لە ساڵی (١٩٧٨)وە بوومە بەڕێوەبەری ژمێریاری.

من و کاک شاسوار لە یەک ژووردا بووین لە شارەوانی، رۆژێکیان کاک شاسوار زۆر بێ تاقەت بوو، دیاربوو شتێکی دەزانی، بەڵام بە ئێمەی نەدەوت. لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی دەکرد ئۆتۆمبێلێکی جۆری (پیکاب) هات لە ساحەی شارەوانی رایگرت و کاک شاسوار بە منی

وت: بایز ئەوە ئۆتۆمبێلەکەی عەبەی عەزیزە؟ (کەسێک بوو کاری مقاولاتی دەکرد).

وتم: نەوەڵا ئەوە چەند چەکدارێکی تێدایە و ئۆتۆمبێلی ئاسایشە. کاتێک ئاوڕم دایەوە کاک شاسوار دیار نەمابوو، منیش نەمدەزانی مەسەلەکە چیە، ئەو چەکدارانە هاتنە ژوورەوە و داوای شاسواریان دەکرد، پێمانوتن شاسوار لێرە نیە.

بەڕێوەبەر ناردی بەشوێن مندا و وتی: شاسوار لە کوێیە؟

منیش وتم: لەگەڵ ژمێریارەکەدا رۆیشتوون بۆ ئەوەی موچە دابەش بکەن و نەهاتۆتەوە، خۆشبەختانە ئەو قسەیەی من کردم، فەرمانبەری پرسگەکەش هەمان قسەی منی کردبوو، نە من لەگەڵ پرسگەکەدا قسەم کردووە نە ئەویش لەگەڵ مندا قسەی کردبوو. دواتر چوون "ئیزبارە"کەی کاک شاسواریان هێنا و وێنەکەیان لێکردەوە و بردیان.

دوای رۆیشتنی ئەوان ئینجا زانیم ئەوەی کاک شاسواری رزگار کردبوو کەسێک بوو بەناوی "موستەفا غێدان" شۆفێری کاک سالار بوو، کاک موستەفا بردبووی بۆماڵی "هیوا سائیب" ئەو یەکێک بوو لەوانەی کە تا ئەو کاتەش مەیلی بەلای پارتیدا دەرۆیشت، ئەگەرچی شاسوار رێکخستنی کۆمەڵە بوو، بەڵام نە من و نە ئەو نەماندەزانی

شاسوار ڕێکخستنی کۆمەڵەیە، من ئەوەندەی دەمزانی کە لە ڕێکخستنێکدا کار دەکات. بەڵام ئەگەر هەر کارێکی بکردایە لە منی نەدەشاردەوە، چونکە متمانەی زۆری بە من هەبوو.

من زۆر بێتاقەت بووم لەوەی کە کاک شاسوار برادەری منە و لێی قەوماوە و منیش تازەم لە سلێمانی و ناتوانم یارمەتی بدەم، نەمدەزانی چی بکەم، بۆیە چوومە ژورەکەی "هیوا سائیب" وتم داخی دڵی خۆمی بۆ باس بکەم، کاتێک چوم سەیرم کرد هیواش نەهاتۆتەوە، ئەوەندەی تر بێتاقەت بووم. دواتر بانگیان کردم وتیان تەلەفۆنە و بانگی تۆ دەکەن، کە قسەم لەگەڵ کرد هیوا سائیب بوو وتی: بایز وەرە بۆ ماڵی ئێمە (ئێمە زۆربەی شەوان بۆ خواردنەوە دەچووینە ماڵی ئەوان) وامزانی هەر بۆ خواردنەوەی شەوانە بۆیە پێموت: بەخوا هیوا گیان تاقەتم نیە.

وتی: دە تۆ ئێستا وەرە.

منیش ڕۆیشتم و سەیر دەکەم شاسوار لەوێیە، دیارە وتبووی دەبێت بایز بانگ بکەن و بایز بەدیارمەوە بێت، چونکە هیوا سائیب هەموو ئێوارەیەک دەخواتەوە و ئاگای لەدنیا نامێنێت و دەخەوێت، ژنەکەشی پەرستار بوو لە نەخۆشخانەی منداڵبوون، کوڕێکی خاوەن پێداویستی تایبەتیشیان هەبوو، بۆیە منی هەڵبژارد، چونکە تەواو

متمانەی پێمبوو، شاسوار وتی: دەبێت بێیت و لە لای من بیت و پێکەوە بین و ئاگات لێم بێت، منیش وامدەزانی هەموو دنیا هی خۆمە کە شاسوارم بینیەوە. هەموو ڕۆژێک دوای دەوام دەچومەوە ماڵی هیوا و دەمبینی هەموو ڕۆژێک چەند گەنجێک دەهاتن بۆ لای شاسوار، منیش بە پێکەنینەوە هەموو جارێ دەموت "شاسوار گیان" بیکە لە ڕای خوا ئەو منداڵانە چین دێن بۆ ئێرە، ئەویش دەیوت: دە بڕۆ تۆ کەی لە دنیا تێگەیشتویت.

دەموت: من دەزانم تۆ ئێستا کارێکی دیکەت هەیە، کاکە لەچ ڕێکخستنێک کاردەکەی منیش لەگەڵ تۆدا کاردەکەم.

ئەویش بە پێکەنینەوە هەمووجار دەیوت: ئاخر تۆ بەکەڵکی ئەو کارە نایەیت، من ئیشی دیکەم پێتە و تۆ داخڵی ئەمانە نەبیت باشە، ئەگینا ناتوانیت خزمەتەکە بکەیت. هەزار ئەملاو ئەولای پێدەکردم، هەر مردم ئەوەندەی قرتاسیەی بۆ پەیدا بکەم، وەرەقەم دەهێنا و ئەو بەدەم جگەرەکێشانەوە هەر دەینووسی، جگەرەی زۆری دەکێشا و جاری وابوو تەنیا یەکجار شقارتەی دادەگیرساند، ئیتر جگەرە بەجگەرەی پێدەکرد. دەبوایە نیوەڕۆیان من لە بەڕێوەبەرایەتی بهاتمایەتە دەرەوە و نان بخۆم و نان بۆ ئەویش ببەم، خەڵکێکی زۆریش بۆ دەرزی لێدان هاتووچۆی ماڵی کاک هیوای دەکرد ئەو کێشەیەشمان هەبوو.

دوای مانگێک لە مانەوەی لەوێ، کاک شاسوار قەلەق بوو، وتی دەبێت لێرە نەمهێڵیت، بردمە ماڵی کچێکی پوری، دواتر لەوێشەوە چووە ماڵی لەتیفی شێخ عومەر، ئەمجا لەوێوە ئیتر ئاگام لێی نەما. دوا بەدوای هەفتەیەک ویستم سەردانی بکەم، پێیان راگەیاندم کە لەوێ نەماوە، زۆرم هەوڵدا شوێنەکەی بزانم، بەڵام کەس پێی نەگوتم، ئەگەرچی زۆر بێتاقەت بووم لە ونبوونی کاک شاسوار، بەڵام مرۆڤ لە گەڵ هەموو زەمەن و سەردەمێکدا رادێت.

## دەستپێکردنی ژیانی خێزانداری

دوای ماوەیەک چومە کەرکوک و دەستگیرانەکەمم گواستەوە، یەکەم جار کە خێزانەکەم هێنایە سلێمانی لە گەڕەکی عەقاری نیشتەجێ بووین، دوو ژورم گرتبوو لە سەربانێکدا و بارودۆخێکی زۆر خراپمان هەبوو، ناچار ئەوێم بەجێهێشت و چووم خانوویەکی دیکەم گرت لە نزیک گەراجی مەسڵەحە کە دوو ژورو هۆڵێک بوو، لەوێش خاوەنی خانووەکە وتی دەبێت بۆم چۆڵ بکەیت، دواتر چووم خانوویەکی دیکەم لە گەڕەکی حاجی کەریمی بێ کراس گرت مانگی بە (٣٠) دینار، خۆشم مووچەکەم مانگی (٥٣) دینار بوو، لە سەرەتای ژیانی هاوسەرگیریمدا بارودۆخێکی خراپم هەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی باوکم

بارودۆخی دارایی باش بوو، زۆری هاوکاری دەکردم تاوەکو مردیش هەر یارمەتیدام.

کارەکانم تا دەهات فراوانتر دەبوو، لەیەک کاتدا سەرپەرشتی کارەکانی بەڕێوەبەرایەتی خۆمان و زۆرینەی پرۆژەکانی دەرەوەی شاریشم دەکرد، رۆژێکیان چومە قەرەداغ و کەسێک هات کە من نەمدەناسی و وتی "کەسێک دەیەوێت بتبینێ".

کە چووم کاک شاسوار لەژێر دارێکدا دانیشتبوو، لەگەڵ یەکەم بینینەوە باوەشم پێداکرد و تێر ئەملاولای یەکمان ماچکرد، بەو بینینە زۆر خۆشحاڵ بووم، پێی وتم کارێکم هەیە دەبێت بۆم بکەیت و هەر لەبەرئەوەش ناردومە بەشوێنتدا، دەزانم بۆ تۆ ئیحراجیشە بەس لەبەرئەوەی تۆ ژمێریاری شارەوانیت و دێیت و دەڕۆیت و ئۆتۆمبێلی حکومەتت پێیە. من بیرم لەوە دەکردەوە کە ئامێری چاپی بۆ پەیدابکەم، بێ سێ و دوو گوتم: بە سەرچاو چیە.

وتی: قرتاسیەم دەوێت بەڵام خۆت بڕۆ بیکڕە.

گوتم: ئەوەشیان بە سەرچاو.

دواتر باسی چۆنیەتی رۆیشتنەکەی بۆ کردم و وتی تا گەیشتومەتە ئێرە (٣٦) ماڵم کردووە. دوای ماوەی کاتژمێرێک مانەوە لای ماڵئاواییمان لە یەکتر کرد و من هاتمەوە سلێمانی، زۆری نەبرد چاپگەرێکم بۆ پەیداکرد

و کۆمەڵێک کەلوپەلی قرتاسیەشم بۆ کڕی، لە دووەم سەفەرمدا بۆ قەرەداغ دامە دەستی.

سەردانەکانم بۆ لای بەردەوام بوو، هەر جارێکیش کە دەچووم کۆمەڵێک پێداویستیم بۆ دەبرد، تا رۆژێک وەک ئەوەی شکی کردبێت کاک سالاری برای ناردی بەشوێنمدا و پرسیاری شاسواری لێکردم، منیش پێموت نازانم لەکوێیە.

وتی: دەزانم کە تۆ ئەزانی لەکوێیە.

وتم: رەنگە بزانم بۆ؟

وتی: تۆ بڕۆ پێی بڵێ کەسێک هەیە لەم شارە دەریدەکات، بۆ چ وڵاتێک دەیەوێت دەیبات بە بێ ئەوەی هیچ کێشەیەکی بۆ دروست بێت و بۆ خۆی بژی تاوەکو ئەم بارودۆخە چارەسەر دەبێت. منیش چوومە قەرەاغ و پێموت: کاک سالاری برات وا دەڵێت.

وتی: بەهیچ شێوەیەک ئەوەم قبوڵ نیە و من دەبێت لەم کوردستانەدا بژیم و لە کوردستاندا شەهید بم و هەر بۆ ئەم خاکەش سەرم دادەنێم، دەستیکرد بە گیرفانیدا (پێنج دیناری) کاغەزی پێبوو، وتی: ئەوە هەموو سەرمایەکەمە و یەک دیناریشم لە کەس ناوێت.

منیش هاتمەوە و تەواوی قسەکانیم بۆ سالاری برای گواستەوە، پێموت رازی نابێت. پاش ماوەیەک کوڕە خاڵێکی کاک شاسوارم بینی کە ناوی (حەمە رەشید)ە،

بەڕێوەبەری ئاو بوو لە سلێمانی، لێم پرسی ئەرێ کاک سالار دەیوت کەسێک هەیە دەریدەکات لە کوردستان و بۆ هەر کوێیەک بیەوێت بێ کێشە دەیبات، ئەوە کێ بوو؟
وتی: رەفیق پشدەری بوو.

## شەهیدبوونی کاک ئارام

من بەردەوام بووم لە کارەکانم لە گەڵ کاک شاسوار تا کۆتایی (١٩٧٨). رۆژێکیان هەواڵی ئەوە هات کە شەهید بووە، من رەنگم پەڕی و قەڵەمی ئەژنۆم شکا، زۆری نەبرد کاک سالاری برای هات بۆ لام وتی برۆ سۆراغێکی بکە دەڵێن شاسوار شەهید بووە، منیش چووم لەوێ هەواڵەکەیان پشتراستکردەوە، بەدەم گریانەوە تا سلێمانی هاتمەوە و کە گەیشتمە لای کاک سالار دیاربوو هەواڵەکەی زانیبوو، منیش پێموت کە شەهید بووە زۆر گریام و زۆر نارەحەت بووین، تەنانەت ئێستاش کە بیر لەو ساتە وەختە دەکەمەوە بێتاقەت دەبم. تەواوی ئەو هەفتەیەم بە گریان و بێتاقەتی بەسەربرد لە ماڵەوە و لە دەوام و لە بازاڕ و تەواوی ئەو شوێنانەی دەڕۆیشتم پێمەوە دیار بوو، بەڵام کورد دەڵێ دۆستایەتی لەگەڵ مردوو ناگیرێت، هێواش هێواش دۆخەکە ئاسایی بووەوە.

## یەکەم خانوو لە توی مەلیك

لە ساڵی (١٩٧٦) خوا یەکەم کچی پێداین ناومان نا "ساکار" دوای ساڵێک لەو خانوە کە پێشەکییەکەم تەواوبوو، چووم کرێی بۆ بەرم وەرینەگرت، دەیگوت دەبێت چۆڵی بکەن، منیش چوومە دەوام پێموتن: یان دەبێت خانوویەکم بۆ پەیدا بکەن یان دەبێت بۆم بەکریێ بگرن، چونکە بەو بارودۆخە ناتوانم بژیم، بەڕێوەبەری بەشەکە برادەری خۆم بوو کاتێک خۆی پێکەوە خوێندکار بووین، خانوویەکی دامێ لە گەڕەکی تووی مەلیک، ئەو کاتە تاکە خانوو بوو لەو ناوچەیە. منیش لە خۆشی ئەوەی خانوم وەرگرتووە گوێم نەدا بە چۆڵی شوێنەکە و چومە خانووەکەوە. دوای ماوەیەک پێشمەرگە زانیان کە ئەوە ماڵی منە و منیش تاڵەبانیم، زۆرجار دەهاتن نانیان دەخوارد و خۆیان دەشۆرد و سەردەکەوتنەوە بۆ ئەزمەڕ.

## هاوکاریکردنی پێشمەرگە

شەوێکیان لە دەرگا درا کە کردمەوە سەیر دەکەم پێشمەرگەیە، هاتنە ژوورەوەو لێم پرسین نانتان خواردووە؟ وتیان بەڵێ تێرین، بەڵام دەمانەوێت چایەک بخۆین و خۆمان بشۆین. ئەوەندەی کە بیرمە شەهید بابە تاهیر و شەهید جەلالی حەمەی مەحە و چەند پێشمەرگەیەکیشیان

لەگەڵدا بوو، بەڵام ئەوان لە دەرەوە کەمینیان دانابوو، هێشتا چایەکەیان نەخواردبۆوە، لەناکاو یەکێک لە پێشمەرگەکان هاتە ژورەوە و سەری نایە بن گوێی کاک ئاراسی حەمەلاو، ئەوەندەی لێ حاڵی بووم کە وتی "ئێمە ئاشکرابووین و کەمینێک لەنزیک ئێمەیە، وا هەست دەکەم ئەوان ئێمەیان ئاشکرا کردبێت". هەر هێندەی وت و تەواوی پێشمەرگەکان لە دیوارەکانەوە خۆیان هەڵدایە ئەودیو، من و خێزانەکەم و ساکاری کچم و ناجی پورزام کە میوان بوو لە لامان، ماینەوە و ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە لە دڵە لەرزێدا بژین، چونکە وامان هەست دەکرد کە ئێمەش ئاشکرا بکەن و ئێمەش بەر لێپێچینەوە بکەوین، زۆری نەبرد هاتنەوە و (بە پێکەنینەوە) وتیان: کاکە هەر ئەوانەی خۆمان بوون جگەرەیان کێشاوە.

دوای چا خواردنەوە و خۆشۆردنیان، داوایان لێکردم تاوەکو فلکەی سجن بڕۆم کە نزیکەی سێ کلیۆمەتر لە ماڵی ئێمەوە دوربوو، تا بزانم ئۆتۆمبێلی ئەمن لەوێ هەیە یاخود نا، چونکە ئەوان بەنیازی چالاکیەک بوون بۆ لێدانی بارەگای جەیشی شەعبی، دوای کاتژمێرێک بەپێ گەڕامەوە و پێم راگەیاندن کە ئۆتۆمبێلەکەی لێ نیە، ئەوانیش بەرەو بارەگاکە رۆیشتن، زۆری نەبرد دەنگی تەقەکان دەبیسترا کە لێیاندەدان و دواتر بەلای ماڵی ئێمەدا و بەگۆرانی گوتن

سەرکەوتنەوە، گوتنی گۆرانیەکانیش ئاماژەیەک بوو بۆ من، تاوەکو پێم بڵێن سەرکەوتوو بوون لە ئەنجامدانی چالاکیەکەیان، بەڵام دوای ڕۆشتنیشیان من هەر لە دڵەراوکێدا بووم، ئەویش لەبەرئەوە بوو کە نەکا کەسێکیان گیرا بێت یان بە بریندارى بەجێمابێت، ترسی ئەوەشم هەبوو کە (نەکا یەکێکیان خۆی رادەستی حکومەت بکات و بڵێ شەوەکەی لە ماڵی بایز بووین).

بۆ بەیانی داوام لە خێزانەکەم کرد کە لە گەڵ منداڵەکەمدا بگەڕێنەوە بۆ کەرکوک، خۆشم جانتاکەم هەڵگرت و چوومە ماڵی هاورێکانم، تاوەکو نزیکەی هەفتەیەک بەم حاڵ و باڵە باینەوە کە زانیمان هیچ لە ئارادانیە خێزانەکەم و منداڵەکەم گەڕاندەوە و چووینەوە ماڵی خۆمان.

دوای چەند مانگێگ هەواڵم پێگەیشت کە شەهید بابە تاهیر و ئاراسی حەمەلاو خۆیان رادەستی حکومەت کردۆتەوە، لەدوای بیستنی ئەم هەواڵە دیسانەوە خێزانەکەم و منداڵەکەم ناردەوە بۆ کەرکوک و خۆشم جانتام هەڵگرت و بەرەو شارۆچکەی ڕانیە بەڕێکەوتم، لەوێ دڵە لەرزەو نیگەرانی سەرتاپای داگیر کردبووم، هەموو سەرە کاتژمێرێک چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد بێن و دەستگیرم بکەن، بە چەند رۆژێک دوای ئەوە ئاراسی حەمەلاو پرسیاری ئەوەی کرد کە من چی دەکەم لە رانیە؟

منیش پێموت: کە لە ترسی ئێوە هاتووم لەبەرئەوەی نەکا من ئاشکرا بکەن کە پاڵپشتی چالاکیەکانتان دەکەم. ئەویش وتی: بابە ئێمە ئەوەندە ناپیاو نین تۆ ئاشکرا بکەین، هۆکاری هاتنەوەشمان بە خۆشی خۆمان نەبووە بە پێچەوانەوە لەبەر بابەتێکی دیاریکراو بوو، دوای ئەوە جارێکی دیکە هاتینەوە بۆ سلێمانی و بە شادی لەگەڵ ماڵ و منداڵەکەی خۆم دانیشتمەوە.

## بوومە خاوەنی خانووی خۆم

ماوەیەکی زۆر لە خانووەکەی تووی مەلیک مامەوە. لەو خانووەدا لە ساڵی (١٩٧٨) خوا کچێکی تری پێ بەخشین و ناومان نا رۆژگار، خەڵکی ئەوکاتانە ئەو ناوانەیان بۆ منداڵەکانیان هەڵدەبژارد، واتای ئەو کەش و بارودۆخە بدات کە تیایدا دەژین، ئەو کاتە رۆژگار تەک و تەرای جێگایەکی دوورە دەستی دوور لە دراوسێی کردبووین. چونکە هیچ ماڵێک لە تووی مەلیک نەبوو تەنیا ماڵەکەی من نەبێت، حکومەتی بەعس نەیدەهێشت لەپشت شەقامی شەست مەتری هیچ جۆرە خانوویەک دروست بکرێت هەر بۆیە تەنانەت دراوسێشم نەبوو.

هەر ئەو سەردەمە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان منیان وەک ژمێریاری ناوچەکانی قەڵادزێ و رانیە و دوکان

دیاریکرد، بەهۆی ئیش و کارەوە زۆرجاران وا ڕێدەکەوت ئێوارانێکی درەنگ یان شەوان بگەڕێمەوە. بێگومان ئەم درەنگ گەڕانەوەیەم هەمیشە ترسی بۆ ماڵ و منداڵەکەم درووستدەکرد و ناحەقیشیان نەبوو، لەو چۆڵەوانییەدا هەر کەس بوایە دەترسا بەو هۆیەوە داوامکرد کە خانووەکەم بۆ بگۆڕن. لەو سەروبەندەشدا حکومەت نزیکەی چل خانووی دروستکردبوو بەسەر فەرمانبەرەکانیدا دابەشیدەکرد، بە هەوڵی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیەکەم و چەند برادەرێک یەکێک لەو خانووانە درا بە من لەنزیک دەروازەی سلێمانی کە تائێستاش هەر لەو خانووەدام و بە هەقی خۆم وەرمگرتووە، چونکە کاتی خۆی بە پارەیەکی کەم کە حکومەت لێی سەندین تاپۆی کرد لەسەرمان.

گەڕانەوەم بۆ ناو قەڕەباڵخی ئاسودەیی بۆمان هێناو ترس و دڵەراوکێی چۆڵێتی لەدڵماندا دەرکرد، ئیدی ئەگەر درەنگیش بکەوتمایە لە گەڕانەوە زۆر خەمم نەبوو، ئاخر ماڵ بە دراوسێ و ئاوەدانی دەبێتە ماڵ و مرۆڤیش بە تەنیا ناتوانێت هەڵکات. ئیتر لە باری ماڵ و منداڵەوە ئاسودە بووم.

## دۆلارەکانی حسێن

وەک ژمێریار چەند ناوچەیەکی دیکەشم هاتە ئەستۆ، هەر لە بەر هەندێ کەمتر دەکەوتمەوە بەڕێوەبەراتیەکەمان. رۆژێکیان کاتێک گەڕامەوە پێیان وتم کەسێک بە ناوی حسێن هەواڵی تۆی پرسیوە، زۆرم خۆ هێنا و برد، بیرم دەکردەوە ئەو حسێن ناوەم نەدەناسی. رۆژێک دوای ئەوە کاتێک چوومە دەوام دووبارە ئەو حسێن ناوە هاتەوە بانگی کردمە دەرەوە، دوای ئەوەی خۆی پێناساندم دەرکەوت کە نێردەی یەکێتی بوو، منیش دوای بەخێرهاتن وتم: فەرموو چیت دەوێت؟

وتی: بایز منیان ناردوە بۆ لات تا کارێکمان بۆ بکەی.

وتم: فەرموو کارەکەت چیە؟

وتی: بڕێک دۆلارمان هەیە دەبێت تۆ بۆمان بگۆڕیتەوە، چونکە ئێمە ناتوانین بیگۆڕینەوە لەگەڵ پارەکەشدا نامەیەکی هێنابوو.

منیش وتم: بۆ کێتە ئەم پارانە؟

وتی: بۆ یەکێتیمە و ئەوەش نامەیەکە بۆیان ناردویت.

دوای خوێندنەوەی نامەکە پارەکەم وەرگرت و پێموت بەیانی بۆتی دەگۆڕمەوە و وەرە و بیبە. ئەو رۆیشت و منیش چومە لای هاوڕێیەکم بەناوی "حەمەغەریبی قالە تەگەرانی"، بەشێک لە پارەکەم دایە و بۆمی گۆڕییەوە

و بەشێکی دیکەشم دایە هاوڕێیەکی ترم بە ناوی حەمە حسێن، بەشێکی دیکەی مایەوە. بۆیە منیش پارەکەم برد و چوومە لای کوڕێک بە ناوی دلاوەر لە بانک دەوامی دەکرد، ئەگەرچی زۆر لە نزیکەوە نەمدەناسی، بەڵام چووم و پێموت: بابەتێکی لەو جۆرە هەیە دەتوانیت پارەکانم بۆ بگۆڕیتەوە؟

ئەویش زۆر ئازایانە وتی: من یارمەتیت دەدەم لەبەرئەوەی بۆ ئەوانە.

دواتر هەموو پارەکانم کۆکردەوە و دامەوە بە کاک حسێن.

لەدوای ماوەیەک بۆ جاری دووهەم بڕێکی دیکە دۆلاری هێنا و وتی: ئەمەش ماوە. منیش ئەو جارە یەکسەر دۆلارەکانم دایە کاک دلاوەر و پێموت: بۆم بگۆڕەرەوە.

وتی: باشە بەیانی وەرەوە بۆی، کە بۆ رۆژی دواتر چوومەوە سەیر دەکەم بانک شڵەژاوە و قەرەباڵغیەکی زۆرە.

من بە ترسەوە چوم و وتم: چی بووە؟

وتیان: نازانین ئەمشەو کاک دلاوەر لە نادی دەرچووە و بەر فیشەکیان داوە و وەفاتی کردووە. هەر چەندە بیرم دەکردەوە و دەموت: ئەگەر ئێستا خۆشم بفرۆشم ئەو پارەیەم پێ پەیدا نابێتەوە و کەسیش بڕوام پێناکات،

نەمدەزانی چی بکەم ئەو بابەتەم لە ماڵی خۆشمان باس نەکردبوو وەکو شێتم لێهاتبوو. دواتر چوومە مەراسیمی بە خاک سپاردنەکەی کاک دلاوەر و لە دووەم رۆژی پرسەکەیدا کەسێک هاتە تەنیشتمەوە و وتی: کاکە ئامانەتەکە لە لای ئێمەیە و هیچ خۆت بێتاقەت مەکە. وتنی ئەو قسەیە لەو کاتەدا بۆ من گەورەترین دیاری بوو، بەڕاستی گەشامەوە، شەو ئەو کەسە پارەکەی بۆم گێڕایەوە و منیش زۆر سوپاسم کرد.

دوو رۆژ دواتر تەواوی پارەکەم دایەوە دەستی حسێن و تەواوی بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە و پێموت: کاکە رەنگە لەمەودوا نەتوانم ئەو کارە بکەم، چونکە ئەگەر حاڵەتێکی تر لەو جۆر روویدات ئەوا ناتوانم بۆتانی بگێڕمەوە، بۆیە مەمنون دەبم بیدەنە کەسێکی دی.

هیچ شتێک بە ئەندازەی ئەمانەت بۆم گرنگ نەبووە. بە درێژایی ژیانم هیچ خەمێک نەبۆتە هۆکار بۆ دابەزاندنی کێشم تەنانەت ئەم رووداوەی کە بەسەریشم هات وێڕای ئەوەی رەنگی پێ نەهێشتبووم، بەڵام کێشم دانەبەزی پێدەچێت زیاتریش بووبێت.

## ترێلەو فۆکس واگن

کاتی خۆی برادەرێکم بە ناوی سیروان فەخری ئەلحەویزی فەرمانبەر بوو، ئێستا لە ژیاندا نەماوە، ماڵیان لە کەرکوک بوو. منیش لێرە بووم لە فەرمانگەی ڕێگاوبان و ئەویش لە نەوت. ساڵی (١٩٨٠) ڕێککەوتین پێکەوە بچینە بەغداد، لەوێ چەند هاوڕێیەکمان هەبوو لە گەڕەکی وەزیرییە. هەردووکمان بەڕێکەوتین، من جانتایەکی بچوکم پێبوو یەک بیجامە و خاولیەکی تێدابوو، ئەویش یەک جانتای زەبەلاحی گەورە چەندین جۆر جلی تێ ئاخنی بوو.

سیروانی ڕەحمەتی لە سەربازی بەخشرابوو، لەبەرئەوەی وەزن و کێشی کەم بوو واتە کەمتر لە چل کیلۆ بوو، منیش سەربازییەکەم دواخرابوو لەبەرئەوەی کێشم زۆر بوو، سیروان جانتا گەورەکەی خۆی گرتبووە دەستیەوە و منیش جانتا بچوکەکەی خۆم، وەستا بووین و چاوەڕێی پاسی ژمارە چوارمان دەکرد تا بچینە لای هاوڕێیانمان، لەو کاتەدا کە بڕستمان لێ براوە لە ماندوێتی و چاوەڕوانیدا، یەکێک لەو لاوە سەیرێکی کردین و بە پێکەنینەوە هەڵیدایە و وتی: سەیری کە فۆکس واگۆن لەسەر ترێلە دانراوە.

هەر هێندەی لە سەربازی بەخشرام خێرا گەڕامەوە فەرمانگە تا کارەکان لەسەرم کەڵەکە نەبێت.

## دابەشکردنی موچە لە هەموو شارەکانی عێراق

سالّی (١٩٨١) خودا کچێکی تری پێداین و ناومان نا هەنار، بە هاتنی هەنار دیسان پێکەنین و خۆشی خەندەی منداڵی گەڕایەوە ماڵمان و جارێکی دی سوپاسی خودام کرد بۆ ئەو نیعمەتەی بە ئێمەی بەخشی. ئەگەرچی زۆری کارەکان وایکردبوو کە کەمتر کاتم هەبێت بۆ منداڵەکانم، بەڵام هیچ کاتێک نەبووە کە من ئەوان لەیاد بکەم و لە هەر کوێیەک بووبێتم و هەر کارێکم هەبووبێت هەمیشە ئەوانم لە یاد بووە، بەهەرحاڵ وەک دەڵێن تەمەن دەڕوا و ژیانیش بەردەوامە.

بەهۆی خێرایی لە کارکردن و رێکوپێکی لە تێپەڕاندنی، بەردەوام لە کارەکانم بەرەو پێشتر دەچووم و کارەکان گشتگیرتر و ئەرکی زیاترم دەخرایە ئەستۆ، تا لە سالّی (١٩٨٣) دابەشکردنی موچەی فەرمانبەرانمان لە هەموو شارەکانی عێراق خرایە ئەستۆی من. لەبەرئەوە هەموو مانگێک دەبوایە موچەمان ببردایە بۆ هەموو شارەکانی عێراق، چونکە خەڵکمان هەبوو بە تەنسیب لەوێ دەوامیان دەکرد، ئەو کاتەش شەڕی عێراق – ئێران دەستی پێکردبوو.

جارێکیان من و کاک رزگار و کاک عەبدوڵلا چووین بۆ رومادی، کاتێک گەیشتین هاورێکانی خۆمان دەعوەتیان کردین و ئێوارە چووینەوە  فەرمانگە (کەوتبووە ناوچەی

روتبە) و دواتر شەوەکەی گەڕاینەوە هۆتێل، چونکە دەمێک بوو یەکدیمان نەبینیبوو قسە تەواو نەدەبوو، بۆیە منیش بە مەبەستی چوونە تەوالیێت لەو ژووورە هاتمە دەرەوە کە ئەوانی لێ بوون، هۆڵێک هەبوو لە ناو هۆتێلەکە کاتێک بەوێدا تێپەڕیم سەیرم کرد چەند کەسێک یاری پینک پۆنک دەکەن، منیش گوێم پێنەدا کاتێک گەڕامەوە سەیر دەکەم هەندێک چەکی کلاشینکۆف دانرابوو، منیش نەمدەزانی مەسەلە چیە دواتر وتم: رەنگە حەرەس بن.

کاتێک ویستم بڕۆم، کەسێکیان هاواری لێکردم و وتی: کاکە کاکە.

گەڕامەوە و وتم: بەڵێ چیت دەوێت؟

وتی: ژورەکەت لە کوێیە؟

وتم: لە ژووری (٢٤٤)م.

ئاماژەیەکی بۆ قەنەفەکە کرد و وتی: لێرە دانیشە منیش زۆرم بەلاوە سەیربوو ویستم بڕۆم، لێم توڕە بوو دووبارە گوتی: دانیشە.

هەر لەو هۆڵەی هۆتێلەکەدا و لەو دیوی پەنجەرەکەوە گلۆپێک دیاربوو ئەو پیاوە چەکدارە وتی: لێرەوە دەچیتە لای ئەو گلۆپە و بەهیچ شێوەیەک ورتەت لێوە نەیەت. منیش هەر لە ناو هۆتێلەکە هاوارێکی بەرزم کرد و وتم: کاک حەمە ساڵح کاک حەمە حسێن، هەر هێندەم زانی گرتیانم.

بە شەق و زلە بردیانم بۆ سەر جادەکە و لەوێ پاڵیان خستم و هەموویان وێکڕا لێیاندەدام، دواتر هەڵیاساندمەوە و فڕێیان دامە ژورێکەوە، بینیم لەو ژورەدا خوێن و ئاو تێکەڵاوە، لە لاسوچێکی ئەو بەشەی کە وشک بوو حەسیرە شڕێکی تێدا راخرابوو، سەیری بنمیچ و سەقفەکەم کرد زنجیرێکیش لە سەقفەکەوە هاتبووە خوارەوە زنجیرەکە زۆر باریک بوو، پێشبینی ئەوەم دەکرد ئەگەر دە کیلۆی پێدا هەڵبواسیت بپچڕێت، بەو حاڵەوە زۆر ترسناک دەهاتە بەرچاو. سەرەتا وامدەزانی هەر من دەستگیرکراوم، زۆری نەبرد کاک رزگاریان هێنا بە فانیلەیەکی عەلاگەوە، ئەمجا بە دوایدا (عاسی) شۆفێرەکەی منیان هێنا کە خەڵکی خانەقین و خزمی خۆشم بوو، عاسی سەیرێکی سەقفەکەی کرد و وتی: ئەوە چیە؟

وتم: زنجیرە و مەترسە.

وتی: بۆ نەترسم؟

وتم: هەر کامێکمانی پێوە بکەن دەپچڕێت، ئەمە نامانکوژێت مەگەر بە شتی دیکە بمانکوژن.

هەر ئەوەندەم زانی کوڕێکی دیکەیان هێنا ئامۆزای حەمە حسێن بوو، ئەویشیان هەڵدایە ژورەوە و سەیردەکەم رۆژنامەیەک بە ژێر باڵیەوەیەتی، هات دانیشت و وتی: جا بزانن چەندە باشم بۆتان و چیم بۆ کردوون.

پرسیم: چیت کردووە؟

وتی: هەرچی پێڵاوتان لە هۆتێلەکە بەجێهێشتووە بۆم هێناون.

دواتر رۆژنامەکەی کردەوە و رۆژنامەکانی ئەوکاتیش بەشێکی باشیان بۆ وێنەیەکی سەدام تەرخان دەکرد.

منیش وتم: بۆ خاتری خوا لەسێدارەمان دەدەن. بەپەلە رۆژنامەکەمان کرد بە چوار قەدەوە و دامان نا.

دیاربوو هاورێکانمان لە دەرەوە سەرقاڵی واسیتە بوون بۆ ئازادکردنمان. هەریەکە لە من و کاک رزگارو کاک عەبدوڵڵا جانتایەک پارەمان پێبوو بۆ پێدانی موچەی فەرمانبەرەکان، دوای دەستگیرکردنمان چوو بوون ژووری هۆتێلەکەیان پشکنی بوو، دوای پشکینین هەموو ئەو جانتانەیان بینی بوو کە کردبویانەوە زانیبویان پارەیە دایانخستبۆوە وەکو خۆی، لە گیرفانی مندا بڕیاری ئیداری تێدابوو کە ئێمە بۆچی هاتووین.

دواتر یەکەم کەس بانگیان کردم، یەکێک لەو کەسانەی کە لێیدا بووم لەگەڵیاندا دانیشتبوو لێیان پرسیم: بۆچی هاتوویت؟

وتم: بە کاری فەرمی هاتووم و ئەمری ئیداریم هەیەو لەناو قەمیسەکەمدایە، کە سەیر دەکەم ئەمری ئیدارییەکە لەبەردەمیدایە. وتیان: ئەی چوون بۆ کوێ ئەمڕۆ؟

وتم: چوین بۆ دەوروبەری ئەو مەعەسکەرەی ئاسکەکانی جێگری سەرۆک کۆماری لێیە.

وتی: باشە تۆ تاڵەبانیت؟

گوتم: بەڵێ.

وتی: جەلال تاڵەبانی "مام جەلال" چیتە؟

وتم: مام جەلال و موکەڕەم تاڵەبانیش خزممن. بەڵام نە لەگەڵ مام جەلال پەیوەندیم هەیە نە لەگەڵ موکەڕەم، چونکە ئەوان لە تەمەنێکدان و منیش لە تەمەنێکی دیکەدام و یەکتری نابینین. سەیرێکی کردم و هەندێک سەری بادا و دواتر گەیشتنە قەناعەت کە ئێمە بە کاری فەرمی رۆیشتووین، وتیان: بڕۆ دەرەوە و دانیشە. جا ئەوکاتەش جگەرەکێش بووم وەخت بوو سوێم دەبوویەوە بۆ جگەرەیەک، ئەو کەسەی کە پتر لە هەمویان لێی دابوم لێم هاتە پێشەوە و جگەرەیەکی رۆزمەنی دامێ و بۆشی داگیرساندم و وتی: دەترسم زۆرییان ئەزیەت دابیت. کابرا خۆی لێیدا بووم و کەچی واشی وت، دەیویست قەرزداریشم بکاتەوە. بە ناچاری وتم: نانا شتێکی وا نەبوو.

زۆری نەبرد ئەوانیشیان بانگکرد و دواتر ئازادیانکردین و گەڕاینەوە بۆ هۆتێل. من ئەو کاتە زۆرم حەز بە خواردن بوو، هەموو دەیانزانی، لەبەرئەوە حەمە ساڵح و حەمە حسێن وتیان: بۆ بەیانی بەنیازین بەیانیەکەی جگەرت بۆ

ببرژێنین و نیوەڕۆکەشی سەروپێتان بۆ دروست بکەین.

وتم: ئەگەر هەموو ئێرەم لەسەر تاپۆ بکەن یەک دەقە لێرە نامێنمەوە و هەر ئێستا دەڕۆم. شەو بە ڕێکەوتین و بۆ نیوەڕۆکەی گەیشتینە بەغداد. فایزی برام کە ئەندازیارە ئەو کات بەڕێوەبەری گشتی هاتووچۆی خێرابوو، یەکێک بوو لە ئەندازیارە بەناوبانگەکان لەو سەردەمەدا، ماڵەکەی لە ناوچەی یوسفیە بوو، چوینە ئەوێ و سەرێکمان لە ماڵیاندا و وتیان: نانێک بخۆن.

من وتم: لە ترسا هەر ناوێرم نانیش بخۆم، دەترسم ئەم گرتنە ببێتە هۆکار و شتی دیکەم پێ ئاشکرا بکەن. بۆیە وام پێ باش بوو بڕۆین. دواتر بە ڕێکەوتین بۆ پارێزگای بەسرە، دوو ئۆتۆمبێلمان پێبوو، نزیکی بازگەی بەسرە بووینەوە و سێ ڕێگە هاتە پێشمان، ڕێگەیەکیان ئەهلی پێدا دەڕۆیشت و ڕێگەی دووەمیان حکومی و ئەوی دیکەش سەربازی. دڵم خۆش بوو کە عاسی شارەزای بەسرەیە و دەزانێت بە کام ڕێگەیەدا دەڕوات، کەچی سەیر دەکەم بە ڕێگەی ئەهلیدا ڕۆیشت، لەکاتێکدا ئۆتۆمبێلەکەمان تابلۆکەی شین بوو یەکێک لە سەربازەکان وتی: ئێوە کێن؟

وتمان: بە وەزیفە هاتووین و کارمان هەیە لە بەسرە.

وتیان: ئەی بۆ لە خەتی ئەهلیەوە هاتوون؟ ئەگەر بشڵێیت یەکەم جارمانە دێین یەکسەر لێکۆڵینەوەت لەگەڵدا دەکەن،

ئێمەش گوتمان: یەکەم جارمانە.

وتی: دە لەپێشەوە بۆستن. لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزین، من و لیوا رزگار عەبدوڵڵا و لیوا نورەدین، بردیانینە ژوری ئەفسەرێک و کەوتنە لێکۆڵینەوە لێمان لە کاک رزگاری پرسی ناوت چیە و کارت چیەو لەقەبت چیە؟ کاک رزگار وتی: قەرەداغی؟

وتی: بۆچی هاتوون؟

کاک ڕزگار وتی: ئەوە فەرمانەکەمان و بە کارێک هاتووین.

سەرەی عاسی هات پێی گوت: ناوت چیە؟

وتی: عاسی محەمەد نەجم.

ئەفسەرەکە گوتی: کارت چیە؟

وتی: شۆفێرم.

ئەفسەرەکە وتی: لەقەبت چیە؟

ئەویش تاڵەبانی بوو نەیدەوێرا بڵێت تاڵەبانی وتی: سایەق.

ئەفسەرەکە وتی: لەقەب دەڵێم.

وتی: سایەق.

سەیری پێناسەکەی کرد نوسرابوو تاڵەبانی، ئەفسەرەکە وتی: لە کوێ دەژیت.

وتی: تاسلۆجە.

ئەفسەرەکە وتی: تۆ تەرحیل کراویت.

وتی: نا.

ئەفسەرەکە تورەبوو، دەستیکردە جنێودان و وتی: تۆ تەرحیل کراویت و لە تاسڵوجە دەژیت و لەقەبیشت تاڵەبانیە.

ئەفسەرەکە دیسان پێیوت: ناوی لەقەبەکەتم بدەرێ.

عاسیش هەر نەیوت، ئەفسەرەکەش هەر جنێوی دەدا و زیاتر تورە دەبوو، دواتر کاک رزگار وتی: تاڵەبانیە، ئەویش هەرچۆنێک بوو رزگاری بوو.

دواتر سەرەی من هات و هەموو شتەکانم پێیوت، دواتر بە ڕێکەوتین و چوینە بەسرەو لەوێوە چوینە ناسرییە و نەجەف و بەغداد.

دوای تەواوبوونی هەموو کارەکانمان گەڕاینەوە بۆ سلێمانی. لە دوای مانگێک ئەفسەرێکی کوردی ئەمن کە ناوی شێخ بورهان بوو هاتە لام و وتی: شێخ بایز داواتان دەکەن.

وتم: کێ؟

وتی: ئەو کەسانەی کە رۆیشتوون.

وتم: بۆچی؟

وتی: لێکۆڵینەوەتان لەگەڵ دەکرێت سەبارەت بە چونتان بۆ هەندێ جێگە.

وتم: تۆ نازانیت بۆچی چووین؟
وتی: با دەزانم بۆچی چوون و هەوڵیشدەدەم کە بانگتان نەکەن و ئەو بابەتە بێدەنگ بکەم. ئەوە بوو دواتر شێخ بورهان بابەتەکەی بێدەنگ کرد.
شەش ساڵی تەواو لەوێ مامەوە خەریکی کارکردن بووم، بێ ئەوەی رۆژێک هەڵەیەکم بەسەردا تێبپەڕێت، ئەوە وایکرد کە ببمە جێگەی متمانەی تەواوی بەڕێوەبەرایەتیەکە.

## گواستنەوەم بۆ ناسرییە

لە ساڵی (١٩٩٠) حکومەتی عێراق هێرشی کردە سەر وڵاتی کوەیت. دوای ماوەیەک هاوپەیمانان بە زەبری هێز عێراقیان لەو وڵاتە وەدەرنا، ئەوەش بووە هۆکاری ئەوەی کە عێراق رووبەڕووی قەیرانی دارایی بۆوەوە و زۆربەی پرۆژەکان راگیران.
هەر ئەوکاتە بە بیانوی ئەوەی کە کار نەماوە و پرۆژە نیە، راژەی منیان گواستەوە بۆ شارۆچکەی بەتحە لە سنوری پارێزگای ناسرییە. ناچار ملی ریگەم گرتەبەر و بە ڕێکەوتم بەرەو هەواری نوێ. ئێوارەکەی گەیشتم و دەبوایە لە کەمپێک لەوێ بمابنایەتەوە، چوومە ناو کەمپەکەوە تا وچانێک بدەم و بخەوم، بۆ بێ شانسی من بۆ بەیانیەکەی کە هەستام لە خەو پێیانوتم: حزبی دەعوە هەموو

سەربازەکانی ئەو بازگەیان سەربڕیوە کە کەوتبووە پێش شارۆچکەی بەتحە. نەشمدەتوانی بگەڕێمەوە، بە ناچاری لە ناسرییە مامەوە، کوڕێکی کوردمان لەگەڵدا بوو بە ناوی سەعدەدین فەرمانبەر بوو، مۆڵەتی وەرگرت و وتی: دەچمەوە بۆ سلێمانی و دوای چەند رۆژێک دەگەڕێمەوە، بۆ ئێوارەی ئەو رۆژە رادیۆکەم (ئێزگەی گەلی کوردستان) داگیرساند و گوێم لێبوو باسی سەربڕینی سەربازەکانی بازگەکە دەکات، دواتر بۆمان دەرکەوت کە سەعدەدین هەواڵەکەی پێدابوون.

حەسەن وسو یەکێک بوو لەو فەرمانبەرە بەعسیانەی لە گەڵمدابوو، دوای نزیکەی مانگێک لە مانەوەم ئیخباری کردم، بەڕێوەبەرەکەمان کوردێکی خانەقینی بوو بەناوی زیاد نەیدەوێرا بڵێ من کوردم، قەت بەمنیشی نەدەوت کە کوردە. بەڵام هات بۆلام و پێیوتم: حەسەن وسو چووە شکاتی لێکردویت و وتویەتی وەختی خۆی بەرپرسێکی خەتەر بووە، هەر بۆیە نەقڵیان کردووە و ناردویانە بۆ ئێرە.

کاک زیاد وتی: بە نیازبوون بێن بۆت و دەستگیرت بکەن، بەڵام بە منیان وتووەو دیفاعم لێکردوویت هەرچەندە ناشتناسم.

دوای ئەو هەواڵە خۆم پێنەگیرا حەسەن وسوم گرت و دارکارییەکی باشم کرد و دوو داری ماسیحەم تێدا

شکاند، رۆیشت بۆ جاری دووهەم شکاتم لیَ بکات، بەڵام سەعدەدین چووبو پێی وتبوو: نەگبەت شکاتی چی لیَ دەکەیت نازانی ئەمە خزمی مام جەلالە و تاڵەبانین، بەخوا هەمووتان دەکوژن. دواتر لە ترسدا نەیوێرابوو ناچار گەڕابوویەوە.

دوای نزیکەی (١١) مانگ لە رۆشتنم بۆ ناسرییە، لە مانگی سێی ساڵی (١٩٩١) راپەڕینی خەڵکی کوردستان دەستی پێکرد و زۆربەی ناوچەکان ئازادکران، هەر لەبەر هەندیَ رێگەیان بە فەرمانبەرە کوردەکان نەدەدا تا بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان کە ئازاد کرابوون.

دوای ماوەیەک بە واستە راژەکەم گواستەوە بۆ ناوچەی محاویل لە نزیک حلە، ئەوێم بە باشتر دەزانی لە شوێنەکەی خۆم، لەوێش بەڕێوەبەرەکەمان کوردبوو بەناوی بەهزاد، ئەو منی کردە بەرپرسی وردبینی و ژمێریاری، پرۆژەیەک هەبوو لەوێ رێگاو پردیان دروستدەکرد، بەڕێوەبەری ئێمە لەو پرۆژەیە کاک نیهاد قازی بوو، یەکێکی تر لەو کوردە ئەندازیارانەی کە لەگەڵمدا بوون لەو پرۆژەیەدا کاک سدیق بوو ئێستا لە پارێزگا ئەندازیارە، ئەوکاتە لەناو حکومەتی بەعسدا دەستی دەڕۆیشت.

لەوێ هەرچۆنێک بێ ساڵێکم تێپەڕاند، دوای ئەو ماوەیەش رێگەیان دەدا بێینەوە ناوچە ئازادکراوەکان، رۆژێکیان

خۆمم ئامادەدەکرد بەرەو سلێمانی بگەڕێمەوە، ئافرەتێک هات و داوای دامەزراندنی دەکرد بۆ خزمێکی خۆی، من نەمدەزانی بەعسیە و لە دەزگای هەواڵگری کار دەکات، پێموت: ئێمە دامەزراندنمان نیە و کەس دانامەزرێنین.

وتی: چۆن نیە و دەبێت بە گرێبەست دایبمەزرێنن.

ئیدی نەمدەزانی چی دەگوزەرێ لە بەرامبەر ئەو کارەی کە نەمکرد، تومەز دواتر ئەو ئافرەتە رقی هەڵگرتووە و چوو بوو سۆراغ و پرسیاری منی کردبوو لای ئەوانی دیکە، بەتایبەت کوردە بەعسیەکان، یەکێک لەوانەی کە پرسیاری لەبارەی منەوە لێ کردبوو، حەسەن وسو هەروەها کوڕێکی دیکەی بەعسی بەناوی حەسەن عەزیز مەلا بوو، ئەوانیش زانیاریان دابوویە کە من بەرپرسێکی پارتی بووم و دەورم هەبووە، هەڵبەت ئەو کاتە دەمتوانی بێمەوە بۆ سلێمانی، بەڵام گەڕامەوە بۆ سەر کارەکەم، هەر هێندەم خۆش بوو تا گەیشتمەوە شوێنی کار، بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە بانگی کردم گوتی: بایز ئەمر قەبزیان بۆ دەرکردوویت، ئەگەر دەتەوێ ئەوا ئۆتۆمبێلەکەت تەسلیم بکە و خۆم دەتگەڕێنمەوە بۆ کەرکوک و لەوێشەوە بتبەنەوە بۆ بازگەکەی بەینی کەرکوک سلێمانی، ئەگەر دەشتەوێت خۆت بڕۆیتەوە، ئەوا دەتنێرم بۆ نەهزە و لەوێشەوە خۆت بڕۆرەوە.

وتم: نا کەسێک بانگ بکە با ئۆتۆمبێلەکەی بدەمێ. کەسێکیان هێنا و ئۆتۆمبێلەکەم پێیدا و کاک بەهزاد ناردمیە نەهزە، دیاربوو بە شۆفێرەکەی وتبوو بوەستە تاوەکو سواری ئۆتۆمبێلەکە دەبێت.

پێیوتم: ئەگەر ئۆتۆمبێلەکە لەسەر نەفەر وەستا پارەی بدەرێ ئەگەر پارەشت پێ نیە من دەتدەمێ.

وتم: سوپاس پارەم پێیە.

## گەڕانەوەم بۆ سلێمانی لەدوای راپەڕین

بە هەزار ترس و لەرز گەیشتمەوە سلێمانی و چوومەوەماڵەوە. ئەو جارەش بە خێزانم و منداڵەکانم شاد بوومەوە، کە لە دەرگامدا منداڵەکان هاتن دەرگایان کردەوە و سەیر دەکەم زۆر کز و ماتن، هەر خێرا پرسیاری هۆکارەکەیم لێکردن و وتم: ئەوە بۆ بەو شێوەیە کزن؟

منداڵەکانم وتیان: شەکر و چامان نەماوە و پارەشمان نەبووە نانیش بکڕین، منیش زۆر بێتاقەت بووم و وتم: منیش هێشتا موچەیان نەداومەتێ. نەمدەزانی چی بکەم، پارەی تەکسیشم پێ نەبوو، هەستام چوومە سەر شەقامەکە و سواری ئۆتۆمبێلێک بووم و چوومە لای هاورێیەکی زۆر ئەزیزم کە هەروەکو براین، ئەویش کاک حەمە غەریب قالە تەگەرانییە، دوکانی هەبوو لەژێر پردەکە زەخیرەی

دەفرۆشت، سەیری کردم و وتی: بایز دەبینم زۆر کز و مات دیاریت چیتە؟

وتم: حەمە غەریب کێشەم ئەوەیە کاتێک من لە ماڵ نەبووم منداڵەکانم پارەیان پێنەبووە تا نان بکڕن.

وتی: ئەی بۆ بە منیان نەگوتووە؟

وتم: نەیانویستووە بە کەس بڵێن.

وتی: دە باشە. دەستیکردە دەخیلەکەیەوە (١٥٠٠) دیناری پێدام و وتی: بڕۆ ئەو شتانەی کە لای من نیە بیکڕە و هەقی زەخیرەشت نەبێت. منیش رۆیشتم عەرەبانەیەکم پڕکرد لە گۆشت و مریشک و میوە و هەموو شتێک، هاتمە خوارەوە و سەیر دەکەم ئۆتۆمبێلێکی جۆری پیکابی راگرتووە و بە فەردە برنج و ئاردو شەکر و چای تێدەکرد، ئیتر سواری ئۆتۆمبێلەکە بووم و هاتمەوە ماڵەوە، گوتیان: ئەمە چیە و لە کوێت بوو.

وتم: خۆ پیاوم نەکوشتووە و لای حەمە غەریب هێناومە و گلەیشی کردووە کە قسەتان نەکردووە.

لە ساڵی (١٩٩٢) ئەو رۆژەی من گەڕامەوە بۆ بەیانیەکەی هەڵبژاردنی پەرلەمان بوو، هەرچەندی هەوڵمدا دەنگ بدەم، بەڵام رێگەیان نەدا، دوای ئەوە هاورێکانم وتیان ئەوە هەموو ئەندازیارەکان شاهێدیت بۆ دەدەن کە ئەمر قەبزت بۆ دەرچووە لەسەر مەسەلەی کورد، بۆ ناچیت بگەڕێیتەوە

بۆ وەزیفەکەت؟ بەهۆی ئەوانەوە دەنگمدا.

کاک عەبدولرەحمان ئەو کاتە بەرپرسی خۆیەتی بوو لە بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی سلێمانی، چووم بۆ لای وتم: مەسەلەکەم ئاوایە و وەرم بگرنەوە.

لە وەڵامدا وتی: بایز ناتوانم بتگەڕێنمەوە و دەبێت لە بەرەی کوردستانی ئەو بڕیارەت بۆ دەربکەن.

دوای دەنگدانەکە پێیانوتم: دەبێت بچیت بۆ بەرەی کوردستانی، منیش زۆربەی زۆری هاوڕێکانم لە بەرەی کوردستانی بوون، چووم کاک حەمە حسێن هات لەگەڵم و نووسراوێکیان دامێ و هێنامەوە بۆ کاک عەبدولرەحمان ئەویش ڕۆژی پەیوەندی بۆ نووسیم و کەوتمەوە کارکردن لە فەرمانگەکەم، لەپاڵ ئەوەشدا لە ڕێکخستنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیشدا کارم دەکرد.

ڕۆژێکیان وتیان: دەمانەوێت بەرپرسی حیزبی هەڵبژێرین بۆ تەواوی بەڕێوەبەرایەتیەکان، بەڕێوەبەرایەتیەکەی ئێمەش یەکێک بوو لەوانە، بانگیان کردین بۆ مەڵبەند و هەڵبژاردن دەستیپێکرد و من بووم بە بەرپرسی حیزبی فەرمانگەی ڕێگاوبان، دوای ماوەیەک پێیان وتم: لەبەرئەوەی تۆ لە ناو خزمەکانی خۆتدا زۆر خۆشەویستیت، بۆ نایەیت هێزێکی پێشمەرگە دروست بکەین و دەست بکەین بە کارکردن. منیش بەقسەم کردن و هێزێکمان دروستکرد بەناوی هێزی

خزمانی تاڵەبانی نزیکەی (٤٠٠) کەس دەبووین و (٢٨٤) کەسمان لەناو کارەکەدا بوون، ئامر هێزەکەمان ناوی شێخ حەسەن بوو.

## کارکردنم لە ڕێکخستنەکانی یەکێتیدا

لە ساڵی (١٩٩٣) چوومە کۆمیتەی پێنج و بوومە ئەندامی کەرت، دوای نزیکەی شەش مانگ وەک ئەندامی کۆمیتە، چومە کۆمیتەی فەرمانبەران، ئەوکات شێخ ئەحمەد بەرپرسی کۆمیتەی فەرمانبەران بوو، ئەندامانی کۆمیتەی ئەوکات کاک حەمە حسێن و کاک سامان بوون، بۆ ماوەیەک لەوێ کارمکرد و بارودۆخی دارایم زۆر خراپ بوو، خۆشم نەمدەزانی چی بکەم، لە کۆمیتەش پەنجا دیناریان پێدەدام، منداڵەکانیشم هەمووی پێگەیشتبوون و لە قۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەیی بوون، ڕاستە خۆم کوڕی پیاوێکی دەوڵەمەند بووم، بەڵام ئەو کاتە گرانی بوو، بەکورتی دەوڵەمەند و فەقیر هەمووی وێکڕا لێکەوتبوون.

ڕۆژێکیان لە حەوشەکەی مەڵبەندا پیاسەم دەکرد، کەسێک هاتوو وتی: بەرپرسی مەڵبەند داوات دەکات. منیش چووم دانیشتم و وتیان: کاک سەعدون فەیلی داوای تۆی کردووە. کاک سەعدون هات و وتی: تۆ شێخ بایزیت؟

وتم: بەڵێ.

وتی: بڕیاردراوە و بوویت بە بەرپرسی چاودێری دارایی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە هەولێر و دەبێت بچیتە هەولێر.

وتم: من چۆن بێم بۆ هەولێر موچەکەم کەمە و پێی ناژیم و خێزاندارم و سێ منداڵم هەیە، کەسم لە سلێمانی نیە تا بەجێیانبهێڵم، من ئێستا لە خانووی حکومەتدام و کرێ نادەم، بەڵام لە هەولێر چۆن بژیم؟

وتی: کاکە بڕیار دەرکراوە و تۆ دەچیت بۆ هەولێر، موچەیەکی باش و خانوو ئۆتۆمبێلیشت پێدەدەین و ماڵ و منداڵەکەت بهێنە.

وتم: باشە کەی بڕیارەکەت دەرکرد دێم. دیاربوو ئەو بڕیارە لەلایەن مام جەلالەوە دەرچوو بوو، چونکە لەگەڵ سەعدون فەیلی قسەیان کردبوو، دواتر خەڵک باسی منیان هێنابووە پێش، ئەویش بە مام جەلالی وتبوو، مام جەلالیش وتبووی: ئەگەر ئێوە بەدڵتانە دایدەنێم، ئەگەرنا ئەوە خزمی خۆمە و داینانێم.

دوای ئەوەی ئەو بەڵێنەم وەرگرت، هاتمە دەرەوە و لەخوارەوە کوڕێکی خزمی خۆمم بینی گوتی: کاک بەختیار بەدواتدا دەگەڕێت و هەر دەڵێت ئەو شێخ بایزە لەکوێیە؟

چونکە ئەو کاتەی لە سکرتاریەتی لاوان بووم کاک عیماد ئەحمەد و کاک مەلا بەختیارم بە باشی دەناسین.

بەڵام وتم: ئێستا بۆتە بە بەرپرس کێ دەڵێت دەیەوێت بمبینێت. بە چەند رۆژێک دوای ئەوە شێخ نەجیم وتی: بەخوا دەبێت بێیت لەگەڵم بۆ لای مەلا بەختیار.

منیش وتم: باشە بابچین، نمە نمە باران دەباری. چوینە هەولێر بۆ شوێنەکەی مەلا بەختیار. کوڕێکی لێبوو لە پرسگە ناوی ئەکرەم بوو، مەلا بەختیاریش ئەوکات بەرپرسی رێکخراوە دیموکراتیەکان بوو.

وتم: کاک ئەکرەم ئێمە هاتووین بۆ لای مەلا بەختیار. بەڵام ئەکرەم هەر لە خۆیەوە وتی: ئێستا دەڕوات کەس نابینێت. منیش روومکردە شێخ نەجیم و وتم: ئەگەر تۆ نەمهێنی من ئیشم چیە بەم شوێنە.

وتی: وانیە، بە ئەکرەمی وت بڕۆ بڵێ بایز تاڵەبانی هاتووە بۆ لات. دوای ئەوەی کە پێی ووتبوو سەیر دەکەم مەلا بەختیار خۆی هات بەرەو ڕووم. کاک مەلا بەختیار بەردەوام پاڵپشتم بوو، دیاربوو ئەویش پاڵپشتی کردبووم لای سەعدون فەیلی کە بڕۆم بۆ هەولێر.

دوای دانیشتن و بەخێرهاتن مەلا بەختیار وتی: بۆم باسبکە بزانم چی دەکەیت و خەریکی چیت؟

منیش وتم: ئێستا ئەندام کۆمیتەم.

وتی: ئەوە دەزانم کە تۆ یەکێتیت، بەڵام وەزعت چۆنە؟

وتم: باشم.

وتی: بارودۆخی دارایت چۆنە؟

وتم: زۆرباشم لە خوا بەزیادبێت، بەڵام ئەو کاتەی کە چوومە لای مەلا بەختیار خاوەنی پێنج دینار بووم. مەلا بەختیار شێخ نەجیمی بانگ کردە دەرەوە و نەمدەزانی مەسەلە چیە، دیار بوو بە شێخ نەجیمی وتبوو: دەمەوێت هاوکاری بکەم.

ئەویش وتبوی: با بەخۆی بڵێم. چونکە شێخ نەجیم دەیزانی من چۆنم، شێخ نەجیم دەرگاکەی کردەوە و وتی: کاک بەختیار دەیەوێت هاوکاریت بکات.

منیش وتم: هاوکاری چی؟

وتی: دەیەوێت یارمەتیت بدات و بە دەست ئیشارەتی کرد کە دەیەوێت پارەت بداتێ.

منیش وتم: پارەم ناوێت و بۆ پارە نەهاتووم و هیچم پێویست نیە. دواتر هاتە تەنیشتمەوە و وتی: خۆ ئەو پارەیەی دەتداتێ هی خۆی نیە و هی یەکێتیە و عەیبە وەرینەگری، سەیر دەکەم مەلا بەختیار (١٥٠٠) دیناری بۆ خەرج کردم، دوای چارەکە سەعاتێک ئیزنی رۆیشتنمان خواست و زۆر ئارام بووم بە بینینەوەی کاک بەختیار.

هەر هێندەی لە دەرگا چوومە دەرەوە رووم کردە شێخ نەجیم و بە پێکەنینەوە وتم: قسە لەگەڵ کەس ناکەم چونکە گیرفانم زۆر پڕە. ئەو رۆژە کە گەڕامەوە سلێمانی

زۆر خۆشخاڵ بووم و کورد گوتەنی کەیفم ساز بوو، هەر گەیشتمە ماڵەوە وەک هەمیشە منداڵەکان لە دەورم کوبوونەوە و گوتیان: باوکە ئێمە ئێستا لە پەیمانگا و زانکۆ دەخوێنین، دەمانەوێت جل بکڕین، بەڵام دڵمان نایەت فشار بخەینە سەر تۆ، ئەوان نەیاندەزانی کە پارەم وەرگرتووە، منیش بە خۆشحاڵیەوە گوتم: ها ئەوە پارە بڕۆن بۆ خۆتان شت بکڕن و منیش بەڵێنیان داومەتێ دامبمەزرێنن و موچەیەکی باشیشم پێبدەن. لە بەرامبەر ئەوەدا زۆر خۆشخاڵ بوون.

## وەرگرتنی بەرپرسیارێتی

لە ساڵی (١٩٩٤) و سەرەتای سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ، دوای ئەوەی بڕیارەکەم بۆ دەرچوو بوومە بەرپرسی چاودێری دارایی یەکێتی لە هەولێر، کە رۆیشتم دکتۆر خەیروڵڵا، کاک شێرکۆ، عەبدولوەهاب، بەیان حەسەن، سیامەند، کاکە حەمەی حاجی تاهیر، لەوێ دەوامیان دەکرد، دکتۆر فوئاد موشریفی دارایی بوو، کاک سەعدون فەیلی بەرپرسی مەکتەبی دارایی بوو. کاتێ چوومە ئەوێ بەو نیازە رۆیشتم کە ئۆتۆمبێل و خانووم پێدەدەن، ماوەیەک مامەوە و سەیرم کرد هیچ دیار نیە، بەس بەر لە رۆیشتنم کارێکی ئاقڵانەم کرد، جێگە خەوتنێکم "یاتاخ" لەگەڵ خۆمدا بردبوو گوتم: با بیبەم خۆ ئەگەر خانووشم بۆ بگرن هەر

دەبێت شتێکی تێدا دابخەم و لەسەری بخەوم.

سەرەتا وتیان: لە ژووری کۆمپیوتەر بخەوە، ئەگەرچی ژورێکی درێژ بوو، بەڵام بچوک بوو. بۆ خواردنیش هەمووی دەچوونە ژوورێک کە کەوتبووە تەنیشت ژوورەکەی من، کەس بەمنی نەدەوت وەرە نان بخۆ، بۆم دەرکەوت کە هەموویان پێیان ناخۆشە من چوومەتە ئەوێ. منیش ئەوەم نەدەزانی و ئاگام لە هیچ نەبوو، بمزانیایە وایە هەر لەسەرەتاوە نەدەچوم.

چەند رۆژێک مامەوە و هەمووی دەرۆیشتن بۆ نان خواردن، لەبەرئەوەی کەس فەرمووی منی نەدەکرد، دەچوومە لای عەرەبانەیەک لای چایخانەکەی عەنتەر لەوێ دوو لەفەم دەخوارد و دوو لەفەشم دەهێنایەوە بۆ خۆم بۆ ئێوارە، نەمدەزانی چی بکەم، هیچ جێگە و کارێکم نەبوو، هەر لەوێ دەسوڕامەوە و کارم نەدەکرد، کاتێک دەچوومە ژووری ژمێریاری حەزیان نەدەکرد هیچ ببینم و هیچیان پیشان نەدەدام.

رۆژێک کاک شێرکۆ پێیوتم: دەزانم تۆ یەکێتیت و لە برادەرە خۆشەویستەکانی مەلا بەختیاریت و منیش زاوای ئەوم، برۆیتەوە بۆ لای ئەو باشترە، چونکە ئەوانەی لێرەن هیچیان پێیان خۆش نیە تۆ لێرە بیت، مەلا بەختیار چاودێری کردوویت و دەزانێت ژیانت لێرە چۆن دەگوزەرێت، تا

ڕۆژێک مەلا بەختیار تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی: چۆنی باشیت حاڵت چۆنە؟

وتم: زۆر خراپم لە برنج و گۆشت خواردنەوە بۆ لەفەخواردنی چایخانەکەی عەنتەر، لە خانوویەکەوە واملێهاتووە لە ژوری کۆمپیوتەر دەخەوم و شوێنم نیە بسورێمەوە لەسەر جێگاکەم، گوتم: بە بۆنەی دۆی بزنە قوتەوە لە دۆی ماڵانیش بووم، لە کاولەکەی خۆم دانیشتبووم مانگی پەنجا دیناریان پێدەدام، هەرچۆنێک بوایە ئیدارەم پێدەکرد لەگەڵ منداڵەکانمدا.

وتی: وەرە بۆ لای خۆم. منیش چوومەوە لای مەلا بەختیار و وتی: ئەو ژوورەی تەنیشت خۆم بۆ تۆ و بۆ خۆت قەرەوێڵەیەک دابنێ و کاری تێدا بکە و بخەوە، لێرە بەڕێوەبەری ژمێریاری و بەڕێوەبەری ئیدارەش دەدەمە دەست تۆ، بڕیار دەرچوو بووم بە بەڕێوەبەری ئیدارە و ژمێریاری لە مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان، چێشتلێنەرەکەشی بانگ کرد وتی: ئەمە سێ ژەمە لەگەڵ ئەندام مەکتەبەکان و خۆماندا نان دەخوات. ئەو کاتە ئەندامانی مەکتەبی ڕێکخراوەکان بریتی بوون لە قادر قەرچوج، هاوار حاجی، شێخ لەتیف شێخ عومەر، مەلا قادر.

بینای مەکتەبی ڕێکخراوەکان یەک دیواری نێوان بوو لەگەڵ مەکتەبی پەیوەندییە دەرەکیەکاندا، کە ئەو کاتە شێخ

دارۆی شێخ نوری بەرپرسی ئەو مەکتەبە بوو، وەک پێشتر ئاماژەم پێدا لە ریزەکانی لاواندا لەگەڵ شێخ دارۆ بەیەکەوە بووین، ئەویش بەهەمان شێوەی کاک مەلا بەختیار یەکێک بوو لە هاورێ کۆنەکانم، رۆژێک ناردی بە شوێنمدا و وتی: تۆ هاتوویت بۆ ئێرە و بۆ بە منت نەوتووە و گلەیی زۆری لێکردم.

وتی: دەبێت کاری ژمێریاری بارەگاکەی ئێمەش بکەیت.

وتم: زەحمەتە و ناتوانم.

وتی: بۆ منی ناکەیت؟

وتم، با بەسەرچاو ئەوە بوو دواتر بووم بە ژمێریاری ئەوێش.

بارەگای پەیوەندییە دەرەکیەکانیان تازە دروستکرابوو، بینایەکی زۆر جوان بوو.

ئیدی لەو رۆژە بەدواوە رۆژانە کارەکانی ئەوێم دەکرد و دەهاتمەوە بۆ مەکتەبی رێکخراوەکان، رۆژێکیان دەنگۆی هاتنی مام جەلال بڵاوبۆوە و وتیان دێت بارەگای پەیوەندیەکان دەکاتەوە، لە کاتی قرتاندنی قردێلەی کردنەوەشدا بەبۆنەی هاتنی مام جەلال تەواوی کادرەکان لەوێ بوون، بەڵام من نەرۆیشتم وتم: ئێستا بچم و بپرسێت تۆ بۆ لێرەیت و چ دەکەی لێرە و ئەی بۆ نەچوویت بۆ شوێنەکەی خۆت و چەندین پرسیاری دیکەم رووبەروو

دەکاتەوە، پێم باش بوو خۆم لەو پرسیارانە بدزمەوە و وام پێ باش بوو کە کێشە بۆ کەس دروست نەکەم و نەچم. بە تەنها من و هاوار حاجی مابوینەوە.

هـاوار حاجی گـوتـی: عەیبە بابڕۆین بـەرەو پیری، سەرەتا سور بووم لەسەر ئەوەی نەچم، بەڵام دواتر ناچار ڕۆیشتین، کاتێ مام هات کاک کۆسرەتیشی لەگەڵدا بوو، کاتێک گەیشتنە لای من، مام جەلال ئاوڕی دایەوە و وتی: بایز ئەوە تۆ چی دەکەیت لێرە؟

وتم: مامە لێرە دانراوم.

وتی: دارۆ ئەو دانەنراوە بۆ بەرپرسی چاودێری دارایی؟

شێخ دارۆ گوتی: بەرێ وەڵا مامە بەڵام خۆم دواتر بۆت باس دەکەم.

بۆ من باش تێپەڕی، چوار ڕۆژ دوا بەدوای هاتنی مام جەلال هەواڵی ئەوە بڵاوبۆوە کە بەرپرسی مەکتەبی دارایی دەگۆڕن، کاک دارۆ دەبەنە شوێنی کاک سەعدون فەیلی و لە هەمانکاتیشدا وەک بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەش دەمێنێتەوە، دوای چەند ڕۆژێک بانگیان کردم بۆ مەکتەبی سیاسی منیش دەستبەجێ ڕۆیشتم، چومە هۆڵی مەکتەب سیاسی و کاتێک سەیر دەکەم تەواوی مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتیەکان لەوێ بوون، تەنانەت کورسی بەشی من نەمابوو، هێندەی نەبرد کورسیان بۆ هێنام و دانیشتم،

وتیان: تۆ و دکتۆر خەیروڵڵا، کاک شێرکۆ، کاک هەژار، ووشیاریساڵح رەفعەت، بوونە ئەندامی مەکتەبی دارایی، ئەمجا وتیان تۆ جگە لەوەی ئەندامی مەکتەبی داراییت، وردبینی گشتیشیت، وتیان هیچ پارەیەک خەرج ناکرێت لەم مەکتەبی داراییە ئەگەر بایز واژۆی لەسەر نەکات، راستی گەلێکم پێ خۆشبوو کە ئەو پۆستەم پێدرا، چونکە منداڵەکانم کە دەیانوت: باوکە چۆنیت و چی دەکەیت، دەموت: وەڵڵا باشم، لە رووم نەدەهات بڵێم وام لێ بەسەر هاتووە، بۆیە ئەو وەرچەرخانەی کە لە ژیانی ئیداریمدا روییدا، بۆ من زۆر دڵخۆشکەر بوو، بەڵام ئەوەش نەبووە هۆی ئەوەی کە دڵیان بە چونی من بۆ ئەوێ خۆش بێت، چونکە دواتر لە کۆنگرەی یەکی یەکێتیدا بۆم دەرکەوت.

## دژایەتیکردن و لێبوردن

لەمانگی (٤) ساڵی ١٩٩٤ عومەر دەبابە لەناو کۆنگرەی یەکێتی کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەیان هێنایەوە بۆ مەکتەبی سیاسی. لە مەکتەبی دارایش هەموویان سواری ئۆتۆمبێل بوون و رۆیشتن بۆ گۆڕستان، تەنانەت کارگوزارەکەشی لێ نەمابوو، جگەلە پاسەوانەکان، منیش سەیرم دەکرد کەس بە منی نەوت وەرە، لەکاتێکدا کە رەسوڵ مامەند یەکێک بوو لە دۆستە نزیکەکانم، ئەو کارەیانم زۆر پێ ناخۆش بوو.

بە هەرحاڵ ئەوەش تێپەڕی و من کورسی و قەڵەمی بەرپرسیارێتیم وەرگرت. ئاخر پێشتر هەر لەو بینایە و لەناو ئەو خەڵکەدا بووم کە نە خواردنیان پێدەدام و نە ڕێگەیان دەدا سواری ئۆتۆمبێلەکانیان بم، ئێستا کاتێک دەبمە بەرپرسی هەموویان دەبێت چۆن بم لەگەڵیاندا؟ بەڵام بەپێچەوانەی ئەوانەوە من هەرگیز ڕێگەم بەخۆم نەدەدا رۆحی تۆڵەسەندنەوە لەمندا چەکەرە بکات، لە هیچ قۆناغێکی ژیانیشمدا ئارەزووی ئەوەم نەکردووە کە تۆڵە لە هیچ کەسێک بکەمەوە، بۆیە لە یەکەم رۆژی وەرگرتنی بەرپرسیارێتیمەوە هەموو رابردووە ناخۆشەکانم لەگەڵ ئەواندا لە بیر کرد.

ئەو کاتەی من چوومە دەزگای چاودێری و بووم بە وردبینی گشتی، ئەو بەشەی من کارم تێدا دەکرد راستەوخۆ پەیوەندی بە دارۆی شێخ نوورییەوە هەبوو، ئەو کاتە کەمی شارەزایی و پسپۆڕی لە بواری وردبینیدا زۆرجار دەبووە هۆی ناتێگەیشتن لە یەکتری.

رۆژێکیان کاک دارۆ حساباتێکی پێدام و وتی: بڕۆ حساباتی ئەو پیاوەم بۆ بکە دەڵێت من ئەوەندەم قازانج کردوە، بزانە چەنێک پارەی لای ئێمەیە حسابی بکە تا ئێمە پارەکەی بدەینەوە. دیار بوو ئەو پیاوە شەریکایەتی هەبوو لەگەڵ ئیدارەی گشتیدا، کاک دارۆ وای دانابوو کە

ئێمە پارەمان لای ئـەوە، بـەڵام بە پێچەوانەوە بـوو. ئەو کاتەی بوومە چاودێر سوێندیان دام کە خیانەت نەکەم، هەرچەندێک حسابم دەکرد هەر ئەو پارەی لای ئێمە بوو، منیش هەموو تەفاسیل و وردەکاری ئەم بابەتەم لەسەر کاغەزێکی درێژکۆڵە نووسی و بردم بۆ کاک دارۆ، کە خوێندیەوە دیاربوو زۆری بـەدڵ نـەبوو، شێرکۆ هاتە ژورەوە و وتی: کاک دارۆ ئەمە کەی چاودێری و وردبینیە ئەوە تەختیتی دڵە کە وایوت هەموومان پێکەنین.

به هەموو قەناعەتێکمەوە دەمەوێت ئەوە بخەمەڕوو کاک دارۆ دەورێکی باڵای بینی لە رێکخستنی بەشی وردبینی و تەواوی دەزگای چاودێری داراییدا، ئەو هۆکاری ئەوە بوو کە ئەو دەزگایە بگاتە ئێستا و بەم شێوەیە سەرکەوتوو بێت.

من سەرەتا تەنها وردبینیم لە کارەکانی هەولێردا دەکرد، تا رۆژێکیان کاک دارۆ داوایکرد وردبینی پرۆژەکانی سلێمانیش بکەم، پێیوتم لەوێ گەنجینەیەکی گەورە هەیە و کاک وشیاری ساڵح رەفعەت بەرپرسیەتی و کاک عەلی فەتاحیش لەوێ کار دەکات و کاک دلێری سەید مەجید بەرپرسی هەموو ئەو کارانەیە، برۆ بۆ لای کاک دلێر قسەم لەگەڵ کـردووە. منیش گـەڕامـەوە سلێمانی، دەستبەجێ چوومە مەڵبەند، ئەو کاتە کاک دلێر و کاک وشیار لە

مەڵبەندی یەکی رێکخستنی سلێمانی دەوامیان دەکرد و گەنجینەکانیش لەناو مەڵبەندا بـوون. کاتێک گەیشتمە مەڵبەند پرسیاری کاک دلێری سەید مەجیدم کرد؟

وتیان: ئەوە کاک دلێرە زۆر مەشغوڵ دیار بوو، چەند کەسێک بەدوایەوە دەهاتن و دەرۆیشتن چومە لایەوە و وتم: جەنابت کاک دلێریت؟ وایزانی بۆ پارە رۆیشتووم بۆ لای وتی: بەڵێ فەرموو.

وتم: من کاک دارۆ ناردومی قسەی لەگەڵتدا کردووە؟

وتی: نەوەڵڵا هیچ قسەیەکی لەگەڵ نەکردووم.

نەشیپرسی تۆ کێیت و کێ نیت، زۆر بە رەقی وەڵامی دامــەوە. منیش دوای ئـەوەی سەردانێکی ماڵەوەم کرد، گەڕامەوە بۆ هەولێر. بە رۆژێک دواتر کاک دارۆی شێخ نوریم بینی و وتی: چیت کرد؟ وردبینیت کرد؟

وتم: کاک دلێر ئاوا قسەی کردووە.

وتی: کاک دلێر هەروایە.

دواتر وتی: ئەم هەفتەیە بڕۆرەوە بۆ لای و قسەم لەگەڵدا کردووە. دوای هەفتەیەک بۆ جاری دووهەم گەڕامەوە بۆ سلێمانی و بەهەمان شێوەی جاری پێشوو چومەوە مەڵبەند و وتم: جەنابت کاک دلێریت ئەو رۆژەش هاتم.

وتی: بەڵێ سەلامەت بیت بۆ قسەت نەکرد.

وتم: کاک دلێر بڵێم چی تۆ زۆر مەشغوڵ بوویت.

کاک دلێر دوو ژووری هەبوو، خۆی لە ژوورێک دادەنیشت، ستافەکانیش لە ژورەکەی دیکە. بانگی کاک وشیار و کاک عەلی فەتاح و کاک ئاوات و کاک حەمیدی برای کرد پێیوتن: ئەم پیاوە چیتان پێ دەڵێت بۆی بێنن تا هەموو شتێک ببینێت. ژوورێکیان دامێ و دەستم بە کار کرد. هەر لەو کاتەدا شەهید شەوکەتی حاجی موشیر هات و دیار بوو داوای پارەی لە کاک دلێر دەکرد بۆ کارێکی یەکێتی، کاک دلێریش دەیوت: نیمانە و ئێستا نیە. ئەویش هەر تەکلیفی دەکرد وتی: دە واز بێنە ماڵت نەشێوێت سەیری ئەودیو بکە بزانە شێخ دارۆ چ دەعبایەکی ناردۆتە سەر من و وردبینی کارەکانمان دەکات.

ئەوانیش بەوە زۆر پێکەنین.

لە سەردەمی شەری ناوخۆدا زۆرینەی مەکتەبەکانی یەکێتی سەردانی بەرەکانی شەڕیان دەکرد، ئێمەش وەک مەکتەبی دارایی بڕیارماندا سەردانی بەرەکانی شەڕ بکەین. رۆیشتین و لە رێگا لە چێشتخانەیەکی کانی وەتمان نانمان خوارد، کاک دلێر بە جلێکی زۆر ئاساییەوە هاتبوو، لە بەرپرسی ئێمە نەدەچوو، ئێمە لە ژوورەوە نانمان دەخوارد کاک دلێریش هاتبوو لەسەر بلۆکێک لە دەرەوە دانیشتبوو نان و ماستاوی دەخوارد، لەو کاتەدا کەسێک نامەیەکی مام جەلالی هێنابوو، مەسەلەکەش ئەوە بوو کۆمەڵێک پاکەتیان

گرتبوو داوای دەکرد بیدەنەوە، هاتە لای ئێمە و وتی: کاک دلێری سەید مەجید کامتانن.

وتیان: فەرموو ئەوە کاک دلێرە.

کابرا سەیرێکی کرد و سەرێکی بادا و نامەکەی دایە دەستی کاک دلێر، ئەویش نامەکەی خوێندنەوە و وتی: باشە بڕۆ بۆ سلێمانی و لەوێ وەرە بۆ لام بۆ ئەوەی کارەکەت بۆ جێبەجێ بکەم.

ڕۆیشتبوو وتبووی: ئەگەر ئەوە بەرپرس بێت بەخوا چاوم بەیەک پاکەت ناکەوێتەوە.

## بەزمی نان خواردن

جا دەڵێن قسە قسەی دێنێ. وەختی خۆی زۆر قەڵەو بووم، کاک دارۆش جگەلەوەی بەرپرسم بوو، هاوڕێشم بوو، ئەو کاتە خۆراک و پارەمان دەبرد بۆ پێشمەرگە، کاک وشیاری ساڵح ڕەفعەت تەرازویەکی هەبوو بۆ کێشان، کاک دارۆ دەیوت: بیبەنە سەر ئەو تەرازووە بیکێشن بزانن چەندی کەم کردووە. ئەو کاتە کە منیان کێشا (١٩٧) کیلۆ بووم، بە کاک دارۆیان دەوت کە گوایە من زۆر دەخۆم. بەتایبەتی کاک شێرکۆ ئەندامی مەکتەبی دارایی ئەو بەزمانەی دروستدەکرد.

کاک دارۆ حەوزێکی ماسی هەبوو، ئێوارەیەک ئەندامانی مەکتەبی دارایی من و کاک شێرکۆ و دکتۆر خەیروڵڵا و

کاک وشیاری ساڵح ڕەفعەت چووین بۆ ئەوێ، کاک شێرکۆ وتی: دوێنێ من و بایز بەیەکەوە سەروپێمان خوارد. کاک دارۆش وتی: براکەم دەمریت دەواز بێنە ئەم هەموو خواردنە چیە؟ منیش وتم: کاکە وەڵاهی ڕاست ناکات، دوای ئەوەی کۆبوونەوەکە تەواو بوو من دەستبەجێ بەرەو لای ئۆفیسەکەی خۆم چووم، کە ئەوکاتە بەرامبەر چێشتخانەی سارا بوو، نەمزانی کاک دارۆ چاودێری من دەکات، شێرکۆ ئەوەی دەزانی کە من ڕاستە هەندێ ئێواران دەچووم نانم دەخوارد، بەڵام دیاربوو کاک دارۆ وا تێگەیشتبوو کە من لای ئەوان هەستام، دەستبەجێ دەچم بۆ چێشتخانە نان دەخۆم، بۆ نەگبەتی ئەو ڕۆژەی کە لەوێ ڕۆیشتم سەیارەکەم لای چێشتخانەکەوە وەستاندبوو، چونکە لەوێ دوکانێکی یاری منداڵان هەبوو، دەمویست یارییەک بۆ نەوەکەم بکڕم، ڕێگا نەبوو، ناچار ئۆتۆمبێلەکەم لەبەردەم چێشتخانەکە ڕاگرت، پاسەوانەکەم نارد بۆم بێنێت، کە سەیر دەکەم کاک دارۆ لەبەردەمم وەستا و وتی: ها ئەویش شێرکۆیە؟ ئەوەتا من بەچاوی خۆم هەموو شتێک دەبینم، بەسە واز بێنە. ئەو بابەتە ئەوەندە گەورە کرا تا گەیشتە لای مام جەلال و پێیان وتبوو: بایز (٢٤) کاتژمێر لە چێشتخانەیە. منیش ئەو کاتە کارەکەم وابوو مام جەلال ڕۆژانە پەیوەندی پێمەوە دەکرد بۆ هەندێ پرسیار.

مام جەلال تەلەفۆنی کرد بوو بۆ بارەگاکەم وتبویان: بایز نەهاتووە، بە سکرتێرەکەمی وتبوو: ماڵەوەیانم بۆ وەرگرە، لەوکاتەدا من لەماڵەوەش نەبووم، پرسیاری لە خێزانەکەم کردبوو وتبووی تۆ کێیت؟

خێزانەکەم گوتبووی: من خێزانەکەیم.

مام وتبووی: ئەوە بایز لەکوێیە؟

خێزانەکەم وتبووی: ئێستا دەرچوو گوتویەتی دەچم بۆ بارەگا.

وتبووی: بارەگای چی برۆن بزانن لە چ چێشتخانەیەکە.

لەسەر خواردن بەزمی زۆریان پێ دەگێڕام. ساڵی (١٩٩٥) کاک جەنگی خەڵکی کۆیە لە ماڵی کاک دارۆ بوو لە عەنکاوە و وتی: دەعوەتی سەروپێتان دەکەم. دانیشتین و سەروپێیان هێنا، پیاو راست بڕوا جوانیان لێنابوو، بەڵام گیپەکان بچوک بوون، منیش گوتم: ئەرێ ئەم گیپە بچوکانە چیە. ئیتر شێرکۆ کردی بە قسە بۆم کە گیپەکەم خستۆتە دەممەوە و پەتەکەیم راکێشاوە و یەکسەر قوتمداوە.

## جێگری کاک دارۆ!

دەزگای چاودێری گشتی لە ساڵی (١٩٩٢) تاوەکو ساڵی (١٩٩٥) لە ناو ئیدارەی گشتی بوو، ئەو کاتەش لە هەولێر بوو. لە کۆتایی ساڵی (١٩٩٥) کاک دارۆ منی بە باشی

دەناسی و زۆری پێ خۆشبوو کە من کارەکان بکەم، بە تایبەتی لە مەسەلەی پارەدا.

ئێواران دەرۆیشتینەوە بۆ مەکتەبی دارایی، هەموو ئەندام مەکتەبەکان لەوێ کۆدەبوونەوە و باسی کارەکانی ئەو رۆژەمان دەکرد، کاک دارۆ بە منی وت: بایز حەزدەکەم پیاسەیەک بکەین، دەستمان کرد بە پیاسەکردن وتی: ناکرێت کە هەموو جارێک من دەرۆم دەبێت سێ چوار کەس دابنێم لە شوێنی خۆم بۆ مەسرەف، بۆیە من رەزامەندییەک وەردەگرم کە تۆ ببیتە جێگرم. وتم: لە من موستەحەقتری تێدایە و من کارەکەی خۆم دەکەم. دیار بوو چونکە مەبەستی بوو من ئەو کارە بکەم، دواجار قەناعەتی پێکردم و منیش رازی بووم. لەو کاتەدا تەلەفۆن کراو بە کاک دارۆیان وت: مام جەلال داوات دەکات کە هاتەوە سەیر دەکەم دەمووچاوی تێکچووە و وتی: ئەمە چیە لەژێرەوە هەندێک کاریش دەکەیت من ئاگام لێی نیە.

وتم: بۆ چیم کردووە؟

وتی: ئەی ئەوەنیە دەتەوێت بڕۆیت و لێرە نەمێنیت.

وتم: جیابوونەوەی چی؟ بە ڕاستی حەزم نەدەکرد جیاببمەوە و ئاگاداریش نەبووم. وتی: مام جەلال دەڵێت نابێت بایز سەر بە تۆ بێت، بەپێی یاسا چاودێری دارایی دەبێت سەر بە گەورەترین دەسەڵات بێت، بۆیە تۆ لە

بەیانیەوە پەیوەندیت بە ئێمەوە نەماوە.

دواتر دەزگای چاودێری دەستی بە کارەکانی خۆی کرد و سەر بە سکرتێری گشتی بوو، ئێستاش لە پەیڕەوی گشتی یەکێتیدا هەیە، دواتر بوو بە دەزگای چاودێری دارایی گشتی یەکێتی، ئیدی لەوە بە دواوە دەزگای چاودێری دارایی وەک فەرمانگەیەکی سەربەخۆ کاریدەکرد، بەڵام ئەوە نەبووە هۆی ئەوەی کە لەو برادەرانە بپچڕێم، بۆیە بەردەوامیمان بە هاوڕێیەتیماندا.

سەرەرای ئەوەی کە من لە جومگەیەکی هەستیاردا کارم دەکرد و زۆرینەی پارەی یەکێتی بە واژۆی قەڵەمەکەی من خەرج دەکرا، بەڵام خۆشبەختم بەوەی کە بەدرێژایی تەمەنم ئارەزووم لە بردنی پارە و ئەملاولا نەبووە، زۆرینەی برادەرانی ئیدارەی گشتی شاهیدن کە من ئەو کاتە کۆمەڵێک کەموکوڕیم لەناو ماڵدا هەبوو، تەلەفیزیۆنم نەبوو تا سەیری هەواڵەکان بکەم، تەنانەت کچەکەم نەخۆش کەوت مێزێک و شەش کورسی ستیلمان هەبوو فرۆشتمان و ناردم بۆ لای دکتۆر بۆ ئەوەی چارەسەر وەربگرێت، تا ڕۆژێکیان کاک شێرکۆ دەچێتە لای کاک دارۆ و پێی دەڵێ کە ماڵی شێخ بایز تەلەفیزیۆنیان نییە، دواتر شێخ دارۆ بانگی کردم و وتی: ئەوەی شێرکۆ دەیڵێ راستە؟ ئیتر هیچم بۆ نەمایەوە کە قسە بکەم وتم: بەڵێ تەلەفزیۆنم نیە.

وتی: ئەی چیت هەیە؟ وتم: وەکو چی؟ ئیتر زۆری وت من و تۆ براین و یەک ماڵین و خۆت دەزانیت هاوڕێیەتیمان چۆنە. منیش وتم: بەس بۆیلەرەکەم نەفرۆشتووە.

وتی: تۆ مەشروبخۆر نیت و قومارچیش نیت، ئەی پێم ناڵێیت بارودۆخت بۆ وایە؟

وتم: موچەکەم بەو شێوەیەیە کە دەیبینیت، منداڵەکانیشم خوێندکارن، ئەوەش بۆ من نەبۆتە کێشە، ئێستا کێشەم ئەوەیە کەسوکارەکەم لە دەست نەڕوات، چونکە هەموویان چاویان لە دەستی منە، دوای چەند رۆژێک دیاربوو بە ئەحمەدی حاجی عەلیە سوری وتبوو تەلەفزیۆنێکیان بۆ هێنام، وتیان: کاک بایز ئەگەر بتەوێت ئەم تەلەفزیۆنە بفرۆشیت دە هەزار دینار دەکات. منیش وتم: وەڵڵا بووم بەپیاو بۆ خۆم، بە خێزانەکەم وت جارێ مەیکەنەوە، چونکە ئەو رۆژەی کە تەلەفیزیۆنەکەم پێگەیشت (٣٠/ ئاب) بوو، ئەگەرچی هەندێ شتم بیستبوو سەبارەت بە بەرەکانی جەنگ، بەڵام بڕیارمدا بگەڕێمەوە بۆ هەولێر، بە مەبەستی وردبینی هەندێ پڕۆژە بە کاک دارۆم وت: کاکە من دەچم بۆ هەولێر بۆ وردبینی.

بەڵام کاک دارۆ ئاگاداری کردم کە نەڕۆمەوە و وتی بەیانی بەیەکەوە دەگەڕێینەوە هەولێر و لە رێگاش بۆ خۆمان قسە دەکەین، بەداخەوە بەیانی کارەساتی (٣١ی

ئاب) روویدا. ئێمەش لە جیاتی هەولێر بەرەو قەڵاچوالان بەڕێکەوتین، تەلەفۆنم کرد بۆ ماڵەوە وتم: ئێوە خۆتان کۆبکەنەوە و ئۆتۆمبێلەکەی خۆمتان بۆ دەنێرم، ئێوە بڕۆن من خۆم دوایی لەگەڵ کاک دارۆدا دێم.

خێزانەکەم وتی: بایز پارەمان پێ نیە. منیش پارەم لابوو بەس هی خۆم نەبوو. بۆیە ناچار وتم: تەلەفزیۆنەکە بفرۆشن. خێزانەکەم وتی: چۆن بیفرۆشین.

وتم: ئێستا خۆم کەسێکتان بۆ دەنێرم ناوی حەمە رەحیمە. تەلەفۆنم کرد بۆ حەمە رەحیم و وتم: کاکە حەمە ئەگەر تەلەفزیۆنەکەت دەوێت بڕۆ بیبە بەس پارەکەیان بۆ بەرە چونکە پارەیان پێویستە.

لەو کاتەدا خوشکی خێزانەکەم لە ماڵی ئێمە بوو، خێزانەکەشم وتبووی: ئەوە من سەد دینارم بۆ خۆم هەڵگرتووە و باقیەکەی بۆ ئێوە، چونکە ئێوە پارەتان پێ نیە کە هاتینەوە بماندەنەوە، ئێمە پارەمان بۆچیە لێرە و بایزیشم لە گەڵدایە و پێویست ناکات، خۆ قابیلە موچەیەکمان هەر دەدەنێ. من بەرەو نزیک باشماخ خزام و منداڵەکانم بینیەوە و پێک شاد بوینەوە، بەڵام کە گەشتینە ئەوێ، خێمە نەبوو ئێمە بچینە ناوی، منیش خێزانەکەم و سێ کچەکەم لەگەڵدا بوو، خێمەکانیش راستە بە دەست من بوو، خۆشم دابەشم دەکرد بەس بە منیان نەوتبوو خێمەیەک بۆ

منداڵەکانت هەڵدە، هەربۆیە بۆ خۆمانم دانەنا، کاک وشیار هەموو رۆژێک دەچووە ئێران بۆ شاری سەردەشت و دەگەڕایەوە و شتی دەکڕی و دەیدایە دەست من، منیش رۆژێک دوای گەیشتنمان دوو مستیلەی ئاڵتونی خێزانەکەم و ئەڵقەکانمانم شک دەبرد و ئەویشم دایە دەست کاک وشیار بۆ ئەوەی لە سەردەشت بۆمان بفرۆشێت، دواتر کە پارەکەی بۆ هێناینەوە خێمەیەکمان پێی کڕی.

## ژیان لە ئاوارەیدا لە 31ی ئابدا

زیاتر لە مانگێک لەوێ ماینەوە، بەڵام ژیان لەوێ سەخت بوو بە تایبەت بۆ من، چونکە لەوێش هەر خەریکی کاری خۆم بووم، دەمویست ئەوەی هەبوو دەستی پێوە بگرم، بەڵام هەندێ جار لەسەر ئەوە پیاو خراپیش دەکرام.

رۆژێکیان پیاوێک هات بۆ لام بۆ پارە و کەلوپەلی پێویستی، نووسراوێکیشی پێبوو، بەڵام بەر لە گەیشتنی بە جیهاز پێیانوتم کە تەنها هەندێ کەلوپەلی بدەرێ و پارەی مەدەرێ، لەبەرئەوەی پێشتر پارەی وەرگرتبوو. کاتێک گەیشتە لام منیش بەخۆشی تێم گەیاند کە کەلوپەلەکانت بەسەرچاو بەس پارەمان نییە، تەنانەت داوای لێبوردنیشم لێکرد، بەڵام هەر هێندەی رۆیشتە دەرەوە دەستیکرد بە هاوار و قسەی ناشرین، تا گەیشتبووە نزیک خێمەکەی

ئێمە، لەوێ خێزانەکەم فەرمووی لێکردبوو لێشی پرسی کە بۆچی تورەیە، ئەویش گوتبووی "لە دەست شێخ بایز تورەم ئەوەی هەیەو نیە دایناوە بۆ خوی هیچ نادات بە کەس"! بەڵام دوای ئەوەی خێزانەکەم خۆی پێ دەناسێنێ و کە دەبینێ ماڵەکەمان لە ماڵی ئەوان خۆشتر نییە، ئارام دەبێتەوە و داوای لێبوردن دەکات. جگەلەوە چەندین حاڵەتی تری لەو شێوەیەم بۆ هاتە پێش.

بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە لەوێ بووین، یەکجار توانیمان مریشک بخۆین، ئەویش لەگەڵ ماڵێکی تر کڕیمان و خواردمان، ئەگەرچی سەردەمێکی ناخۆش بوو، بەڵام هەندێجار نوکتەی خۆشیشی تێدەکەوت، بۆ نمونە: ئەوکاتەی مام جەلال پرسیاری ئەوەی کردبوو کێ هاتووە و کێ نەهاتووە؟

بەرزانی قالەی خەڵوز وتبووی: مام جەلال کەس نەما هەمویان هاتوون تەنانەت فولکەی دەستەکەش هاتووە، ئەو فولکەی دەستە مەبەستی من بووە.

یەکێکی تر لەوانەی بوو بە نوکتە ئەوە بوو، ئێمە خێمەمان نەمابوو لە گەنجینەدا، تەنها یەک خێمە نەبێت کە رەنگی شین بوو، ئەویش نەیاندا بە من تا هەڵیدەم، کاک دارۆ وتی: نەیدەیت بە کەس من ئیشم پێیەتی.

منیش وتم: باشە دابەشی ناکەم. کە خێمەکەم کڕی و

هەڵمدا بەردێکی زۆر گەورە لە بەردەم خێمەکەماندا بوو، بەینی بەردە گەورەکە و خەیمەکە جادە بوو ئۆتۆمبێل پێیدا دەڕۆیشت لە بەشی سەرەوەی زەڵێ کە دێیتەوە بۆ نۆکان دە لۆفەی هەیە، کاتێک هاتینە خوارەوە فریای ئەوە نەکەوتم کە جل بەرم لەگەڵ خۆمدا، کاک دارۆ کاک وشیاری ساڵح رەفعەت بانگکرد و پێیوت: بایز بێ خۆ ئامادەکردن هاتووە و تەنانەت نەگەڕاوەتەوە ماڵەوەش هەولبدەن هەندێک جلی بۆ پەیدابکەن. کاک وشیار هاتە لای من و وتی: چیت دەوێت. منیش لە فانیلە و دەرپێوە دەستم پێکرد چونکە هیچم نەبوو لەبەری بکەم، هەروەها وتم: زۆرم سەرمایە و بە شەوان سەرمام دەبێت، لە گەنجینە قەمسەڵەی لێیە، بەس خۆت دەزانی بۆ من نابێت بۆیە ئەگەر دەکرێت بزانە لای بەرگدورێک قەمسەڵەیەکم بۆ بدورن.

وتی: باشە منیش پەتێکم هێنا و قیاسی خۆمم پێکرد، وتم ئەوە کەمەرەکەیەتی ئەویش چووبوە لای بەرگدورەکە وای پێوتبوو، بەرگدورەکەش وتبووی: باشە بۆ خاتری خوا ئەم پیاوە چیە بە حەیاتم شتی وام نەدیوە، دوای تۆزێک وتبووی: ئەمەم لە تەلەفزیۆن دیوە، دوای ئەوەی قەمسەڵەکەیان بۆ هێنامەوە لە حەیبەتدا زۆری گەورە دووریبوو. هەر بە چڵکنی بۆیان هێنا بووم، ناچار داوامکرد بۆم بشۆن دوای شۆرینی دابوویان بەسەر بەردە گەورەکەدا، رەنگی

قەمسەڵەکەشم هەمان رەنگی خێمەکانی هەبوو، بۆ نەگبەتی لەو کاتەدا کاک دارۆ لەسەرەوە بە ئۆتۆمبێل هاتبووە خوارەوە، سەیری لای بەردەکەی کردبوو وتبووی: ئاخ بایز قەت بەقسەم ناکەیت پێم وتووە خەیمە دابەش مەکە کەچی دابەشیکردووە، کە هاتە خوارەوە سەیر دەکەم پێدەکەنن، لێم پرسین: ئەوە بەچی پێدەکەنن؟

شۆفێرەکەی کاک دارۆ وتی: لەسەرەوە هاتینە خوارەوە وامان زانی خەیمەکەت بەخشیوە، نەمانزانی قەمسەڵەکەتە. ناحەقیشیان نەبوو، ئاخر کێشم هەمیشە وایکردووە لە کەس نەچم و کەسیش لە من نەچێت، هەربۆیە زۆرجاران توشی بەزمی سەیر بووم، خزمێکمان کورێکی تاقانەی هەیە و زۆری خۆشدەوێت، خۆشیان موسڵمانن و پابەندی دینن، باوکی هەموو جارێک باسی خودای بۆ دەکات و دەڵێت خودا وا گەورەیە و لەوێنەی نیەو لە هەموو کەس گەورەترە، رۆژێکیان وتیان کورەکەی نەخۆشە و منیش چووم هەواڵی بپرسم، لە دەرگامدا، منداڵەکە خۆی هات و دەرگاکەی کردەوە، هەرچاوی بە من کەوت رایکرد و رۆیشت، منیش یەکسەر چوومە ژووری میوان دانیشتم، سەیر دەکەم دایک و باوکی بە پێکەنینەوە هاتن و وتیان بەخێربێیت، وتم: بەچی پێدەکەنن؟ وتی: بلە هاتووە دەڵێت باوکە دایکە خوا هات بۆ ماڵمان.

هەر لە (٣١ی ئاب) دا چووینە سەربازگەیەک لە شاری بانە مام جەلال رووی تێکردین و یەکەمجار لە کاک عەلی پرسی چیت پێیە؟ ئەویش وتی: ئەوەندە فەردە ئارد و ئەوەندە رۆنم پێیە. مام جەلالیش وتی: زۆرباشە بۆ قاسمەرەش دەچین ئێوارە ناوساجیان بۆ بکە. هاتە سەرەی من و لێی پرسیم: تۆ چیت هێناوە؟

منیش ئەوانەی پێمبوو وتم. نیوەڕۆکەی نان و پەنیرمان خوارد، دیاربوو کاک نەوزادی نوری بەگ چووبۆوە بانە و سەیری کردبوو کەبابخانەیەک هەیە کەبابی بۆ مام جەلال هێنایەوە مام جەلال وتی: جا ئەو کەبابە بەشی کێ دەکات (مەبەستی ئەوە بوو کەبابەکە زۆر کەمە) جەماعەت وتیان: مام جەلال بایز نانی خواردووە خەمت نەبێت.

## سەرۆکایەتیکردنی دیوانی چاودێری دارایی

هەڤاڵان و هەموو ئەوانەی کە لەدوای (٣١ی ئاب) گەڕانەوە پارەم بۆ هەموویان سەرفکرد، بەڵام کەس نەبوو پارە بۆ من سەرف بکات، بۆ هەریەکێکیان بڕی (٥٠٠) دینارم بۆ سەرفکردن، کە بۆ ئەوانم سەرفکرد حەزم نەدەکرد بۆ خۆشمی سەرف بکەم، چونکە دەموت: ئێستا دەڵێن بۆیە بۆ ئەوانی سەرفکردووە تا بۆ خۆشی سودمەند بێت لێی.

لە سەرەتای جیابوونەوەی ئیدارەی سلێمانییەوە من هەر چاودێربووم بەسەر کارەکانی حکومەتەوە و بەردەوام بووم لە دەزگای چاودێری دارایی. یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٧) حکومەت فەرمانێکی بۆ دەرکردم و بوومە سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی حکومەتی کوردستان لە ئیدارەی سلێمانی.

لە دەستپێکی دەستبەکاربوونم بە تەنیا بووم، تاوەکو دەزگاکەم دامەزراند زۆری پێوە ماندوو بووم، تاوەکو کەسانی شارەزا و پسپۆڕم دۆزییەوە، زۆربەیانم نەدەناسی و ئیعتیمادم دەکردە سەر قسەی خەڵک، تاوەکو توانیمان دەزگاکە دروستبکەین و بەڕێوەبەری گشتی و جێگری بۆ دابنێین.

ئەو کاتەی دەستمان بە کار کرد تاسانێکی گەورە بوو لەناو حکومەتدا، چونکە تا ئەو کاتە کەم شوێن لێپرسینەوەی لەگەڵ کرابوو، لەبەرئەوە تەواوی وردبینی حساباتەکانی حکومەت بەرەو رووی ئێمە دەبۆوە بۆ وردبینی، هەندێ جار کە فەرمانبەرەکانمان دەچوونە بەڕێوەبەرێتیەکان دەریاندەکردن، دەسەڵاتی دیوانی چاودێری زۆر بوو، بەڵام دەریاندەکردن بۆیە منیش دەچووم بۆ لای وەزیرەکان و تێمدەگەیاندن کە دەبێت وردبینی بکرێت تا دەگەیشتینە قەناعەت. دواتر وایلێهات فەرمانگەکان و ئەو رێکخراوانەی

پارەی حکومەتیان وەردەگرت، چوونە سەر دیوانی چاودێری دارایی. ئێمەش دەستمان بە کارکردن کردوو تاوەکو ساڵی (٢٠٠٢)، بەندە لەو کاتەدا لەلایەک بەرپرسی دیوانی چاودێری دارایی حکومەت بووم و لەلایەکی تریشەوە بەرپرسی دەزگای چاودێری دارایی یەکێتی بووم.

ساڵی (٢٠٠٢) بە فەرمانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی من بوومە وەزیری دارایی، هەموو مەکتەبی سیاسی دەنگیان دابوو کە من وەزارەتی دارایی بگرمە دەست، بەڵام کە بڕیارەکە دەرچوو من ئاگادار نەبووم و نەمدەزانی و کەسیش پێی نەگوتبووم، تا ڕۆژێکیان بە کارێک وەکو سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی چوومە ئەنجومەنی وەزیران، ئەو کاتە دکتۆر بەرهەم سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوو کە چووم دکتۆر بەرهەم کۆبوونەوەیەکی هەبوو لەگەڵ چەند کەسێکدا و بە منی وت وەرە بۆ کۆبوونەوەکە، بیرمە کۆبونەوەکە لەگەڵ جوتیاران بوو، منیش چوومە کۆبوونەوەکە و لە تەنیشت خۆیەوە دایناm و وتی: ئەوەش بایز تاڵەبانییە بۆیە هێناومە فەرمانی دەرچووە کە ببێتە وەزیری دارایی، کە کۆبوونەوەکە تەواو بوو هاتینە دەرەوە پێموت: کاک بەرهەم من دەبم بە وەزیری دارایی؟ وتی: بۆ نازانیت پێیان نەگوتویت؟

منیش وتم: نا پێیان نەوتووم و ئاگاداری هیچ نیم.

وتی: دەبێت بە وەزیری دارایی و دوو سێ ڕۆژی دیکە دەچینە هەولێر بۆ پەرلەمانی کوردستان و لەوێ دەبێت سوێند بخۆن.

ئەو کاتە ئەگەرچی ململانێی نێوان پارتی و یەکێتی بە تـەواوی کۆتایی نەهاتبوو، بـەڵام پەرلەمانێکی هاوبەش دروست ببۆوە و دکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی پەرلەمان بوو، دکتۆر کەمال فوئادیش جێگری بوو، من و کاک شالاوی عەلی عەسکەری و دکتۆر محەمەد خۆشناو چووین بۆ پەرلەمان و لەوێ سوێندمان خوارد.

ئەوکاتەی من بووم بە وەزیری دارایی دەبوایە یەکێک بێتە شوێنەکەی من کاندیدەکەش جەلالی سام ئاغا بوو، بڕیاریاندا ئەو بێتە شوێنەکەی من لە دەزگای چاودێری گشتی.

## بوومە وەزیری دارایی

لـە کابینەکەی دکـتـۆر بـەرهـەم کـە دەکـاتـە کابینەی دووهەمی ئیدارەی سلێمانی، من بووم بە وەزیری دارایی و لە کابینەی سێهەم کە عومەر فەتاح سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوو من هەر وەزیری دارایی بووم، لە کابینەکانی دوو و سێ و چواری ئیدارەی سلێمانیدا هەر بە وەزیری دارایی مامەوە.

دوای دەستپێکردنی کابینەکانی حکومەتی هاوبەش، لە کابینەکانی پێنج و شەش و حەوت لە حکومەتی هاوبەش، بە هەمان شێوە وەزیری دارایی بووم، بەڵام لە کابینەی پێنجدا وەزیری دارایی بووم بۆ کاروباری هەرێم و ئیدارەی سلێمانی کۆنمان بەرێوەدەبرد. هێشتا کابینەی شەشی حکومەتی هاوبەش دەستی پێنەکردبوو، کاک نێچیرڤان و کاک عومەر فەتاح رۆژێکیان بانگیان کردم وتیان: راستە تۆ وەزیری هەرێمیت بۆ کاروباری دارایی و لە سلێمانی دەسەڵاتت هەیە، بەڵام ئێستا دەبێت وەزارەتی دارایی هەولێریش بەڕێوەبەریت. بەم جۆرە بوومە وەزیری دارایی هەولێریش بەوەکالەت، تاوەکو کابینەی شەش و دواتر بوومەوە بە وەزیری دارایی هەرێم لە کابینەی حەوتەمیشدا هەر وەزیری دارایی بووم.

## سەفەری حەج

لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم کەڵکەڵەی چونە حەجم بۆ هات و دەمویست ببمە حاجی، هەر بۆیە داوامکرد بچمە حەج، بەڵام چۆن حەجێک، کە چووم خەڵک بە منی دەوت ناتوانیت حەج بکەیت، چونکە نەمدەتوانی بڕۆم و بارودۆخی تەندروستیم تەواو نەبوو، زۆر زۆر لە ئێستا قەڵەوتر بووم، چوومە مەدینە و دواتر چووینە مەککە و

چووین بۆ تەواف کردن، من نەمتوانی بە پێ تەواف بکەم بە عەرەبانە تەوافم دەکرد، منداڵەکانیشم لەگەڵدا بوو، ئەوان بە پێ تەوافیان دەکرد لەگەڵمدا، کە من لەسەر عەرەبانەکە دانیشتم و لەو کاتەی مەراسیمی تەوافمان بەجێدەهێنا، بێ ئاگا بووم لەوەی ئەسبابەکەم دەرکەوتووە، ئیدی پیاوێکی رەشەم لێ پەیدابوو کە نەمدەزانی بە چی زمانێک قسە دەکات، هەر قسەی دەکرد تێنەدەگەیشتم چی دەڵێت، زیاتر وەک بۆڵە بۆڵێک دەهاتە بەر گوێم، کە لە تەوافەکە جارێکی دیکە گەڕامەوە سەیردەکەم وەستاوە و کەسێکی وەکو وەرگێڕ دانا و وتی ئەسبابت (عەورەتت) بشارەوە، ئەمجا تێگەیشتم وتم: کاکە (مایشتغل) واتە ئیش ناکات. کە واموت دەستیانکرد بە پێکەنین، بۆ جاری سێهەمی تەوافەکە سەیر دەکەم بیست سی کەس وەستاون.

## پڕوپاگەندەکانی راگەیاندن

ئەو کاتانەی من وەزیری دارایی بووم و لە کابینەکاندا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران (دکتۆر بەرهەم، عومەر فەتاح، نێچیرڤان بارزانی) بوون، واتە بە گشتی من نزیکەی (١٥) ساڵ وەزیری دارایی بووم، جا ئەو دەمانە راگەیاندنەکان جاری وابوو باش لەسەریان دەنووسیم، یان بە خراپی لەسەریان دەنووسیم بوختانیان بۆ دەکردم،

قسەی راستیان دەنووسی و قسەی درۆشیان دەنووسی.

رۆژێکیان بە گوێی خۆم بیستم یەکێک لە کەناڵەکانی راگەیاندن دەیـوت: کوڕەکانی بایز تاڵەبانی لە لەندەن هایلایف دەژیـن، لەکاتێکدا من کوڕم نیە، یان دەیانوت: خانوویەکی هەیە لە گوندی ئەڵمانی بەس بۆ ڕابـواردن، بەڵام من زۆر گوێم بەو باس و خواسانە نەداوە.

لە پەرلەمانیش کاتێک بانگیان کردووم بێ منەتانە ئەوەی هەبووە خستومەتەروو، بۆیە لە کاتی گێرمە و کێشـەدا توانیومە ئارامی خۆم بپارێزم، جارێکیان من و رەشید تاهیر لە پەرلەمانی کوردستان دانیشتبووین، راپۆرتی بودجە دەخوێندرایەوە، لە گەرمەی گفتوگۆدا بووین و بەشێک لە پەرلەمانتاران رازی نەبوون، بە تەپڵ لێدان هۆڵەکەیان بەجێهێشت، هەستان بەپەلە بتڵە ئاوەکانیان کۆکردەوە نەوەکو هەڵیدەن و تێمانی گرن رەشید تاهیر وتی: بایزە برا چ بکەین؟

وتم: هیچ نیە ئاسانە.

وتی: بەردەوام ئەو مەسەلانە بە ئاسانی سەیر دەکەیت.

وتم: ئاخر ئاسانە مادەم ئەوان تەپڵ دەکوتن، من گۆرانی دەڵێم و تۆش رەقس بکە.

وتی: خۆ من مەیمون نیم.

لەو ماوەی کە وەزیر بووم بـەردەوام لەگەڵ تەواوی

بەرپرسان کۆبومەتەوە و چاوپێکەوتنم لەگەڵ هەمویاندا هەبووە، بەخۆشحاڵیشەوە دەیڵێم هەموو کاتێک دەست کراوە بووم چی ئەوکاتەی کە وەزیری دارایی ئیدارەی سلێمانی بووم و چ ئەوکاتەی کە وەزیری دارایی کابینەکانی (٤ و ٥ و ٦) بووم، تەنانەت کاک نێچیرڤان-یش ئەوکاتەی سەرۆکی حکومەت بوو دەستی نەهێناوەتە ڕێم لە زۆربەی کاتەکانیشدا راوێژم پێکراوە.

## شەوەکەی بەغدا

لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق و دروستبوونەوەی حکومەتی عێراقی، ئێمە وەک وەفدی کوردی بە سەرۆکایەتی کاک نێچیرڤان بارزانی چوینە بەغداد، ئەو شەوەش تووشی حاڵەتێکی سەرەتا ناخۆش بەڵام دواتر خۆش بووین، چونکە ئێوارە دوای ئەوەی چوینە فرۆکەخانە، بەهۆی ئەوەی فڕۆکەکەمان نەفڕی ناچار لە بەغدا ماینەوە، ئەو کات وەک ئێستا فڕۆکە نەبوو، بە فڕۆکەیەکی ئەمریکی تایبەت ئێمەیان بردە بەغدا، من و کاک نێچیرڤان و عوسمان شوانی و سەرکیز ئاغاجان و ئازاد بەرواری و بابەکر زێباری و رەشید تاهیر هەموومان لەوێ بووین.

لەناو فڕۆکەخانەکەدا خانوویەکیان بۆ کاک نێچیر پەیداکرد، ئێمەش چووین لە شوێنی سەربازەکان خەوتین.

شەو دانیشتین نانمان خوارد و قسە دەکراو بەسەرهات دەگێڕدرایەوە، کەسیش نەیدەزانی کە من شیعرێکی زۆرم لەبەرە، بابەکر زێباری هەندێک شعیری خوێندەوە سەیر دەکـەم شیعرەکانی زۆر بێ سـەروبـەر بـوون، خراپتر لەوە لە قسەکانیشی زۆر تێنەدەگەیشتین، منیش شیعرم خوێندەوە و کاک نێچیرڤان زانی کە من شتێکی لێ دەزانم وتی: دە مادام وایە وەرن شیعر بڵێین بابزانین کێ ئەویتر دەبەزێنێت. ئەو کاتە جگەرەم دەکێشا وتم: کاک نێچیرڤان من ئەگەر جگەرە نەکێشم ناتوانم شیعر بڵێم.

وتی: فەرموو بیکێشە.

جگەرەیەکم داگیرساند و دەستمکرد بە شیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانی و چەند شیعرێکی دیکە و خوتبەی ئیمام عەلی و ئیمام عومەر، شەوەکەمان بردە سەر، ئێستاش لە هەموو دانیشتنێکدا دەڵێت ئەگەر تۆ نەبوویتایە قەت ئەو شەوە تەواو نەدەبوو.

هێندەی بۆم کرابێت گوێم بە دنیا نـەداوە، بـەردەوام هەوڵمداوە دڵی دەوروبەرم خۆش بکەم تەنانەت ئەگەر بە پێکەنینیش بووبێت. من کەسێکی لەسەرخۆم هەر ئەوەش وایکردووە سەرباری نەخۆشیەکانم باش بمێنمەوە.

## پشکنینی نەخۆشی لە ئێران

دیارە وەک هەر کەسێکی دی نەخۆش کەوتووم و زۆریشم پشکنین بۆ کراوە. جارێکیان بۆ ئەوەی پشکنینی گشتی تەندروستیمان بکەین، من و هاوسەرم سەفەری ئێرانمان کرد و خۆمان دایە دەست دکتۆر، هەردوکمان وێکڕا نەخۆش بووین، دکتۆرەکە وای دەهاتە بەرچاو من زۆر نەخۆش بم، کاتێ ئەنجامی پشکنین دەرچوو خێزانەکەمیان نارد تا هێڵکاری دڵی بۆ ئەنجام بدەن، چونکە گومانی نەخۆشی دڵیان لێدەکرد، ئەمجا سەرەم هات و دکتۆر سەماعەکەی نایە سەر دڵم و تۆزێک گوێ بۆ ترپەی دڵم هەڵخست، زۆری نەبرد تەلەفۆنێکی کردو  پانزە دکتۆر و خوێندکارێک دابارینە سەرم، هەر یەکەو سەماعەکەی دەهێنا و دەیخستە سەر دڵم، راستیەکەی زۆر ترسام، خۆمم بۆ نەگیرا و لێم پرسین: ئەرێ حاڵیم بکەن من چیمە؟

دکتۆر وتی: ئێستا پێت دەڵێم مەسەلە چیە.

دواتر دکتۆرەکە رووی تێکردم و لێی پرسیم: تۆ کاری چی دەکەی.

بەپەلە گوتم: ژمێریارم باسی ئەوەم نەکرد کە بەرپرسم و خوا خوام بوو زوو وەڵامێک ببیستم هەر بۆیە لە کورتی وەڵامی پرسیاری دکتۆرم دەبڕاندەوە.

وتی: کارێکی قورسە، باشە تۆ پێم بڵێ بەم کێش و وەزنەی کە هەتە و لەم تەمەنەیا، دەبووایە ئێستا تۆ دڵت

زۆر ناساغ و ناتەواو بوایە تۆ چی دەکەیت وا دڵت باشە؟
ئاهێکم هاتەوە بەر و وتم: زیاتر لە دە ساڵە دەرمانی شەکرە و زەخت دەخۆم، ئەو دەرمانەی دکتۆر بۆم دەنوسێت قەت لە بیرم نەکردووە و لە کاتی خۆیدا خواردوومە، هەروەها قەت خەفەتم لە هەندێک شت نەخواردووە. من لە شاری سلێمانی دەژیم، ئەو شارە بەردەوام بە تانە و تەعلیق و نوکتەچین، کە لە ئۆتۆمبێلەکە دادەبەزم هەندێکیان بەزەییان پێمدا دێتەوە و هەندێکیان پێکەنینیان پێم دێت، هەندێکی رووداوەکانە ئەولاوە و کاریگەر دەبێت، بەڵام من دەڕۆم وەک ئەوەی کەس لەگەڵ منی نەبێت. ئەمجا دکتۆر وتی: ئەو شتانە زۆر گرنگن، هەر ئەوانەشن هۆکاری باش مانەوەی دڵتن.

## قەرزکردن بۆ مووچە

بەو پێیەی کە من ماوەیەکی زۆر وەزیری دارایی بووم، راشکاوانە دەڵێم کۆمەڵێک کاری باشم ئەنجامداوە و رەنگە شتیش بەسەرمدا تێپەڕ بوبێت، چونکە منیش وەک تەواوی کاربەدەستانی دونیا مرۆڤم، مرۆڤیش شیاوی کاری باش و خراپیشە. بە هەرحاڵ دەمەوێت لێرەوە تیشک بخەمە سەر چەند حاڵەتێک کە لەو کاتانەی وەزیر بووم و روویانداوە:
ئەو کاتەی وەزیری دارایی بووم لە ئیدارەی سلێمانی

کابینەی "دکتۆر بەرهەم" پارە نەبوو بۆ ئەوەی مووچەی پێبدەین، هەمووومان چاومان لە سەر پارەی رۆژانەی گومرگەکانی چوار دەوری سلێمانی بوو، رۆژانە دەچوومە بانک بۆ ئەوەی بزانم چەندیان وەرگرتووە، دواتر پارەکەیان دەنارده وەزارەتی دارایی و بەپێی ئەو حسابە ئێمە مووچەمان پێدەدا، جاری واهەبوو پارەکە بەشی نەدەکرد و لە قەیرانێکی زۆر گەورەدا بووین، پارەمان نەبوو مووچەی لێبدەین، دکتۆر بەرهەم وتی: دەبێت پارە هەر پەیدا بکەین و نابێت مووچە هەر نەبێت، بۆیە هەر دەبێت مووچەی مامۆستایان چارەسەر بکەین.

وتم: هیچ چارەسەرێکم پێ ناکرێت.

وتی: بزانە قەرزێک شتێک لە شوێنێک وەرناگریت. هەندێک زەوی حکومەتیش هەبوو فرۆشتمان بۆ ئەوەی مووچەی مامۆستایانی لێبدەین، بەڵام پارەکەی کەمێک درەنگ دەگەڕایەوە کاتێک گەڕامەوە زۆر بیرم کردەوە لەوەی پارە لە کێ قەرز بکەین بۆ دابینکردنی مووچە، دواتر وتیان فاروقی مەلا مستەفا پارەی هەیە، پیاوێکە دەتوانی هیوای ئەوەی لەسەر هەڵچنی کە هاوکاریمان بکات، منیش لەگەڵ کاک فاروقدا بەس سەلامم هەبوو، ناچار تەلەفۆنم بۆکرد و وتم: کاک فاروق کارێکم پێتە.

وتی: فەرموو.

وتم: پارەمان نیە مووچەی پێبدەین دەتوانیت پارەمان بە قەرز بدەیتێ.

وتی: چەندت دەوێت.

وتم: نیو ملیۆن دۆلارم دەوێت.

گوتی: ئەی زەمان چیە؟

وتم: وەڵاهی من هیچم نیەو خۆشم بفرۆشم ئەو پارەیە پەیدا ناکەم، بۆیە زەمان هەر ئەم حکومەتەیە.

وتی: باشە کاتژمێرێکی دیکە پارەکە دەخەمە سەر حسابەکەتان و ژمارە حسابی وەزارەتی دارایم بدەرێ. ئێستاش بیرمە وتم: ژمارە (٧٠)، کاتژمێرێکی نەبرد لە بانکەوە تەلەفۆنیان کردو وتیان: کاک فاروق بڕی پێنج سەد هەزار دۆلاری خستۆتە سەر حسابەکەمان، دوای داخستنەوەی تەلەفۆنەکە، تەلەفۆنێکی دیکەم بۆ هات و وتی: کاک بایز پارەی زەوییەکانی وەزارەتی شارەوانی هێناویەتی زیاتر لە پێنج سەد هەزار دۆلارە، لەدوای چوار ساڵ قەرزەکەی کاک فاروقمان دایەوە، کاک فاروق خۆشی داوای قەرزەکەی نەکردەوە.

ئەو کاتانەی کە وەزیری دارایی بووم راستە لەسەر پشکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوومە وەزیر، ئەوەش ناشارمەوە کە هەندێ کارم بۆ یەکێتی کردووە، بەڵام ئەگەر کارێک هاتبێتە پێشەوە و دوو کەس هاتبن بۆ لای من بە

مەبەستی دامەزراندن، لێم نەپرسیوە تۆ یەکێتیت یان پارتی، یان هەر لایەنێکی دیکە بێت وەرمگرتووە، من بەو شێوەیە کارمکردووە بەڵام کارکردنی زۆرم لەو کاتەدا زەرەرێکی زۆری پێگەیاندم، بە تایبەتی لەڕووی تەندروستیەوە، چونکە جاری وا هەبووە تا بەیانی نەخەوتووم، بەس خەفەتم خواردووە و بە هەفتە مێشکم مەشغوڵ بووە، ئەو رۆژە ئاسودە بووم کە کەمترین کێشەم هەبوبێت، بەڵام نەبووە قەتیش باوەڕناکەم رۆژێک هەبووبێت من بە بێ کێشە گەڕابێتمەوە ماڵەوە و ئیسراحەت بکەم.

خۆم و پاسەوان و ئەو کەسانەی کە لەگەڵمدا بوون، لە یەک خانوودا دەخەوتین و لەسەر یەک مێز نانمان دەخوارد و یەک خواردنیش بوو، دادەنیشتم لەگەڵیان یاریمان دەکرد، چەندەها جار هاتوون بە منیان وتووە: کاکە ئەوە تۆ نەخەوتویت. منیش پێمدەوتن جارێک بێدارم تەلەفزیۆنەکەم هیچ شەوێک نەکوژاندۆتەوە لەبەرئەوەی خەوم لێنەدەکەوت، بۆیە تائێستا ئەو ستافە لەگەڵمدان، لەگەڵ ستاف و پاسەوانەکانمدا وەکو یەک ماڵ بووین. بەردەوام هەوڵمداوە دڵیان راگرم، حەزیشم بە بوونی پاسەوانی زۆر نەبووە لەگەڵمدا بن، تەنانەت رۆژێکیان مام جەلال وتی: بایز چەندت پاسەوان دەوێت تا بتدەمێ، چونکە کارەکەی تۆ هەستیارە.

منیش وتم: پاسەوانم ناوێت بۆچیمە، بەڵام مام جەلال جەختی لێکردمەوە کە دەبێ بمەوێت، ناچار وتم: خۆم دوو سێ پاسەوانم لەگەڵدایە جا بەزمی پاسەوانیش جاروبار دەهاتە سەرم.

لە گەڕەکی چوارباخ میوە فرۆشێک هەبوو، هەموو جارێک دەرۆیشتم میوەم لێ دەکڕی کەبابخانەیەکیش بەرامبەری بوو، بێ ئاگا لەوەی بەرزانی قالەی خەڵوز لە کەبابخانەکەیە، کاتێک دابەزیم میوەکان بکڕم، پاسەوانەکان میوەکە دەخەنە ناو ئۆتۆمبێلەکەوە، بۆ نەگبەتی پاسەوانیش چەکەکەی هەر لە شاندا بووە و داینەنابوو، دوای چەند رۆژێک گۆڤاری سیخوڕمە دەرچوو سەیر دەکەم بایز دەرچووە و پێشمەرگە بەدوایەوەتی و میوە دەکڕێت.

### کارکردن لە رێکخراوەکاندا

ئەوەش لە یاد نەکەم من ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری دوو رێکخراو بووم. ساڵی (١٩٩٤) لە هەولێر لە مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکان بەڕێوەبەری ئیدارەو دارایی بووم، رۆژێک بە مێشکمدا هات کە یەکێتی وردبینی و ژمێریاران دابمەزرێنین، لەگەڵ چەند کەسێکدا پەیوەندیمکرد بۆ ئەوەی ئەو یەکێتیە بکەینەوە، چونکە چەندین رێکخراوی جیاجیا و فرە بوار لە هەولێر دامەزرا بوون و سەر بە مەکتەبی

ڕێکخراوە دیموکراتیەکان بوون، منیش بیرم کردەوە بۆ ئێمەش یەکێتی وردبینی و ژمێریارانمان نەبێت، خۆشم ئەندامی ژمێریارانی بەغداد بووم و بە پێویستم زانی لە کوردستانیش ڕێکخراوێکی لەو جۆرە هەبێت.

یەکێک لەو کەسانەی بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندیم پێوەکرد کاک حەمە حسێن بوو، لەو ماوەیەدا بەڕێوەبەری گەنجینەی سێ بوو، ئێستا لە زانکۆ دەوام دەکات و داوام لێکرد کاری تێدا بکەن، ئەوانیش خەڵکێکی زۆریان کۆکردەوە وەکو ژمێریاران، دواتر تەلەفۆنیان بۆ کردم گوتیان: یەکێتیەک هەیە سەر بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە بەناوی یەکێتی ژمێریاران و ئابوریناسانەوە، ئەو یەکێتیە مەڵبەندی یەکێتی تەبەنیان کردووە، ئەوەی کە منیش پێکمهێنا مەکتەبی ڕێکخراوەکان تەبەنیان کردبوو، هاتم بۆ سلێمانی و وتم: با قسەی لەسەر بکەین. دانیشتین و ئەو کاتە ئابوریناسانی سلێمانی کاک ئەمیر، کاک مەجید، کاک دڵشاد عوسمان بوون، ئەوەی ئێمەش من و کاک حەمە حسێن و یەک دوو برادەری دیکە بووین. پێکهاتین لەسەر ئەوەی هەردوولامان یەک ڕێکخراومان هەبێت بەناوی یەکێتی ئابوریناسان و ژمێریارانەوە.

ساڵی (١٩٩٥) بە زۆر منیان کرد بە سەرۆکی فەخری یەکێتی ژمێریاران و ئابوریناسان، لەدوای ماوەیەک

بارودۆخی ئەو یەکێتیە زۆر خراپ بوو، هەندێکیان باسیان لەوە دەکرد کە ڕێکخراو پێویستی بە کەسێکە، زیاتر ئیدارەی بەهێز بێت. زۆریان لێکردم و کردیانم بە سەرۆکی فیعلی. دەستمان بە کار کرد و چەند چالاکیەکی زۆر گەورە کران، بە تایبەتی کە توانیمان دەرماڵە ببڕینەوە بۆ هەر ئەندامێکی ئابوریناسان و ژمێریاران. هەر کەسێک لەو ڕێکخراوە بوایە وەریدەگرت.

من هەر سەرۆک بووم تاوەکو کۆنگرەی یەکمان ئەنجامدا، لە کۆنگرەکەدا بە هەڵبژاردن نەبوو بە تەسکیە منیان کردەوە بە سەرۆک، ماوەیەکی بەسەرداچوو بارودۆخێکی تایبەت هاتە پێشەوە و نەمانتوانی کۆنگرە ببەستین.

ساڵی (٢٠٠٢) ڕۆژێکیان لە هۆتێل ئاشتی هەموویانم کۆکردەوە وتم: من ئێستا وەزیرم و حەز ناکەم چیتر سەرۆکی ئەم ڕێکخراوە بم ئیدی ناتوانم کارەکانم وەکو پێویست ئەنجامبدەم و دەمەوێت وازبهێنم. دوای من سەرۆکێکی دیکەیان دانا و تائێستاش لە کارکردن بەردەوامن.

ساڵی (٢٠٠٤) من وەکو کەرکوکیەک کارمەدەکرد بۆ کۆمەڵەی ڕووناکبیری کەرکوک. ڕۆژێکیان لە ژووری بارزگانی کۆبوونەوەیەک ئەنجامدرا و وتیان: تۆش وەرە.

منیش چووم لەناو کۆبوونەوەکە کەسێک هاتە تەنیشتمەوە و وتی: دەزانیت ئێستا یەکێک لەوانەی کە دایدەنێن بۆ هەیئەی ئیداری ئەم کۆمەڵەیە تۆیت؟

وتم: نەوەڵڵا نازانم.

وتی: ئەی کەس هیچی بە تۆ نەوتووە؟

وتم: نا کەس هیچی بە من نەگوتووە.

وتی: تۆ کاندید کراویت و بڕیارت لەسەر دراوە دواتر خستیانە دەنگدانەوە و بووم بە ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە.

## پوختەی ئەزموون

من بە درێژایی تەمەنی کارکردنم کەس نەبوو کێشەم بۆ چارەسەر بکات، لەبەرئەوەی کە من خۆشم شارەزابووم لە داراییدا ئەگەر سادەترین هەڵە تێبپەڕیبایە بەسەرمدا لێیان قبوڵ نەدەکردم، لەبەرئەوە دەبوو زۆر ئاگاداری خۆم بوومایە.

ئێستاش خەڵک خۆی شاهیدە تاوەکو من لە وەزارەتدا بووم، نە مووچە و نە سلفەی عەقار و نە سلفەی زەواج و نە پارەی خوێندکارانی بەشی ناوخۆیی و نە تواناسازی و نە مەسرەفی صناعی هیچی دوانەدەکەوت، جگەلەوە هەموو دێهاتەکانی کوردستان بە ناوچە کوردییەکانی دەرەوەی هەرێمیشەوە هەمووی لەسەر حسابی حکومەتی

کوردستان ئاوەدانکرایەوە، هەموو ئەمانە و زیاتریش لە سەردەمی مندا بوون و فەخریشی پێوە دەکەم.

خێزانەکەم هەمیشە پشتیوانم بوون، ئەوان هۆکاری سەرەکی پێشکەوتنی کارەکانم بوون. هاوسەرەکەم تائێستاش لە ماڵەوە هەم پیاوە و هەم ژنە، بە چەندەها جار بەجێمهێشتووە و ئەو منداڵەکانی پێگەیاندووە، فەخر بەو ژنەمەوە دەکەم، یەکێک لە کچەکانم ئێستاش هەندێکجار ئەوەم بیر دێنێتەوە کە پەیمانگای مامۆستایانی بە یەک تەنورە و بلوزەوە تەواوکرد. لەکاتێکدا هەموو پارەی یەکێتی لای من بوو، ئەگەر لە هەندێک حاڵەتدا دەستیان پێمەوە نەبووایە رەنگە بارودۆخم زۆر خراپ بووایە. بە خۆشحاڵیەوە دەڵێم کە تائێستا داوای پارەم بۆ خۆم نەکردووە، بەڵام شەڕی زۆرم لەسەر خەڵک کردووە.

ئەو کاتەی کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێم کۆتایی هات و کابینەی هەشتەم دەستی بە کارەکانی کرد، نەشتەرگەریم بۆ کرا و ماوەی (١٢) رۆژم پێچوو، دواتر ساڵێک و چەند مانگێک لە جێگادا بووم، لەبەر ئەم هۆکارەش بەداخەوە نەمتوانی لە ساڵی (٢٠١٤)دا پێشوازی لە وەزیری دارایی نوێ بکەم، لەبەرئەوەی مانگێک بەر لەوە لە وەزارەتی داراییدا کەوتم و تووشی ئازاری فەقەرات بووم، بردیانم بۆ ئەردەن و لەوێ نەشتەرگەرییان بۆ

ئەنجامدام، ئەوکاتەی حکومەت پێکهات من هەر لە ئەردەن بووم، بەڵام بەسوپاسەوە ریباز حەملان وەزیری دارایی کابینەی هەشتەم خۆی هاتە لای من و سوپاسی کردم بۆ ئەو کارانەی کە پێشتر کراون، منیش داوای لێبوردنم لێکرد و وتم ئەوە بارودۆخەکەمە و نەمتوانی بێم پێشوازیت لێ بکەم، ئێستاش نێوانمان خۆشە لەگەڵ وەزیردا و کەسیش بە هێندەی من بەینی خۆش نیە لەگەڵ ستافی وەزارەتی داراییدا، رۆژ نیە بەڕێوەبەرە گشتیەکان و بریکاری وەزیری دارایی تەلەفۆنم بۆ نەکەن و هەواڵم نەپرسن. بەردەوام بە من دەڵێن سەردەمی تۆ سەردەمێکی ئاڵتونی بووە و قەت جارێکی دیکە برادەرێکی وەکو تۆمان دەست ناکەوێت چونکە من هاورێیان بووم.

ئێستا وەک سەرۆکی دەزگاری چاودێری دارایی یەکێتی بەردەوامم لە کارەکانم. هەموو ساڵێکیش تەواوی داتا حیسابیەکان لە شێوەی راپۆرتێکدا دەدەمە مەکتەبی سکرتاریەتی گشتی یەکێتی، بێ ئەوەی بۆ یەک رۆژیش دوابکەوێت.

## پەیامی کۆتاییم

لە کۆتاییدا لێرەوە بەهەر سێ کچەکەم دەڵێم ئێوە بیلبیلەی چاوانی منن، رێی رۆشنایی دوای نەمان و مەرگی منن. ئاسودە بن باوکتان جیاواز لە خەڵکی دیکە نەژیاوە،

هەر لەناو خەڵکدا بووە، هێندە چاوچنۆک و برسی نەبووە کە هەر خۆی لە بیر بووبێت، هێندەی توانبێتم هەمیشە لێبوردەییم بەسەر توڕەبوونمدا زاڵکردووە، خۆزگە و ئاواتی بێ بنەما و پڕوپوچم لە زەینمدا جێ نەکردۆتەوە. لە هیچ شتێکدا بە بیرم نایەت زیادەڕەویم کردبێت، بەڵام زیاد لە پێویست ئێوەم خۆشویستووە و لەوەیاندا زۆریش زیادەڕەو بووم. دەزانم هەموو باوکێک هەروەکو منە، هەر خودا دەزانێت چەندم خۆشدەوێن.

خۆشەویستی بە واتای ویستم بووە ئێوە هەمیشە لە خۆشیدا بن. من دەزانم تەمەن تێدەپەڕێت و مەرگ و مردن شەرمی لە کەس نییە، ڕۆژێک منیش وەک هەر کەسێکی دی ئەم ژیانە بەجێدەهێڵم، بەڵام لە ئێوەم داوایە تا بۆتان دەکرێت ژیانی خۆتان بە هەدەر مەدەن، سات بە ساتی تەمەنتان بە غەنیمەت بزانن و سودی لێ وەربگرن، تا بتوانن سود بە کەسانی دیکەش بگەیەنن، لەگەڵ ئازیزان و دۆستانی خۆتان یەک دڵ و تا بۆتان دەکرێت لێبوردە بن. هەمیشە مرۆڤ لە توڕەیی و ڕق و کینەدا بە هەڵدێردا دەچێت و گەورەیی و مەزنایەتی خۆی لەدەستدەدات.

خودا ئێوەم بۆ تەمەن درێژو تەندروست بکات و لە سایەتاندا ئەو تەمەنەی ماومە بەڕێی بکەم.

# بەشی دووەم
# چاوپێکەوتنەکانی شێخ بایز تاڵەبانی
# لەگەڵ ڕاگەیاندنەکان

# چاوپێکەوتن لەگەڵ
# رۆژنامەی کوردستانی نوێ

**– شیعرێکم نووسی پەرلەمانتارێک بەخۆی تێگەیشتبوو، تا بەسەد تکا و رجا وازیلێهێنام.**

**– نوکتەکانم وەک شیعرە هەجووەکانم کەڵکی باسکردنیان نییە.**

**– دەشنێ شیعری شێخ بایز دەکاتە گۆرانی.**

**– من عاشق نەبووم بەخۆشەویستیش ژنم نەهێناوە، بەڵام لەگەڵ عاشقدا زۆر ژیاوم.**

**– ئەرسەلان بایز: نەوەی شێخ رەزا وەڵامدەوە.**

**– بارزانی قالەی خەڵوز بۆ مامجەلال: مامە فولکەی دەستەکەش هاتووە!**

**– زیاتر لە (٢٠٠٠) کاسێتی گۆرانیی و ڤیدیۆیی دەگمەنی کۆن لەماڵەکەی شێخ بایز هەیە، بەشێکیان بڵاونەبۆتەوە.**

**– من هیچ جلێکم بۆ نەبووە بۆیە ئەوەی چۆتە دەرەوە بۆن یان دیاریی دیکەی بۆ هێناوم.**

**– شێخ دارۆی رەحمەتی، قەمسەڵەکەی شێخ بایزی لێ دەبێتە خێمە.**

**– رجات لێدەکەم وەزعەکە ناسکە توش موشکیلەمان مەکە.**

چاوپێکەوتنی: سەرتیپ جەوهەر

بڕیاربوو بەیەکەوە بچین بۆ کەرکوک سەرێک لە تەکیەی تاڵەبانی بدەین، لەوێ دەستنووس و دەقە کۆن و نووسراوە پارێزراوەکانی تەکیەو ژیانی شاعیرانی کەرکوک و ئەو سەرمایە ئەدەبییەی کە تائێستا وەک پێویست تیشکی نەخراوەتەسەر بخەینە بەرباس. بەر لە چەند مانگێک لە ماڵەوە سەردانیم کرد، وەعدیدا شیعرە (هەجوەکانی)ی کە تائێستا بڵاونەکراوەتەوە بمداتێ، بەڵام مخابن تەمەن ڕێی نەدا و زەمینە دروست نەبوو بۆ ئەو دیدارە و ئەو سەفەرەمان بۆ کەرکوک. خۆزگە ئەو سەفەرەمان کردبا و بەشێک لەو سەرمایە ئەدەبییە گرنگەمان ئەرشیفکردایە.

ئەو چاوپێکەوتنەی ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی (٢٠١٥)، دەمێک بوو قسەمان لەسەر ئەم چاوپێکەوتنە کردبوو، ڕەوانشاد شێخ بایز، جارجارە لە وەزارەت سەرم لێدەدا و گلەییەکانی لە ڕاگەیاندنی یەکێتی و بە تایبەت کوردستانی نوێ هەبوو، بەڵام هەرچۆنێک بوو گلەییەکانیم دەڕەواندەوە. هەر جارە بچومایە نوکتەی نوێی لەلابوو، وا ڕێککەوت دوای نزیکەی دوو ساڵ بتوانین ئەم دیدارە ڕێکبخەین، چونکە ماوەیەکی درێژ ئەو نەخۆش بوو.

کە چوومە لای لەماڵەوە نەیدەتوانی بە ئاسانی هەستێتە سەرپێ، لەلایەک قەڵەوییەکەی و لەلایەکی دیکە وەک خۆی ووتەنی پیرییەکەی هاوکاری نەبوون، هەرچۆنێک بێت

دوای پێشوازیی گەرم ووتی من لە سەر کورسیەکەی خۆم دادەنیشم.

ئەو کورسییەی لەسەری دانیشت یان بەتایبەت بۆی هاتبوو یان بۆی دروستکرابوو، چونکە گەورەتر بوو لەکورسی دیکە، بەدەم گاڵتەوە ووتم ئێستا خەڵکی بیرت دەکەن بێیەوە وەزارەت، منیش دەڵێم نایەیتەوە سەرێ لە وەزارەت نادەیتەوە! لانیکەم موچە لە سەردەمی تۆ بێ کێشە دەدرا بە فەرمانبەران، ئەو پێیوابوو خراپی پەیوەندی نێوان هەرێم و نەدانی پارە لەلایەن بەغدا کاریگەری زۆر خراپی کردۆتە سەر بژێوی خەڵک "من زۆر نیگەرانی ئەم دۆخەم، زۆر خەمبارم کە ئەم دۆخە بەمشێوەیە دەبینم و هیچ چارەیەکیش نییە" لەگەڵ ئەوەشدا "خەڵکی زۆر تەلەفۆنم بۆ دەکەن و دەڵێن خۆزگە بە سەردەمی تۆ! بەڵام ئەمە بە نەزەری ئیعتیبار وەرناگرم چونکە خەتای وەزیری دارایی تێدا نییە".

شێخ بایز (١٢) ساڵ لە هەردوو ئیدارەی سلێمانیی و حکومەتی یەکگرتووی هەرێم وەزیری دارایی بوو، بەدەر لەوەزیفە و پسپۆریی ئیداریی و ژمێریاریی، پیاوێکی زۆر قسەخۆش و نوکتەبازبوو، شارەزاییەکی باشی لە مەقامی کوردیی و شیعری هەجوو هەبوو، هەروەها دەنگێکی خۆشی هەبوو بۆ گۆرانی ووتن، سەدان کاسێتی ئەرشیفی

هەیە کە بەشێکیان دەنگی خۆی لەسەر تۆمارکردووە و بەشێکیشیان کە دەنگی هونەرمەندانی ناسراوی کوردی لەسەر تۆمارکراوە هێشتا بڵاونەبۆتەوە و لای ئەو پارێزراوە.

بەهۆی درێژەکێشانی لە وەزارەتی دارایی، بە پیاوێکی وەزیفیی و مەسلەکی ناسراوبوو، وەک خۆی ووتەنی ئێستاش خەڵک هەیە لە ئاستی بەرز پێی دەڵێن "سەردەمی تۆ سەردەمی زێڕین بوو"، بەڵام وەک خۆی ووتەنی ئەم دۆخە لە دەسەڵاتی کەسدا نەماوە و خەرجییەکی ئێجگار زۆر کەوتۆتە سەر حکومەت و داهاتێکی زۆر کەم هەیە و ناتوانێت لەگەڵ خەرجییەکە یەکسان بێت و بڕبکات!

بەرلەوەی بکەومە پرسیارکردن لێی سەبارەت بە ژیانی و بەرهەم و رابردوو هەروەها نوکتە بەناوبانگەکانی، لێم پرسی ئەمە چ رێککەوتێکە هەرچی لەم کوردستانە ببێتە وەزیری دارایی دەبێ قەڵەو بێت؟ بەپێکەنینێکی زۆرەوە ووتی "نازانم رێککەوتێکی سەیرە، هەر من نیم ئەوەتا کاک هۆشیار زێباری کە وەزیری دارایی عێراقە و هەروەها کاکە رێبازیش وەزنی هەیە قەڵەوە و منیش یەکێکم لە هەرە قەڵەوەکان".

شێخ بایز کوڕی شێخ سەعید محەمەد عەبدولغەنی تاڵەبانییە، لە ساڵی (١٩٤٤) لە کەرکوک لەدایکبووە، بەڵام

زۆربەی ژیانی لە هەولێر دواتر لە سلێمانی بردۆتەسەر، دوای وەزارەتی دارایی ئێستا لێپرسراوی چاودێریی دارایی گشتیی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە.

ئەم پیاوە بە نوکتەو قسەی خۆش و دەنگی خۆش و شیعری هەجوو ناسراوبوو، بەشێک لە توانا و هونەرو بەهرەکانی جیاوازە لە خەڵکی دیکە، بەمشێوەیە دەستمان بە پرسیارکردن کرد:

**- گوێت لەنوکتەی خۆت بووە؟**

• بەنسیبەت من نوکتەی زۆرم هەیە و نوکتەی زۆرم لەسەر هەیە، لەسەر قەڵەوی و شتی دیکە، بۆنمونە وێنەی قەڵەوەکانیان داگرتووە من لەهەرە قەڵەوەکان بووم!

**- یاشێخ ئێستا کێشت چەندە؟**

• هێشتا رەحمەتیی شێخ دارۆ مابوو چومە سەر قەپان (١٩٧) کیلۆ بووم، بەڵام ئێستا (١٣٣) کیلۆم، بەهۆی نەخۆشی و خۆپارێزیی کێشم کەمیکردووە.

**- تۆ لەگەڵ وەزیفە و کاری ژمێریاریی و داراییەوە، توانیوتە تێکەڵبیت لە گەڵ هونەر و بەهرەی دیکەی تایبەتی خۆت، وایە؟**

• شیعرم زۆرە، بەڵام بە خۆمناڵێم شاعیر، هەندێ لە شیعرەکانم کراوە بەگۆرانی، بە تایبەت کەرکوکییەکان کردوویانە بە گۆرانیی، بۆنمونە چنار کەرکوکی کردوویەتی

بە گۆرانی، لە بەیتولمەقامی کەرکوک لەناوەندی عەلی مەردان شیعریان کردووم بە گۆرانی، لە هەولێریش دوو کەس شیعریان کردووم بە گۆرانی، بەمدواییە دەشنێ هات شیعرێکی برد بیکات بەگۆرانی، دەتوانم بڵێم لەپشت هەر شیعرێکی من رووداوێک هەبووە تا من شیعر بنوسم. شیعرم زۆرە بەڵام بڵاومنەکردۆتەوە حەزدەکەم یەکێکی شارەزا پێداچونەوەیان بۆ بکات و باشتری بکات ئینجا بڵاوییبکەمەوە، ئەگەرچی لە چەند شوێنێک شیعرم بڵاوبۆتەوە.

**- شیعرەکانی خۆت لەبەرە؟**

• هەندێکی لەبەرمە، هەندێکی بەنووسراو هەڵمگرتووە، بەڵام کەس نییە شیعری خۆی لەبەر نەبێت.

**- بیستم جگەلە شیعری غەزەل و دڵداریی، شیعری هەجوو-ت زۆر هەیە؟**

• بەڵێ بێگومان.

لەگەڵ ئەم قسانەمان، شێخ بایز نەیدەویست باس لە شیعرە هەجووەکانی بکات، هەر دەمانهێنا و دەمانبرد و هەر چواردەورمان گرتبوو، بەشێک لەو شیعرانەی بۆ خوێندمەوە، بەڵام کەڵکی بڵاوکردنەوەی نییە لێرەدا، چونکە ووشەی تابۆی تێدایە و دەکرێت دواتر بڵاوبکرێتەوە و قسەی جددی لەسەر بکرێت.

**- شیعرە هەجوو-ەکان بۆ سەر ڕەفیقەکانی خۆتە؟**

• بەڵێ، بەتایبەت کە لەوەزیفە بووم لەختوخۆڕایی زۆریان ئەزیەت دەدام، یان هەندێ شتیان دەوت، بەتایبەت لەپەرلەمان زۆریان ئەزیەتدام، منیش شیعرم دەنوسی یان وەڵامم دەدانەوە.

**- شیعریان لەسەر دەنوسی یان تۆ هێرشت دەکردە سەریان بە شیعری هەجوو؟**

• هەندێجار تەحەڕوشیان پێدەکردم و برینداریان دەکردم، منیش وەڵامم دەدانەوە، بەڵام حەز ناکەم باسی شیعرەکان و ئەم مەوزعە بکەم، هەرچەند وایانکرد بەشێک لە شیعرەکان لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بخوێنمەوە، یەکێک لە برادەران بردبووی لە مەڵبەندی هەولێر خوێندبوویەوە. ناتوانم شیعرەکەت پێبدەم چونکە ئێوە بڵاویدەکەنەوە، وەختی ئەوەنییەماڵتان ئاوابێت، وابزانم شیعرێکیان لای کاک عیماد هەیە.

**- لە شیعرە هەجوو-ەکانت قسەت لەسەر پەرلەمان و حکومەت کردووە؟**

• ڕاستییەکەی جارێکیان لە پەرلەمان شیعرێکیان نوسیبوو بەپێنج شەش کەس، لە کۆتاییەکەی نووسیبوویان با میزانیەش بە قوربان شێخ بایز بێت! منیش وەڵامێکم دانەوە حەزناکەم جارێ لێرە باسی بکەم.

**- تۆ وەک بەهرە شیعری هەجووت نوسی یان ناچار بوویت؟**

• نەخێر حەزم نەدەکرد، بەڵام بیرمان نەچێت من باوکیشم شیعری نووسیوە و لە رۆژنامەی ژین لە چلەکانی رابردوو نووسیویەتی و رۆژنامەکانیشم ماوە، بەڵام ئەو زیاتر لەسەر کاروباری کۆمەڵایەتی نووسیویەتی.

**- تۆ بەرەچەڵەک دەچیتەوە سەر شێخ رەزای تاڵەبانیی؟**

• شێخ رەزا باپیرەی گەورەمانە. زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکانیشیم لەبەرە.

**- شیعری غەزەلت هەیە؟**

• بەڵێ بیگومان، زیاتر شیعرەکانم بۆ گۆرانیی نووسیومە.

**- شیعری هەجووت نوسیوە رەفیقێکت لێت تورە بوبێت؟**

• بەڵێ توشی کێشەبووم لەسەر شیعر نووسین، حەزناکەم شیعرەکانم بڵێم ئەگەر بیڵێم بە کەڵکی بڵاوکردنەوەی رۆژنامە نایەت و ووشەی تابۆی تێدایە.

**تۆ موسەیەری نەوەک موخەیەر**<br>**قسەت نامەعقول نەوەک موعەیەر**<br>**بەم جۆرە بڵێم مەیدانت کورتە!**<br>**وەڵام شیعرەکەتی تەنها هەر جرتە.**

بەقسەی شێخ رەفیقێکی هەبووە لە کەرکوک بەناوی عەبدولرەحمان پێیانووتوە ئەباح، رەفیقی نزیکی بووە و گاڵتەیان بووە، ئێستا لە ژیان نەماوە و ئەو داخی بۆ کێشا، کاتێک بووەتە بەڕێوبەری خوێندنگا تەلەفۆنی بۆ کردوون و خۆی لێ گۆڕیون و گاڵتەی لەگەڵ کردوون، شێخ بایزیش شیعری هەجووی لەسەر ئەو نووسیوە، لەسەر داواکاری خۆی شیعرەکە بڵاوناکەینەوە.

شێخ بایز ووتی شیعرم ووتوە بەراوردی کردووە لەنێوان بیلالی حەبەشی و ئەندام پەرلەمانێکی کوردستان (ناوەکەی پارێزراوە) زۆر بەجوانی شیعری هەجووی لەسەر نووسیوە، ئامادەنەبوو شیعرەکەمان بداتێ ئاماژەی کرد کە رۆژێ دێت بڵاوبکرێنەوە.

**- هەستت دەکرد شەڕە شیعر لەنێوان ئێوە و پەرلەمان هەیە لەسەردەمی وەزیریت؟**

• نەخێر، چونکە من شیعرەکانم دەمودەست نووسیوە و بۆ بار و ڕووداوێکی زۆر دیاریکراو، بۆنمونە جارێکیان ژمارەیەک پەرلەمانتار شیعرێکیان نووسیبوو دابویان بە کاک ئەرسەلان بایز کە ئەوکاتە سەرۆکی پەرلەمان بوو، ئەویش لەسەری نوسیبوو، نەوەی شێخ رەزا وەڵامدەوە. منیش وەڵامێکی دووردرێژم دایەوە بەشیعری هەجوو، دیارە ئەو برادەری بەخۆی تێگەیشتبوو زۆر توڕەببوو،

هەڕەشەی شکاتی لێکردم تا بەسەد رجاو تکا وازیلیهێنام.

**– جەوێکی وات دروستکردبوو نەوێرن شیعری هەجووت لەسەر بنووسن جارێکی دیکە؟**

• ئەترسان دوای ئەوەی زانیان کە شیعر ئەنوسم، کەس نەیئەوێرا.

**– تۆ شیعری غەزەلت نوسیوە، بۆخۆت عاشق بووی تا غەزەلنوس بیت؟**

• من عاشق نەبووم بەخۆشەویستیش ژنم نەهێناوە، بەڵام لەگەڵ عاشقدا زۆر ژیاوم، بۆنمونە کوڕێکی رەفیقم هەبوو حەزی لەکچێکی مەسیحی دەکرد لە کەرکوک، ئەو کوڕە یادی بەخێر نەماوە و رەحمەتی لێبێت، خێزانێکی زۆر هەژار بوون، بەیانیان دایکی نانی ئەکرد و ئەویش دەیهێنا بۆ ئەحمەد ئاغا و لەوێ دەیفرۆشت، ئێواران خۆی دەگۆڕیی و دەهات لەگەڵ ئێمە لە تەپەی ئەڵماس لە چایخانەکەی مام سەید دادەنیشت، ئەو شوێنە پشت ماڵی کچەکە بوو، بەردەم ماڵی کچەکە سکەی شەمەندەفەر تێدەپەڕی، ئەو کچەی بۆ نەبوو نەیاندا پێی چونکە ئەو مەسیحی بوو یونسیش موسڵمان بوو، ئیدی حەزی لە کچێکی دیکە کرد لەهەمان شوێن دیسان بۆی نەبوو ناوی (جانێت) بوو، لەسەر ئەم عاشقەم نووسیوە و شیعرەکانم کراوە بە گۆڕانی.

**پێنج حەرفی ناوت چاوەکەم دووی لێ دەرکەم جەننەتە**
**ئەگەم بەجەننەت دیدەکەم ئیشکردن بەنییەتە.**
**بۆ جەننەتە ئەم عالەمە نوێژ و رۆژوی و خێرەکا**
**جەننەتی یونس نزیکە گەر یار بەقسەی دێر نەکا**
**پارە ناکات دیانەت بریاری قەس و مەلا**
**دڵمان یەکتری بویێ سەد بڕیار ئەدا بەلا**

ئەو کوڕە لەو چایخانەیەی لێی دائەنیشتین پشت ماڵی کچە بوو، کچە دەهاتە سەربان و ئیشارەتی دەدا بەو کوڕە، منیش لەوبارەوە نوسیومە:

**سەربانی ماڵتان چاوەکەم پارچەیەکە لە جەننەت**
**چایخانەکەی مامە سەید جێگای عەبدە و لە بۆ خزمەت**
**عابدی دوو چاوەکانتم تیری لێمەدە شازادەم**
**مەمکوژە بەناز و قورسیت مەڵێ من عیسازادەم**
**یونسم و پیشەمە هەردەم یەکتان بەر تیرم دەن**
**کەی بێ ماچێ، کەی بێ ئاوڕێک، کەی بێ بە گەورە میرم کەن**
**کەی دیاریی بێت بۆ من گوڵی گەشی کە دینە**
**مەرحەمەت کەی فرسەتێ فەرقی من و تۆ، تەنها دینە.**

لەبارەی سکەی قیتارەکەی بەردەم ماڵەکەیان ووتومە:

**سکەی بەرماڵتان بوو بەدوو، دووەمیان رێچکەمە**
**یەک ئاوڕم لێ دەیتەوە، سەد هاتوچۆ لام کەمە.**

**- باشە یاشێخ خۆت ووتت دەنگم خۆشە، تۆ گۆرانیت ووتوە؟**

• بەڵێ ووتومە لەگەڵ محەمەد ماملێ هاتۆتە قەڵادزێ داوەتم کردووە و گۆرانیم ووتوە، لەگەڵ کاک ناسری رەزازی بە هەمانشێوە، هەروەها لەگەڵ رەحمەتی محەمەد جەزا و سەڵاح داودە ووتومە و هەندێکیم تۆمارکردووە و بڵاونەبۆتەوە.

**- تۆ مەجلیسی ئەدەبیت هەبووە یان تەنها حەزو رەفاقەتەکەت وابووە؟**

• من رەفاقەتم زۆر زۆرە لەگەڵ ئەدەب و گۆرانی دۆستان، لەگەڵ بەیتولمەقام و ناوەندی عەلی مەردان و لەگەڵ هونەرمەندانی وەکو رەحمەتی عەلی مەردان هەمبووە، یان لەگەڵ شوکر خەیات و سەڵاح داودە. سەڵاح داودە دەهاتە ماڵ لێرە دەمایەوە و لەگەڵ تیپی مۆسیقای ناوەندی عەلی مەردان گۆرانی دەوت و تۆمارم کردووە.

- رەفیقت هەیە شەڕە نوکتەتان لەنێوان بێت؟

• ئەزانی ئەم نەخۆشییە هەموو شتێکی بیر بردومەتەوە، نوکتەکانم وەک شیعرە هەجووەکانم کەڵکی باسکردنیان نییە.

**- کەواتە مەجلیست گەرم بوو پێشتر لە ئەنجومەنی وەزیران؟**

• من هەردەم مەجلیسم گەرمبووە، رەفیقم هەیە تەلەفۆنم بۆ دەکات دەڵێ توخوا دوا نوکتە چییە پێم بڵێ یان چییە؟ یان دەڵێن دوا شیعرت چییە بەتایبەت من شیعرەکانی شێخ رەزام زۆر لەبەرە.

**• نوکتەت لەسەر خۆت بیستووە؟**

– من نوکتەم لەسەر خۆم زۆر هەیە و خۆم ئەیگێڕمەوە بۆ رەفیق و دۆستانم. جارێکیان من چووم بۆ حەج، کە لە حەج بووم ئەو ئیحرامەی من پۆشیبووم تەواوی جەستەی دانەپۆشیبوم، ئەو وەختە زۆر زۆر قەڵەو بووم، لە بەر قاچم بە عەرەبانە تەوافیان پێدەکردم و خێزانەکەم لەگەڵم بوو، بەدەور کەعبە دەسوڕامەوە پیاوێکی ئەفریقی بوو نازانم خەڵکی کوێ بوو ئیشارەتی کرد و لێی تێنەئەگەیشتم، تومەز لە گەڵ ئەوەی بوو خۆم باش داپۆشم! چونکە ئیحرامەکە لەشی دانەپۆشیبووم بە تەواوی، فەرەی دووەم دیاربوو وەرگێڕی هێنابوو تا تێمبگەینێ من لەشم داپۆشم! ووتی نەختێک خۆت داپۆشە و ئەمەت دیارە، ووتم (یابە مایشتغل واللە مایشتغل)! ئیتر جارێکی دیکە سوڕامەوە دەبینم دە کەسی دیکەی هێناوە سەیرم ئەکەن و پێدەکەنن.

**– نوکتەی دیکە؟**

• نوکتەیەکی دیکە هەیە بۆ مامجەلال-یشم گێڕاوەتەوە، وەختی خۆی خزمێکم هەبوو تەنها یەک کوڕیان هەبوو،

نەخۆش کەوتبوو منیش چووم بۆماڵیان سەر لە نەخۆشەکە بدەم، بەڵام کە چووم دیاربوو نەخۆشەکە چاک ببۆوە، منیش شارەزای ماڵیان بووم زوو خۆم دەکرد بە ژوری میوانەکەدا، کوڕەکە کە نەخۆش بوو بەپەلە رایکرد بەرەو دایکی و باوکی، کە باوکی هات دەم بەپێکەنینەوە بوو، من ئەوکاتە زۆر قەڵەو زل بووم، بەباوکیم ووت بەچی پێئەکەنی، ووتی ئەوە کوڕەکەم هاتووە ئەڵێ باوە (اعیاز و بالله) خوا هاتووە! تومەز ئەوەندە باسی خودایان بۆ کردووە کە گەورەیە و بەدەسەڵاتە، ئیدی وایزانی ئەوە منم.

**– ئەی ئەوەی هێلکەکە؟**

• ئەوە حەمە عارف هەیە پێشتر سەرۆکی ئەنجومەنی راژە بوو، بەیەکەوە لە دەزگای چاودێریی بووین، ئەو ئێستا گۆڕانە، زۆر درێژە، لە هەولێر وەختی گرانییەکە بوو، لە شێخەڵا شتمان دەکڕی، ئەو مامەڵەی هێلکەی کرد نازانم بە چەند بوو، حەمە عارف ووتی ئەم هێلکانە بەچەندە؟ کابرا ووتی بەوەندە. دیسان ووتی بۆ بەوەندە ئەمانە هێلکەی بچوکن! کابرا ووتی بچوک نین تۆ لە ئاسمانەوە سەیر دەکەی دە دابەزە خوارەوە ئێستا دەزانی بچوکن یان نا!

**– لەگەڵ ئەو پیاوە نوکتەت زۆرە؟**

• بەڵێ، تازە دەزگای چاودێری دامەزرابوو یان

دەستەی چاودێری، من وەک قەڵەوترین و حەمە عارف وەک درێژترین و لەگەڵ بەیان خانی ئێستا لە وەزارەتی داراییە لەوێ بوین، مام جەلال بانگی کردین ووتی ووردبینی دامودەزگاکان بکەن و وابکەن و وامەکەن.. هتد. پێموایە (١٩٩٢) بوو، چوین بۆ مەڵبەند کاک عومەری سەید عەلی پێشوازیی گەرمی لەم هەنگاوە کرد و ووتی ئەبێ ووردبینی بکەن و من خۆم بە مام جەلالم ووتوە کارێکی زۆرباشە، منیش ووتم کاک عومەر مام جەلال ووتویەتی لە نواوە بڕۆن ووردبینی مەڵبەند بکەن. ئیدی کاک عومەر پێمانا تەقییەوە، ووتی مام جەلال دیارە ئێوەی بۆ گیان من ناردووەو .. هتد، هەر مەپرسە چەند توڕەبوو، ناچار بەو دوو برادەرەی لەگەڵم بوون کاک حەمە عارف و بەیان خان وتم با بڕۆین رۆژێکی دیکە بێینەوە چونکە کەڵکی نەما! کە رۆیشتین بەرلەوەی بچینە دەرەوە قاچێکم لەناو دەرگا بوو کاک عومەر ووتی سەیر سەیر سێ جانەوەری ناردۆتە سەر من! یانی ئێمە هەر سێکمان لە جانەوەرمان دەکرد لای ئەو..

**- لەسەر خۆت کێ نوکتەی لەسەرت ووتوە؟**

● جارێکیان بارزانی قالەی خەڵوز خۆی گێڕایەوە ووتی لە (٣١ی ئاب)، مام جەلال پرسیاری کردووە ووتویەتی کێ هاتووە کێ نەهاتووە، ووتی ووتومە مامە فولکەی دەستەکەش هاتووە! ئەوەم بیستۆتەوە.

**– پێتناخۆش نییە کاتێک نوکتەت لەسەر خۆت بیستۆتەوە؟**

• نەخێر قـەت، جـاران چونکە قـەڵـەو بـووم بـەجادە دەڕۆیشتم خەڵک پێم پێدەکەنین، پەلاری (تعلیق) خراپم لەسەر خۆم بیستووە، لە ناخەوە توڕەنەبووم، نە لە بەغدا نە لەکەرکوک نە لەهەولێر پەلارم لێنەدراوە تەنها لە سلێمانی نەبێت! لە سلێمانی ئێواران کە دەچووم بۆ بازاڕ، کە لە سەیارە دادەبەزیم ئیدی ئەم دەیژەنییە ئەو ئەو دەیژەنییە ئەو ئەیانوت سەیرکە سەیرکە ئیدی بە ئارەزووی خۆیان قسەیان لەسەر کردووم. جارێکیان نەخۆشکەوتم چووم بۆ ئێران خۆم و خێزانەکەم بووین، ئەویان نارد بۆ ئیکۆو هێڵکاری دڵ، کەچی منیان نەبرد بۆ پشکنینی دڵ، دکتۆرەکە کۆمەڵێک خوێندکاری کۆکردەوە هەریەکە سەماعەیەکی نابوو بەسنگمەوە، ووتم دکتۆر من بۆلای تۆ هاتم ئەمانە چین بۆ خاتری خوا؟ پێکەنی ووتی تۆ چی ئەکەی ڕۆژانە وا بەم تەمەنەوە و بەم قەڵەوییەوە دڵت زۆر باشە؟ ووتم یەکەم کە دکتۆر دەرمانم بۆ ئەنوسێت وەکو خۆی و لە کاتی خۆیدا دەیخۆم، دووەمیش خەڵکی شارەکەم کە هام تیایە پێم پێدەکەنن و گاڵتەیان دێت بەڵام من هیچ شتێک ناگرمەخۆم و عاجز نابم. ووتی دیارە تۆ خەفەت ناخۆیت ئەمەش هۆکارێکی زۆر گرنگە.

**– شیعری هەجو–ت هەبووە لەسەر سلێمانیی؟**

• ئەزانی تۆ ئەمخەیتە مەوقیفەوە... برادەرەکانم سەبەب بوون ئەگەر شتێکم نوسیبێت.

## ئەنتیکەخانەکەی شێخ بایز

لە ماڵەکەی شێخ بایز گەلێک کەلوپەل و شتومەکی کۆن و دیاریی سەیر هەبوو، سندوقێکی لە ژووری دانیشتنەکە دانابوو دیاربوو زۆر کۆن بوو، بەڵام ئەو تەمەنەکەی نەدەزانی، ووتی ئەمە پێشتر هی خێزانێک بووە لە بەغدا، من کڕیومەتەوە.

ژمارەیەکی زۆر رادیۆ و تەسجیل و کەلوپەلی گوێگرتن لە گۆرانیی هەبوو، کە هەموویان کۆن بوون و چیرۆکی تایبەتی خۆیان هەبوو، ووتی من زیاتر لە (١٠ بۆ ١٥) رادیۆم هەیە کە زۆر کۆنن، کۆکردنەوەی شتە کۆنەکان حەزی خۆمە. ووتی زیاتر لە (٢٠٠٠) کاسێتی گۆرانیی و ڤیدیۆیی دەگمەنی کۆنم هەیە و بەشێکیان بڵاونەبۆتەوە، بەقسەی ئەو کاسێتی هەیە هی عەلی مەردان و قادر مەردان و هونەرمەندی دیکە هێشتا بڵاونەبۆتەوە. ئەو پیاوە ژورێکی هەبوو پڕ پڕبوو لە وێنە، کەلوپەلی تایبەت و ئەرشیفێکی زۆر دەوڵەمەند، رەنگە (٣٠) ئەلبوم وێنەی کۆن و نوێی هەبوو.

جگەلە کەلوپەلە کۆن و لەمێژەکان، جامخانەیەکی هەبوو زیاتر لە (٢٠٠) بۆنی تێدابوو، هەموویان دیاریی بوون. ئەو ووتی یەک دانەم نەکڕیوە هەمویم بەدیاریی بۆ هاتووە.

شێخ بایز رونیکردەوە ئەم هەموو بۆنە هەر پەیوەندی بەقەڵەویەکەمەوە هەیەو دەردە قەڵەویەکەمە.

**– ئەم هەموو بۆنەت کڕیوە؟**

یەک بۆنم نەکڕیوە، ئەمەش دەردە قەڵەوییەکەیە، خۆت ئەزانی تۆ لەوەزیفە بیت و هاوڕێ و فەرمانبەرت دەچنە سەفەر، بە تایبەت ئێستا رەفیقانم دەچنە دەرەوە هەر بۆم دێنن، چونکە خۆت دەزانـی من هیچ جلێکم بۆ نابێت و هیچ پێڵاوێکیشم هەر بۆ نابێت مەگەر تایبەت بێت، بۆیە ئەوانیش دەڵێن دەی با بۆنێک بۆ شێخ بایز بەرین، نەک بۆن بەڵکو کانتۆرێک کەلوپەلی دیارییم هەیە هەر لە تەزبیح و قەڵەم و چەرخ و شتی دیکەم هەیە.

لە ئەنتیکەخانەکەی شێخ بایز نەک وێنەی کۆن، بەڵکو دەیـان چەکی کۆن و سـەدان تەزبیحی رەنگ جیاواز و گرانبەها و دەیان گۆچانی جیاواز و کتێبخانەیەکی گەورەو هەروەها ژمارەیەکی زۆر دەفی جیاواز و پێستی ئاژەڵی کێوی و ژمارەیەکی ئێجگار زۆر خـەڵات کە لە ماوەی وەزیفەدا وەریگرتووە.

**شێخ بایز جلی بۆ نابێت**

**- تۆ دەرگات کردەوە من پرسیار بکەم لەبارەی کێشەی کڕینی جلوبەرگ، چونکە وەکخۆت دەڵێیت ئەو جلانەی لەبازاڕ هەن بۆتۆ نابێت؟**

• قوربان کێشەیەکی زۆر گەورە بووە بۆ من، ئەگەر لـەدەرەوە تایبەت بۆیان نەهێنامایە لێرەنەبوو، دەبوایە هەموو شتێک لای بەرگدروو بمکردایە.

**- جا ئەمە بۆتۆ زۆر ناخۆش نەبووە؟**

• زۆر خراپ بوو، دەی مادام وات ووت منیش نوکتەیەکت بۆ دەگێڕمەوە لە سەر جل و گەورەیی جلەکانم. لە (٣١ ئـاب) شـەوەکەی لە سلێمانی بـووم دەبـوو هەندێ ئیش هەبوو تەواوی بکەم، کاتێک بۆ بەیانییەکەی ڕۆیشتین من جلوبەرگ و پێویستی خۆم لەگەڵ خۆم نەبردبوو، ئەوکاتە هەر لەم خانوەدا بووم کە لەسەردەمی ڕژێم لەسەر بنەمای خاڵبەندی وەک فەرمانبەرانی دیکە وەرمگرتووە.

به هەرحاڵ کە گەیشتینە ئەو شاخە من هیچم لەگەڵ خۆمدا نەهێنابوو، نە فانیلە نە شۆرتێک نە قەمسەڵە.. هتد، شێخ دارۆ لێپرسراومان بوو، هۆشیار ساڵح ڕەفعەت کە ئێستا مـەوجـودە ڕۆژانـە دەچـووە ئێران و دەهـاتـەوە و شتی دەهێنا، ئێمەش وەک ئیدارەی گشتیی پێداویستی و کەلوپەلمان دابەشدەکرد، من لە خێمەکەی خۆم پارە لای

من بوو، فەردەیەک پارەم لەژێر بوو یەکێکیش پاڵم پێدابوو، بەڵام قیمەتی نەبوو چونکە من جلم نەبوو! کاک دارۆ ووتی ئەمجارە لەگەڵ خۆتا هەندێ جل بۆ شێخ بایز بدورن و بۆی بێنن، بەڵام کێشەکە ئەوەبوو هیچ شتێکمان پێنەبوو پێوانەی کەمەر و قیاسی پێبکەین! منیش ووتم پەتێکم بۆ بێنن هەقتان نەبێت، کە پەتەکەیان هێنا لە ناوقەدی خۆم سوڕاندمەوە و گرێیەکم لێدا ووتم ئەوە ناو تەنگامەو بەو قیاسە قەمسەڵەیەکم بۆ بدورن.

پەتەکەیان بردبوو بۆ بەرگدروو لە ئێران کابرا ووتبوی بۆ خاتری خوا ئەمە چییە لەگەڵ خۆتانا هێناوتانە! ئەمە پێشمەرگایەتی پێدەکرێ؟ ئەوانیش ووتبویان ئەی چۆن ئەوە لە شاخە.

کاتێک قەمسەڵەکەیان بۆ هێنامەوە کابرا ئەوەندەی دیکە گەورە درووبی بوی، ئیدی ئەوەندەی دیکە گەورەتر دەردەکەوتم. هەر لەوێ چەند خێمەیەکمان هەبوو شێخ دارۆ ووتی شێخ بایز ئامان ئەم خێمانە هەڵنەدەی و ئیشی زۆر تایبەتمان پێیەتی. ئیدی ئەو ڕۆیشت، منیش دوای ماوەیەک قەمسەڵەکەم پیس بوو بۆیان شۆردم و بۆ ووشکبونەوە بەسەر بەردێکی گەورەیاندادا کە لەبەردەم خێمەکەی خۆم بوو، بەردەکە زۆر گەورە بوو، لەوکاتە شێخ دارۆ لە شاخ دێتە خوارەوە سەیر دەکات خێمەکانی

ئێمە کە هەڵدراوە زیادیکردووە، ووتبوی ئای شێخ بایز چیت لێبکەم زانیم بەقسەم ناکات چووە خێمەکانی هەڵداوە، بەڵام کە هاتە خوارەوە تەماشا دەکات ئەمە قەمسەڵەکەی منە بە بەردێکدا دراوە و وەک خێمە دەرکەوتووە. جا ئەمانەم لەسەر خۆم ووتوە و پێمناخۆش نەبووە.

**رۆڵی لە شانۆدا**

**– من ئەزانم تۆ رۆڵت هەبووە لە شانۆدا وایە؟ جارێکیان لەسەر شانۆ بورابوویتەوە لەبەرئەوەی چەکوشیان پێدا کێشابووی؟**

• ئەمە تۆ ئەڵێی بەرلەوەی بێیت هەموو شتێکیان بۆ گێڕایتەوە.. کاتی خۆی من لێپرسراوی لقی کەرکوکی لاوان بووم لەنێوانی سالانی (١٩٧٠ بۆ ١٩٧٣) لەوێ لیژنەی هونەری و وەرزشی هەبوو، ووتیان شانۆیەک هەیە لە چەمچەماڵ لە سەر کاوە و زوحاک پێشکەشدەکرێت، ئێمەش چوین بۆ چەمچەماڵ، لە کاتی پرۆڤەکردنیان ئەوەی رۆڵی زوحاکی دەبینی پەشیمان بوویەوە، دیاربوو کاریگەریی لەسەر بوو پەشیمان ببۆوە، کە رۆیشتین بۆ چەمچەماڵ ووتم کاکە دەقەکەم پێبدەن من ئەو رۆڵە دەبینم، دوای دوو رۆژ پرۆڤە چوینە سەر شانۆ، کە چووین ئەو کوڕەم بینی ووتم هەتیو ئەو چەکوشەی دەستت خراپ نەدەیت

بەسەرما بۆ خاتری خوا! کە چوین و کاتی رۆڵ بینین هات، ئەو کوڕە بە هەرچی تاقەتی هەیە چەکوشەکەی کێشا بەسەرما و هەر بەراست بورامەوە و کەوتم، ئیدی خێرا شانۆکەیان داخست، کە خەبەرم بوویەوە سەیر ئەکەم هەموو لەشم تەڕە تومەز ئەوەندە ئاویان پێداکردووم تا خەبەرم ببێتەوە.

## نێوان و پەیوەندی لەگەڵ مام جەلال

- **نێوانت لەگەڵ مام جەلال چۆن بوو؟**

• بەینم لەگەڵی زۆر زۆر باش بووە، لە ژیانیدا یەک جار زۆر خراپ لێم توڕەبووە، ئەویش خراپیان تێگەیاندبوو، بەڵام وای ئاشتکردمەوە، ئاشتکردنەوەکەی لەلام گەورەتری کرد.

کارێکی پێم سپاردبوو وەکو خۆی جێبەجێم کردبوو، خراپیان تێگەیاندبوو سەبارەت بە کارەکە، بە مۆبایل تێلی بۆمکرد تازە مۆبایل هاتبووە سلێمانی، دیاربوو زۆر زۆر توڕە بوو، جنێوی پێدام، منیش دەنگم نەدەڕۆیشت و مۆبایل ئەوکاتە خراپ بوو، نەمدەتوانی بۆی روونبکەمەوە، هەر ئەموت مام جەلال هەڵە تێیانگەیاندووی، بەڵام ئەو دەنگی منی نەدەبیست! بە هەرحاڵ ئەو شەوە زۆر زۆر بێتاقەت بووم زۆر نەخۆشکەوتم بەهۆی ئەم قسانەوە، بردمیان بۆ

خەستەخانە، ووتم دکتۆر بمنێرەوە ماڵەوە خۆم دەردی خۆم ئەزانم!

کارەکە پەیوەندی بە دانای ئەحمەد مەجید و کاک بەرهەمەوە بوو بەهەرحاڵ من تێوەگلام.

بەیانی کە چووم بۆ دەوام ئەوکاتە وەزیری دارایی بووم، بینیم شێردڵ حەوێزی و دلێری سەید مەجید و کاک دارۆی شێخ نوری هاتبوون، من وامزانی ئێستا ئەڵێن مام جەلال ووتویەتی برۆ خواحافیز و تەواو وەزارەت جێبهێڵە، بەڵام کە نزیک بوومەوە بەپێکەنینەوە کاک شێردڵ ووتی ئەوە ئەمشەو لەگەڵ مامی خۆت چیتان بووە؟ ووتم هیچ. ووتم ئەوە بۆچی هاتوون ووتیان هاتوین و ئێمەی ناردووەو پێیووتوین برۆن دڵی شێخ بایز بدەنەوە و من شتێکم کردووە لەگەڵ ئەم پیاوە.

هەرچۆنێک بێت نامەیەکی تایبەتی مام جەلالیان پێدام (لەبەر ئەمانەتی ناوەرۆکی ناو نامەکە بڵاویناکەینەوە)، نامەکەم خوێندەوە تێگەیشتم مام جەلال چەندە پیاوێکی عەزیمە، دوای ئەو تورەبوونە کاتێک هەستیکردوە بە هەڵە تێگەیەنراوە دان بە راستییەکاندا دەنێت و زۆر بەجوانی ئاشتم دەکاتەوە و کارێک دەکات هیچم لەبەر دڵدا نەمێنێت! ئەم نامەیە چەند مەکتەب سیاسییەک بینیویانە لەوانە د. بەرهەم.

**- هیچ نوکتەیەکت هەیە لەگەڵ مام جەلال؟**

• من بەینم باش بوو لەگەڵ مام جەلال، هەموو جارێ کە دەچووم بۆ لای لە بەغدا، دەیوت وەرە بایز با رەسمێک لەگەڵ یەکتر بگرین با من لاواز دەرکەوم. یان کە نانمان دەخوارد دەیووت تۆ لە تەنیشت منەوە دامەنیشە چونکە تۆ زۆر ئەخۆیت.. مام جەلال پیاوێکی گەورە بوو ڕێنیشاندەری من و هەموو هەڤاڵانم بوو، هەردەم ڕێنوێنی دەکردین.

**- نوکتەت هەیە لەسەر مەکتەب سیاسی؟**

• رجات لێدەکەم وەزعەکە ناسکە توش موشکیلەمان مەکە..

**- ئەی نوکتەت لەسەر هەولێر هەیە؟**

• نەبەخوا نیمە. تۆ دەزانی من ماڵی خوشکەکانم، ماڵی برام و خوشکەزاکانم لە هەولێرن و کەسوکارم هەمووی لەوێن، بۆ زانیارییت من ئامادەییم لە ئامادەیی هەولێر تەواوکردووە لە ساڵی (١٩٦٤ بۆ ١٩٦٦)، لەوانەی لەگەڵم خوێندکار بوون د. هادی، چەتۆ دزەیی.. هتد.

بەینی لەگەڵ تەکییە

**- یاشێخ بەینت لەگەڵ تەکیە چۆنە؟**

• زۆر بەینم خۆشە لەگەڵ تەکییە، باش بوو باستکرد، من نەختێک شارەزام لە مەقام و هەردەم دەڵێن بایز مەقام دەزانێت، من لە تەکیەی تاڵەبانی فێری مەقام بووم،

تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکوک هەموو رۆژێکی سێشەممە و هەینی مەقامی تیا دەوترێت. جگەلە تەریقەت، مەقامی غەزەل و شیعری تێدا دەوترێتەوە، لە تەکییەی تاڵەبانیدا فەقێکان یەکێک لە دەرسەکانیان فێربوونی مەقامە، یەکێک لە مامۆستا زیرەکەکان مامۆستا میقدادە کە مەشهورترین شارەزای مەقامە لە کەرکوک، دەتوانن لە ناسری ڕەزازی بپرسن لەگەڵ خۆم چوینە کەرکوک و تا ئێوارە لەوێ ماینەوە دوو کاسێتم لەوێ پڕکردۆتەوە کاک ناسر و ئەوانیدیکە لە ژووری ئیمام و خەتیبی تەکییەی تاڵەبانیی مەقامیان ووتوە و تۆمارکراوە و بڵاونەکراوەتەوە.

# بەشی سێیەم
# پاشکۆی وێنەکان




بایز تاڵەبانی لەکاتی گفتوگۆ و ڕاپی کردنی کارەکاندا



بایز تاڵەبانی لە دەزگای چاودێری دارایی



بایز تاڵەبانی  لە پەرلەمانی کوردستان



دکتۆر بەرهەم ساڵح و شێخ بایز تاڵەبانی



پەرلەمانی کوردستان



شێخ بایز تاڵەبانی و هونەرمەند ئیبراهیم تاتڵیساس



شێخ بایز تاڵەبانی



بەڕێز نەوشیروان مستەفا و شێخ بایز تاڵەبانی



بەڕێزان مەسعود بارزانی، نەوشیروان مستەفا، کۆسرەت ڕەسوڵ، شێخ بایز



وێنەیەکی یادگاری لەگەڵ کاک عومەر فەتاح



وێنەیەکی یادگاری لەگەڵ چەند کەسایەتییەک



فەرەیدون عەبدولقادر و شێخ بایز



بەڕێز عومەر فەتاح و شێخ بایز لە وڵاتی ئەڵمانیا



شێخ بایز، دکتۆر مەحمود عوسمان



وێنەیەکی یادگاری لەگەڵ چەند کەسایەتییەک



بەڕێزان عومەر فەتاح، عیماد ئەحمەد، شێخ بایز



شێخ بایز لە بارەگای دەزگای چاودێری دارایی



وێنەیەکی یادگاری لەگەڵ چەند کەسایەتییەک



بەڕێزان دکتۆر بەرهەم ساڵح، مام جەلال، شێخ بایز



بەڕێزان محەمەد کەریم، شێخ بایز، حاکم قادر



شێخ بایز لە کۆنگرەی دووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان



وێنەیەکی یادگاری لەگەڵ چەند کەسایەتییەک



شێخ بایز تاڵەبانی و بەڕێز دارۆی شێخ نوری



وێنەیەکی یادگاری لەگەڵ چەند کەسایەتییەک



ئەندامانی دەزگای چاودێری دارایی



بەڕێز قوباد تاڵەبانی، خاتوو نەسرین خێزانی شێخ بایز، شێخ بایز تاڵەبانی



بەڕێز کاک قوباد لە کۆبونەوەی وەزارەتی دارایی



وێنەیەکی یادگاری لەگەڵ چەند کەسایەتییەک



وێنەیەکی یادگاری لەگەڵ چەند کەسایەتییەک




وێنەیەکی یادگاری لەگەڵ چەند کەسایەتییەک




سەردەمی پێشمەرگایەتی شۆڕشی ئەیلول



شێخ بایز و مۆزەخانەکەی



شێخ بایز و مۆزەخانەکەی



شێخ بایز و مۆزەخانەکەی




بەڕێزان عبداللە احمد، شێخ جەعفەر، شێخ بایز، رزگار عەلی.
مانگی ٨ ی ١٩٨١




شێخ بایز، ١٩٧٢ بارەگای لاوانی کەرکوک




وێنەیەک لە رەگەزنامەی شێخ بایز



فێستیڤاڵی لاوان لە بەرلین ١٩٧٣



ڕۆژی کردنەوەی فێستیڤاڵی لاوان لە بەرلین ١٩٧٣



ئامادەیی هەولێری کوڕان




میهرەجانی لاوان لە بەرلین ۱۹۷۳



وێنەیەکی یادگاری



وێنەیەکی یادگاری



سه‌ردانی شێخ بایز بۆ سه‌ر مه‌زاری مام جه‌لال



شێخ بایز له‌كاتی كاری فه‌رمی و سه‌ردانیكردندا



شێخ بایز تاڵەبانی




لەراستەوە: بەڕێزان ستران عەبدوڵا، دکتۆر بەرهەم سالّح، شێخ بایز



ئەندامانی دەزگای چاودێری دارایی لەگەڵ شێخ بایز



ئامادەبوونی شێخ بایز لە کۆبوونەوەی فەرمی حکومەت




کردنەوەی یانەی وەرزشی کەرکوک



کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران



کۆبونەوەی بەڕێز دکتۆر بەرهەم ساڵح و وەزیرەکان/ ئیدارەی سلێمانی



پێشوازی کردن لە وەفد و کەسایەتییە بیانییەکان




سەردانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم  بۆ وەزارەتی دارایی



سوێندخواردنی شێخ بایز بۆ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی



سەردانی دەزگای چاودێری دارایی بۆ مەزاری مام



بەڕێوەبەرێتی گشتی بانکی هەرێم/ هەولێر



شێخ فائز، شێخ بایز و دکتۆر بەرهەم سالح




سوێندخواردنی شێخ بایز دیوانی چاودێری دارایی